# لاوان



پرسی کورد لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و.........

لە وتووێژ لەگەڵ کەماڵ کەریمی ئیقباڵ سەفەری و حەسەن حاتەمی


48-49

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

پاییزو زستانی ٢٧١٢ی کوردی (١٣٩١)

دەوری دووهەم،ساڵی دوازدەهەم


## فایلی ژمارە: کوردو گۆڕانکارییەکانی ناوچە




سالّی نویّو جیّژنی
نەورۆز لە هەموو
گەلانی جیهان بە
گشتیو گەلی کورد
بە تایبەتی پیرۆز
بیّ. بەو هیوایە کە
نەورۆزی ئەم سالّ
ببیّتە سەربەخۆییو
بەهاری کوردی
ئەو یاسایە پەستم دەکا ،
دەسەڵاتم لیّ دەستیّنیّ !
بیّزارم لەو بەسەرهاتەی ،
باڵی فڕینم دەشکیّنیّ !
تووڕەم لەهەر دەسەڵاتیّ ،
کوردوستانم دەشیّویّنیّ !
ک.د.ئازاد

٤٨-٤٩
دەوری دووهەم، ساڵی دوازدەهەم

**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

ڕەشەمەی ٢٧١٢ی کوردی
مارسی ٢٠١٣ی زایینی



٣-٣٥
کوردو گۆڕانکاریەکانی ناوچە



٣٦
لە بەرەبەری یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا




٥١
خوێندنو نووسین بە زمانی زگماکی مافی بێ ئەملاولای هەر مرۆڤێکە!




توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێراندا
٤٦




٣٩
هەڵبژاردنەکانی ئیتالیا و کارتێکەریی لەسەر قەیرانی سیاسیو ئابووریی لەو وڵاتەدا

**سەرنووسەر:**
سەید جەلال ساڵحی
*jalalsalehi@yahoo.com*

**بەرگ:**
ئەیووب شەهابیڕاد

**تایپ:**
سیامەند شێخەپوور

**دەستەی نووسەران:**
علی بوداغی
کاوە ڕۆژهەڵاتی
مەنسوور سەممار
عەباس حەق بین
ئارش لۆڕستانی

**دیزاینی ناوەوە:**
شێرکۆ سادقپوور

**بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن:**
www.lawan.com/farsi
www.lawan.com

# شنە بای ئازادی

بە درێژایی مێژوو، هەرکات مرۆڤەکان بەهۆی نەبوونی یەکسانیو دادپـەروەری لەنێو کۆمەڵگادا هەستیان بە زوڵموزۆرو چەوسانەوەی حاکمانی دەسەڵاتدارو زاڵم کردبێ، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناویان بردوون. لە دوو سێ ساڵی رابـردووشدا رەوتێکی دیمۆکراسیخوازی باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی ناویندا کێشاو تەختو بەختی زۆرێک لە دەسەڵاتدارە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکانی ناوچەی وەپێش خۆیداو لەسەر گۆی زەوی سڕینەوە. ئەم رەوتە لە خەبات کە بە خەباتی مەدەنیو جەماوەری بەناوبانگەو بۆ رووخانو لاوازکردنو نەمانی دیکتاتۆرەکانە، بەستراوەیە بە یەکیەتیو یەکگرتوویيو یەکریزی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا. هەروەک دەبینین خەباتی جەماوەری وەک لافاو وایە کە هات هیچی بەرگە ناگرێو هەموو شتێک لەگەڵ خۆی رادەماڵێ. یان بە واتایەکیتر داخوازیو داواکاری شۆڕشگێڕانو خەباتکاران لە بزووتنەوە جەماوەریەکاندا وەدیهاتنی بنەماکانی دیمۆکراسییە کە یەکسانیو دادپەروەری لە کۆڵەکەو بنەما سەرەکییەکانی دیمۆکراسیین. هەرچەند ئەم شنە بای ئازادییەی لە رۆژهەڵاتی ناڤین هەڵی کردوەو تا بە ئاکام گەیشتنی بە خێرایی رێی خۆی دەپێوێو بەرەوپێشەوە دەڕوا، بەڵام بەداخەوە ئەو شێوە ئارامیو هێورییەی کە دەبێ پاش شۆڕش بگەڕێتەوە نێو وڵات، ئێستاشی لەگەڵ بێ لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە ویستی جەماوەرو خەڵکەکەیەتی، نەگەڕاوەتەوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار، یان قازانجو بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان لەو نائارامیو ئاڵۆزییە دایە یان ئەوەتا پاشماوەی دیکتاتۆرەکان لەنێو وڵاتدا ماونو بەر بە هێوربوونەوەی وڵات دەگرن.

بەهەرحاڵ ئەوەی پێویستەو دەبێ زیاتر ئاوڕی لێ وەدەین، پرسی کوردە! کوردیش بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی ئەو شوێنەی لێی نیشتەجێیە کەوتۆتە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە. بە خۆشییەوە یەک لەوان کە کوردی تێدایەو ئازاد کراوە، وڵاتی ئێراقە. پاش رزگاربوونی ئێراق لە چنگ رێژیمی بەعس، تەنیا بەشی کوردستانەکەیەتی کە لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق ئارامو هێورترەو مەکۆی پشتو پەنایە بۆ پارچەکانیتریش. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر گەشەکردنو بەرەوپێشەوەچوونی یەکگرتوويیو یەکریزی کورد لەم بەشە لە کوردستاندا.

رەوتی ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سووریەشی خستە بازنەی رووداوەکانی خۆیەوەو خەڵک بە شێوەی مەدەنی بۆ داخوازە رەواکانیان هاتنە سەر شەقامەکان، بەڵام دیکتاتۆڕانی پاشماوەی بەعسی سووری وا زیاتر لە دوو ساڵە دەستیان لە هیچ جۆرە جینایەتێک نەپاراستووەو زیاتر لە سەد هەزار کەسیان قەتڵو عامو بە میلیۆنان کەسیشیان ئاوارەو دەربەدەرو پەڕیوەی هەندەرانو وڵاتانی دراوسێ کردوە، ئەوەش بەداخەوە بە پشتیوانی وڵاتە زلهێزەکانی وەک رووسیەو چینو بە تایبەتی ئێران کە قازانجو بەرژەوەندییان لەوە دایە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەروا درێژە بە کوشتو کوشتاری خەڵکی بێ گوناح دەدا، رۆژ نیە لە زۆربەی شارەکاندا بە سەدان کەس لە ژنو منداڵی بێ گوناحڕا بگرە تا بە قەولی خۆیان نەیارەکانی نەکوژێ. کوردەکانی رۆژئاواش کە یەکێک لە پێکهاتە نەتەوەییە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە پێک دێننو، ساڵانێکی دوورودرێژە لە سەرەتاییترین مافی هەر ئینسانێک کە قسە کردن بە زمانی زگماکی خۆیەتی لێی بێبەشنو، تەنانەت پێناسەشیان نیە، وێڕای خەڵکەکەی دیکە داخوازی مافە رەواکانیانن. بە هیوای هەرچی زووتر رزگاربوونو بە ئاواتو ئامانج گەیشتنی کوردیش لەو پارچەیەی کوردستان.

رەوتی رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو جیهان بە گشتی ئەوەمان پێ دەڵێن کە رزگاری نەتەوە بن دەستو زوڵم لێکراوەکان نزیکەو هەموو بە مافو ئازادییەکانیان دەگەن. هەر ئەوەی کە ئێستا لە تورکیە دەیبینین کە دەوڵەت راستەوخۆ لەگەڵ کوردەکان دادەنیشێو نوێنەری خۆی بۆ لای رێبەرانی ”پ.ک.ک“ دەنێرێو دیل دەگۆڕنەوە، جێگای دڵ خۆشییە. هەرچەند کورد لەسەر مێزی وتووێژ باجی زۆری داوەو نەیارەکانی هەمیشە لە بۆسە دان بۆی، بەڵام نە ئەم سەدەیەی کە تێی داین کە بە عەسری میدیا و کۆمپیوتێر ناسراوە، وەک سەدەکانی پێشوو وایە و نە کۆمەڵگای جیهانیش ئەوە دەخوازێ، هەربۆیە بۆ ئەوە دەبێ مرۆڤ دڵی پێی خۆش بێو چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەش بکا.

لەو کۆمەڵگایانەی وەک ئێران کە سەرکوتو زەبرو زەنگو داپڵۆسینو نەبوونی یەکسانیو دادپەروەری زۆرە، زۆر سروشتییە کە رەوتی خەباتی جەماوەریش هێدیتر بچێتە پێش. دەنا ئەگەر تۆزێک بۆ دوور بگەڕێینەوە هەمیشە ئەو جۆرە خەباتە لە ئێرانەوە سەری هەڵداوەو پاشان گوازراوەتەوە بۆ دەوروبەر. بەو هیوایەی گەلانی ئێران نەورۆزی ئەم ساڵ بە مانای وشە بیکەنە جێژنو شادی، بە تایبەت کە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە پێشە، خەڵک وەک هەڵبژاردنی ساڵی 1388 بێنەوە شەقامو ساڵی نوێ بکەنە دەستپێکی خەباتێکی جەماوەری سەرتاسەری وەک شۆڕشی 1357یهەتاوی ساڵی 1392 بکەنە ساڵی لەنێوچوونی دەسەڵاتی ئاخوندەکان بەسەر گەلانی ئێراندا.

**سەرنووسەر**

**فایلی ژمارە**

# کـــوردو گـۆڕانـکـاریـەکـانـی نـاوچـە








# تەنیا ڕێگای سەرکەوتنی کوردان لە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوونیان بە ستاتۆیەکی مایندەیە!

ئا: کاوە ڕۆژهەڵات

لە دەستپێکی سەدەی بیستەمەوە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، پرسی کورد یەکێک لە سەرەکی‌ترین پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە تا هەنووکەش لە هەر چوار وڵاتی ئێران، ئێراق، تورکیە و سووریەدا بەردەوامە. بوونی ئەو پرسە ڕێگای لە بەردەم کۆمەڵێک قەیران‌و کارەساتی دڵتەزێن لە مێژووی گەلانی ئەم هەرێمەدا کردۆتەوەو لە ئەنجامدا سەرەڕای ژینۆسایدی فیزیکی ڕۆژانە هەڵمەتێکی بەرفراوانی سیاسی بۆ ژینۆسایدی فەرهەنگی‌و سیاسی کوردەکان بەڕێوە دەچێ. ئەم سیاسەتە نادیمۆکراتیکە بە گشتی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەرکەی لە بەردەم لەنێوچوونی دەرفەتی ئاشتی، ژیانی هاوبەش‌و برایانەی گەلانی ئەم هەرێمە کردۆتەوە.

سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاواو وڵاتانی هەرێمی، ئەوە بووە کە کورد لە دەرەوەی نەزمی جیهانی بهێڵنەوەو بەهیچ شێوەیەک دەرفەتی سازبوونی ستاتۆیەکی سیاسی- حقووقی پێ نەدرێ‌و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، پێش بە هاتنە ئاراوەی بواری بەشداری سیاسیی کورد لە هاوسەنگی‌یەکانی هەرێمی‌و نەزمی جیهانی دەگیردرێ‌و دەویسترێ کە ئەم سیاسەتە لە سەدەی بیست‌و یەکەمدا هەر ڕەچاو بکرێ.

ئەمڕۆ دەرکەوتووە کە سەرەڕای هەموو سیاسەتە چەوسێنەرەوەکان، کوردەکان توانیویانە بوونی خۆیان بپارێزن‌و وەک یەکێک لە هێزە سەرەکی‌یەکانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربکەون کە هێزو تواناو پۆتانسیەلی دیمۆکراتیزەکردنی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هەیە. بە درێژایی سەدەی بیستەم‌و ئەو تێکۆشانەی کە هەنووکە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست‌و یەکەمدا لە ئارا دایە، کوردەکان ئەوەیان نیشان داوە کە خوازیاری گۆڕانکاری دیمۆکراتیک لە هەرێمەکەن‌و ڕۆژانە لەگەڵ ئەم داخوازی‌یەش تێکۆشانێکی بەرفراوانی سیاسی لەشکری بەڕێوە دەبەن‌و لە پێناویشیدا قوربانی دەدەن.

لێرەدا پێویستە سەرەتا بە تایبەت باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئێران بکەین.

پرسی کورد ئەمڕۆ یەکێک لە سەرەکی‌ترین پرسەکانی ئێران چ لە ئاستی نێوخۆیی‌و چ لە ئاستی دەرەکی دایە. شان بە شانی ئەو ڕاستی‌یە، ناڕەزایەتی بەرفرەوانی کوردەکان لە بوارەکانی ئایینی، کولتووری، سیاسی‌و ئابووری‌دا، کۆمەڵگای کوردی وەک پۆتانسیەلێکی دژبەری بەهێز لێ‌کردوە. سەرەتا بەشێک لە ناڕەزایەتیەکان بۆ بوونی چەوساندنەوەی نەتەوەیی کوردەکان دەگەڕێتەوە کە ناسنامەی فارس‌بوونی بەسەردا دەسەپێندرێ‌و هیچ دەرەتانێک بۆ ژیان بە ناسنامەی نەتەوەیی نیە. بەشێکی‌تر لە ناڕەزایەتی کوردەکان بۆ چەوساندنەوەی ئایینی‌یەکەیان دەگەڕێتەوە، چونکە بەشێکی زۆریان سوننین‌و مافە ئایینی‌یەکانیان لە لایەن دەوڵەتی شیعە مەزهەبەوە لێ‌زەوت کراوەو ئەمە بۆتە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکی‌یەکانی هەڵاواردنی کوردەکان. بەشێکی‌تر لە کوردەکان سەر بە ئایینی یارسانن‌و دەوڵەت هیچ تۆلێرانسێکی

له بەرامبەر بوونی ئەم ئایینە لەنێو کوردەکاندا لە خۆی نیشان نادا. بەشێکیتر لە کوردەکان لە ئێراندا سەربە ئایینزای شیعەنە. بەڵام شیعەیەک کە لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ شیعەی دەوڵەتی لە ناکۆکی دایەو دەوڵەت زیاترین هێزو وزەو چەوساندنەوەی لە دژی کوردانی سەر بە ئایینزای شیعە پێش خستووە. لە ئاستێکدا کە زیاترین ڕێژەی بێکاری، خۆکوشتنو خۆسووتاندن لەو هەرێمانە لە ئارا دایە کە کوردانی سەر بە ئایینزای شیعە تێیدا دەژین. هاوکات زۆرترین ڕێژەی گەنجانی کورد لە شۆڕشی نوێی کوردان لە ئێران کە پەژاک پێشەنگایەتی دەکا لە گەنجانی ئەو هەرێمانەن. بەڵام ئەم ڕاستییە هەتا ئێستاکە نەبینراوەو چاوپۆشی لێکراوە کە لە دەرئەنجامدا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی هەڵگەڕاوەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەو نایەکسانییانە هێشتا کوردەکان لە ئێراندا مافی پەروەردە بە زمانی زگماکیان نیەو سەرەڕای ئەوەی کە لە یاسای بنەڕەتیدا یاسایەکی لەم چەشنە هەیە، بەڵام کاری پێناکرێو ئەم مافە لە کوردەکان زەوت کراوە.

ئەمڕۆکە دەگەڵ ڕەوتی بەهاری گەلان کە لە توونسەوە دەستی پێکردوەو تا سووریە گەیشتووە دەرفەتێکی نوێ بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دیمۆکراتیکی هەرێمەکە ڕەخساندوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە دوو خاڵ کە تەواوکەری یەکترنو لە ئەنجامدا گەورەترین ئاستەنگی لە بەردەم گۆڕانکاری دیمۆکراتیکی هەرێمەکە ساز دەکەن، لە ئارا دانە.

خاڵی یەکەم ئەوە کە بە درێژایی دوو ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە کە هیچ جۆرە هەوڵدانێک بۆ چارەسەری بنەڕەتی

**پرسی کورد ئەمڕۆ یەکێک لە سەرەکیترین پرسەکانی ئێران چ لە ئاستی نێوخۆییو چ لە ئاستی دەرەکی دایە. شان بە شانی ئەو ڕاستییە، نارەزایەتی بەرفرەوانی کوردەکان لە بوارەکانی ئایینی، کولتووری، سیاسیو ئابووریدا، کۆمەڵگای کوردی وەک پۆتانسیەلێکی دژبەری بەهێز لێکردوە**

کێشەکان نابیندرێو پرۆسەی گۆڕانی سیاسی- حقووقی لە هەموو وڵاتەکان بە نیوەچڵی بەڕێوە دەبرێ. واتە لێگەڕێنی چارەسەری بنەڕەتی لە ئارادا نیە. گۆڕانکارییەکان زۆر جارو لە زۆر شوێن بە ڕەواڵەتی دەمێننەوە.

خاڵی دووهەم، بۆ خۆی دوو خاڵ لەخۆ دەگرێ. یەکەم کە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە دەرکەوتووە کە کوردەکان تەنیا بۆ شەڕ لە دژی هێزە ستاتیکۆپارێزەکانی هەرێمی بەکار بێنن بەبێ ئەوەی کە بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەری پرسی کورد هەبێ. تەنانەت هیچ ئەوەی کە بەرنامەیەک بۆ ئەمە لە ئارادا نیە، بەڵکوو لە هەوڵی ئەوەش دان کە کەشو هەوایەکی شێلوێو ناڕوون لە مژاری پرسی کورددا بێننە ئاراوە یان خود ئەوە بێدەنگییەکی لەسەر پرسی کوردو مافەکانی لە ئارا دایە. ئەمانە هەموو کاریگەری لەسەر تەنانەت هەڵوێستی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش کردوە کە لە ئاکامدا ئەوانیش ئامادە نابن لەسەر پرسی کوردو مافی ئەم گەلە بەرنامە یان هەڵوێستێکی دیمۆکراتیک بخەنەگەڕ. لە ئەنجامدا بواری لێک نزیک بوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنو یەکێتیو یەک ڕیزیی لاواز بووە.

لایەنی دووهەم کە هێزەکانی ستاتیکۆپارێزی هەرێمەکەن دەیان هەوێ کوردەکان بەکار بێنن بۆ ئەوەی کە تۆزێک تەمەنیان درێژ بکەنەوە بەبێ ئەوەی ئامادە بن کە دان بە مافە نەتەوەیی- دیمۆکراتیکەکانی گەلی کورددا بنێنو لەو چوارچێوەیەدا هەنگاوێک هەڵبهێننەوە. بەڵام هەڵوێستی کوردەکان لە سووریەدا ئەوەی سەلماند کە شۆڕش ئەگەر هەبێو بنەڕەتی نەبێو ڕەخنە لە هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگا نەکاو ئاسۆیەکی هاوبەشی ئازاد بۆ هەموو کۆمەڵگا نەهێنێ، ئەوە ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێو تەنیا پەرە بە ئاڵۆزیو مانەوەی قەیرانەکان دەدا.

ئەمڕۆکە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی تابلۆیەکمان لە بەرچاوە کە بە پێی نرخاندنی ئەم تابلۆیە رووخساری هاوکێشەکانو شێوازی هەڵسوکەوتی لایەنە هەرێمیو دەرەکییەکانمان زۆر بەڕوونی بۆ دەردەکەوێ. دوای رووخانی هەندێک لە خانەدانە دەسەڵاتدارەکان لە وڵاتانی توونس، میسر، لیبیو دەست پێکردنی شەڕو پێکدادان لە برێک وڵاتیتر، هەنووکە ئاڵۆزییەکانو قەیرانە ناوخۆییەکان لە ڕابردوودا بە دەیان قات زیاتر بۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئاڵوگۆڕ لەو حکوومەتانەدا کرا، ئەوانەی کە وا ئێستاکە لەسەر کاریشن نەیان توانیوە وەڵامدەرەوەی ویستو داخوازییەکانی گەل بن. واتە

**گەلی کورد بە هەست پێکردن بە هەڵەکانی خۆی لە قۆناغەکانی رابردوودا هەنووکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پێناو سەقامگیرکردنی مافو ئازادییەکانی خۆی تێدەکۆشێو بە پێی رەوشی ئۆبژێکتیڤ و بابەتییانە سیاسەت بەڕێوە دەباو ئەنجام وەردەگرێ.**

لە دەرەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕانە شۆڕشی چاوەڕوان کراو پێک نەهاتووە. بۆیە پێناسەی شۆڕش بۆ ئەم ئاڵوگۆڕانە ناتوانین بەکار بهێنین. تەنانەت بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕیفۆرمیش چەندە لەجێ دایە، ئەویش دیار نییە. بێگومان لە هەموو ئەو وڵاتانەی کەوا دەسەڵاتەکەی گۆڕدرا، دەستێوەردانی دەرەکی رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. ئینکاری ئەم بابەتە ناکرێ کە لە هەمووی ئەو وڵاتانە نارەزایەتی گەلان لە بەرامبەر دەسەڵاتەکان لە ئاستی لوتکە دایە. بەڵام خاڵی گرینگو واتە پرسیاری گرینگیش ئەوەیە کە ئایا دەستێوەردانە دەرەکییەکان ئیزنی ئەوەیان دا کە سەرهەڵدانی گەلان بە رەوتی سروشتی خۆیدا تێپەڕ بێو بەرەو شۆڕشێکی بنەڕەتی بڕوات یا نا؟ تەنانەت دەستێوەردانی دەرەکییش هەنووکە سیاسەتێکی زۆر جیاوازتر لە جاران لەم وڵاتانەداو بە گشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیڕەو دەکات. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانیان لە ئێراق سیاسەتێکی نوێیان لە ئاستی هەرێمدا پەیڕەو کرد. ئەمجارەیان ئەم لایەنە بەجێی ئەوەی کە بۆخۆی راستەوخۆ رووبەڕووی لایەنەکانی هەرێم بێتەوە، زەمینەی ناکۆکییەکانی ئامادە کردو هەنووکە لە دوورەوە بەدواداچوونی ململانێیەتی نێوان هێزەکانی هەرێم دەکاو چەندەی ناکۆکییەکان لە هەرێمەکەدا قووڵتر بێتەوە، ئەوەندە زەمینە بۆ بەجێیی کردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی لە هەرێمەکەدا دەڕەخسێنێت. لە رەوشی ئەمڕۆکەی سووریادا زۆر بە ئاشکرا بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی لەم چەشنە دەبینرێ. هاوکات لە رەوشی ئەمڕۆکەی سووریاشدا زۆر بە ئاشکرا لایەنەکانی تورکیا و پشتیوانەکانیو هاوکات ئێران، رووسیا و چینن کە چارەنوسی ئەم وڵاتە دیاری دەکەن. لە لێدوانەکانی دەوڵەتانی تورکیا و ئێراندا راشکاوانە باس لەوە دەکرێ کە ئەم شەڕە هی ئەوانە و تەنانەت چارەنووسی خۆیان لە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەم شەڕەدا دەبینن. لەم ناوەدا خەڵکانێکی یەکجار زۆر قەتڵوعام دەکرێنو رووبەڕووی ئاوارەییو ئێشو ئازارەکانی شەڕ دەبنەوە. ئەو موخالەفەتەی کە لە لایەن تورکیاوە پشتگیری دەدرێت لە رەوتی راستەقینەی خۆی دەرکەوتووەو ئەویشو رژێمەکەی بەرامبەری دەستی بە قەتڵوعام کردوە.

فڕێدانی مرۆڤەکان لەسەر بانی چەند قاتەوەو وەرگرتنی بە دەیان هەزار لیرەی تورکی بۆ سەر بڕینی مرۆڤەکان لە لایەن موخالەفەتی سەر بە تورکیاوە، چۆن دەتوانرێ ناوی موخالەفەتی لێی بکرێ؟! ئایا لە ئەگەری هاتنە سەرکاری ئەم چەشنە موخالەفەتە چارەنووسی کۆمەڵگای سووریا بەرەو کام ئاراستەدا دەچێو ئایا هەمان عەقڵیەتی زاڵی ئێستاکە بە شێوەیەکی خراپتر بەردەوام دەبێ یا نا؟ هێشتا ئەم موخالەفەتە هیچ شتێکی وەدەست نەکەوتووە، ئامادە نییە کە مافی کوردان قەبووڵ بکات، ئیتر داهاتوو چی لێدێت زۆر ئاشکرایە. هەرچەندە ئێستاکە لایەنەکان باس لە چارەسەری کێشەکان بە رێگای دیالۆگ دەکەنو گۆیا زەمینەی رێککەوتنەکان ساز دەکەن، بەڵام بە هۆی ئەو مامەڵە سیاسیانەی کە لە پشت پەردەوە بەرێوە دەچن، سووریا رووبەڕووی داهاتوویەکی نادیار و مەترسیدارە. گەلی کورد لە ئاستی هەرێمیو جیهانیدا هەنووکە خاوەن پێگەیەکی گرینگی سیاسییە. لە دەرەنجامی تێکۆشانی بە دەیان ساڵەی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەمڕۆکە کورد خاوەن قورسایی سیاسی تایبەتە و لە هاوسەنگییە سیاسییەکانی هەرێمدا خاوەن رۆڵێکی بەرچاوەو تەنانەت هاوسەنگی تایبەت بەخۆی ساز کردوە.

لە چوار وڵاتی ئیستراتیژیکی هەرێمەکە گەلی کورد خاوەن تێکۆشانی ئەکتیڤە و پێشەنگایەتی ئازادیخوازیو دیمۆکراسیخوازی دەکات. گەلی کورد بە هەست پێکردن بە هەڵەکانی خۆی لە قۆناغەکانی رابردوودا هەنووکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پێناو سەقامگیرکردنی مافو ئازادییەکانی خۆی تێدەکۆشێو بە پێی رەوشی ئۆبژێکتیڤ و بابەتییانە سیاسەت بەڕێوە دەباو

ئەنجام وەردەگرێ. سەرەڕای ئەوەی کە هەتا ئێستا لایەنە موداخەلەگەرەکانی ڕۆژئاواو هێزە ستاتۆپارێزەکانی هەرێم، هیچکامیان دانیان بە مافو ئازادیو ستاتۆی گەلی کورددا نەناوە، بەڵام گەلی کوردو پێشەنگەکانی توانیویانە کە هاوسەنگی تایبەت بە گەلی کورد ساز بکەن، ئەگەر ئەم دوو هێزە پەسەندیشی نەکەن.

دەوڵەتی ئێران هەتا ئێستاش دانی بە هەبوونی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا نەناوە. لێدوانەکانی کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بە کێشەی کورد لە پارچەکانیتری کوردستان سەرنجراکێشو پۆزێتیڤە، بەڵام لە چوارچێوەی ئێراندا وەها نیشان دەدا کە ئەم کێشەیە بوونی نییە. پێناسەیەک کە دەوڵەت بۆ کێشەی کوردەکانی ئێران دەیکا، لە چوارچێوەی ئاسایشیو ئابووری دایە کە وێڕای ئەوەی کە ڕاست نییە، بەڵام تەنانەت لە چوارچێوەی ئابووریشدا هیچ هەنگاوێک لە ئارادا نییە. لە ڕاگەیاندنەکانی ئێرانو لە لایەن هەندێک لە کاربەدەستانی ئەم دەوڵەتەوە سەبارەت بە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان هەندێک لێدوان دراوە. هەڵبەت دیار نییە کە ئەم هەڵوێستانە تا چ ڕادەیەک بۆچوونی سەرجەم دەوڵەتە یان هی تاکەکەسەکانە. بەڵام باس لەوە دەکرێ کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی سووریادا کوردەکان مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەبێ. بێگومان ئەم فۆرمۆلاسیۆنە بە شێوەی کرداری لە لایەن گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە بەڕێوە دەچێ، بەڵام ئایا چەندە دەوڵەتی ئێران بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فۆرمۆلاسیۆنی هاوشێوە پەسند دەکا، دیار نییە. هەتا ئێستا دەوڵەتی ئێران هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەری نەناوەتەوە. دەبێ ئەم ئەزموونە لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆر بە باشی ببینرێت کە گەلی کورد تەنیا و تەنیا داوای مافە هەرە سروشتییەکانی خۆی دەکاو نییەتی دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ لایەنێکدا نییە. هەمان ئەقلییەت لەنێو گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانو بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە. ئەمە حاشای لێ ناکرێ کە لایەنە دەرەکییەکان ویستی بەکارهێنانی کێشەی کوردییان لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی هەرێم دایە، بەڵام ئەمە ویستی کۆمەڵگای کوردەواری نییە. لە مێژووی تێکۆشانی گەلی کورددا زۆر جار ئەم بابەتە بینراوە کە هەم لایەنە دەرەکییەکانو هەم لایەنە هەرێمییەکان گەلی کوردو پارتە کوردییەکانیان بەکار هێناوەو دواتر خیانەتیان لەم گەلو پارتانە کردوەو گوێ رایەڵ بوونیان کرد بە چارەنووسی گەلی کورد. بۆ جاری یەکەم لە مێژووی ئەم تێکۆشانەدا گەلی کورد بە شێوەیەکی زۆر سەربەخۆو تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی جەوهەری خۆیو بە چەمکی ئایدیۆلۆژیایەکی نوێوە دەستی بە تێکۆشان کردوە. هیچ گومانی تێدا نییە کە گەلی کوردو کوردستان قورساییەکی سیاسی زۆر گرینگە و ئەم وڵاتە وڵاتێکی هەتا دوایی ستراتیژیکییە. دەوڵەتی ئێران بە چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەنیا هیچ شتێک لە دەست نادا، بەڵکوو لە ئاستی هەرێمدا دەتوانێ وەک مۆدێل خاوەن پێگەیەکی مەزن بێت. ئەمڕۆکە ڕەوشی ڕێژیمی تورکیا لە بەرچاوە. لایەنە دەرەکییەکان دەیانویست ڕژێمی دواکەوتووی تورکیا وەک مۆدێل بەسەر هەرێمەکەدا بسەپێنن. بەڵام نزیکایەتی ئەم دەوڵەتە سەبارەت بە کێشەی کوردو ئەو قەتڵوعامو هێرشانەی کە لەسەر گەلی کوردی کرد، ئەم پیلانانە بە تەواوی لێی پووچەڵ بووە. هەموو پیلان و پرۆژە ناوخۆییو دەرەکییەکانی تورکیا پوچەڵ بۆتەوە.

پێشخستنی پرۆسەی دیداری نوێنەرانی بەدەپە لە گەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجالان لەڕاستیدا بێچارەیی دەوڵەتی تورکیای سەلماند. دەوڵەتی تورک بە تەواوی حاکمیەتی خۆی بە نیسبەت سووریا و بە تایبەت ڕۆژئاوای کوردستان لەدەست داوە. هەر چەند زوری حەولدا کە لە سەر بنەمای ڕیفورماسیۆنێک کە هێزە هێژمونیکەکان پێیان بەخشیوە بە نیسبەت سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان تەڤ بگەڕێ ، بەڵام بەرخۆدانی کوردانی ڕۆژئاوا ئەو سیناریۆیەی تورکەکانی پووچەڵ کردەوەو بە ناچار بۆ ئەوەی ڕێگر بێ لە بەردەم پرۆسەی نەتەوایەتی کورد، لە لایەک تیرۆری بەڕێوەبەرانی «پ.ک.ک» پێش خستو لە ڕۆژەڤی کاری دەزگای میتدا دانا. تیرۆری سێ ژنە چالاکوانەکەی پ.ک.ک بە هاوکاری

**پێشخستنی پرۆسەی دیداری نوێنەرانی بەدەپە لە گەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجالان لەڕاستیدا بێچارەیی دەوڵەتی تورکیای سەلماند.**

دەوڵەتی فەڕانسە و ساپۆرتی دەوڵەت نەتەوەکانی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی لەم بوارەدا جێگای سەرنج و رامانەو لە لایەکیش ڕێگای بە دیدارەکانی ئیمرالی دا کردەوە. لە بنەمادا دەوڵەتی تورک یەک بەرپرسایەتی بە نیسبەت ڕۆڵێک کە ئامریکا پێی بەخشیوە لە ناوچەکەدا هەیە. ئەویش سازکردنی هەرێمێکی تامپۆن لە سووریایە. ئەو هەرێمە تامپۆنە کە لە بنەمادا وەک سەنگەری هەرە گرینگ بۆ دەوڵەتی تورک بە ئەژمار دێ بۆ لە نێوبردنی پ.ک.ک. و تەڤگەری یەپەگەیە، بەڵام هەتا ئیستا ئەنجامی وەرنەگرتووە. هوکاری ئەو ئەنجام وەرنەگرتنەش لەبەرچاو نەگرتنی

**بە وەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی دەوڵەتی تورکو ئەرکە سیاسیەکەی کە پەرە پێدانی فندامێتالیزمی نەرمە لە جۆری شوڤینییەکەی‌و پاڕادۆکسێک کە لە نێوان هێزەکانی نێوخوی تورکیادا هەیە. وەک بەرەی نەتەوەپەرستی «جەهەپە» و «مەهەپە» لە بەرانبەر پارتی «دادو گەشە پێدانی» ئەردۆغان ئاسۆی ئاشتییەکی مایەندەو پڕاکتیزەکردنی دیپلۆماسی ئارامی بە تایبەت بە نیسبەت باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان بە هیچ شێوازێک بەدی ناکرێ‌و داهاتووی تورکیا داهاتوویەکی ئاڵۆزو ناسەقامگیر دەبێ.**

هێزی ڕاستەقینەی کوردەکانو لۆژیکی نەتەوە پەرستانەی دەوڵەتی تورکیایە. خوێندنەوەی تورکەکان بۆ باشوور خوێندنەوەیەکی سەقەتە، لەسەر ئەو بنەمایەش سیناریۆی داگیرکردنی ڕۆژئاوای لە سەر دایە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ وەک ئاوانتاژێک لە بەرانبەر پرسی ئیران لەگەڵ ئامریکا و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بە کاری بێنێ. مخابن تورکەکان هیچ ئیرادەیەکی چارەسەری ڕاستەقینەیان لە ناودا بەدیی ناکرێ‌و نزیک بوونەوەیان دوای دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا ئوجالان لە بەرانبەر بە «پ.ک.ک» زور جیاوازترە. هێرشە ئاسمانییەکانیان چڕتر کردۆتەوەو ئۆپراسیۆنە سەربازیەکانی پەرە پێداوە. بەو هیوای کە بتوانن کوردەکان تەسلیم وەربگرنو ئەو بەڵا مێژوییە لەم قۆناغەدا کە دیزاینێکی تازە بە نیسبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارا دایە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بشکێنەووە!!

بە وەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی دەوڵەتی تورکو ئەرکە سیاسیەکەی کە پەرە پێدانی فندامێتالیزمی نەرمە لە جۆری شوڤینییەکەی‌و پاڕادۆکسێک کە لە نێوان هێزەکانی نێوخوی تورکیادا هەیە. وەک بەرەی نەتەوەپەرستی «جەهەپە» و «مەهەپە» لە بەرانبەر پارتی «دادو گەشە پێدانی» ئەردۆغان ئاسۆی ئاشتییەکی مایەندەو پڕاکتیزەکردنی دیپلۆماسی ئارامی بە تایبەت بە نیسبەت باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان بە هیچ شێوازێک بەدی ناکرێ‌و داهاتووی تورکیا داهاتوویەکی ئاڵۆزو ناسەقامگیر دەبێ. لەم نێوەدا ئێران وەک ستاتۆی ئاڵتێرناتیڤ لە ناوچەکەدا خۆی سەیر دەکاو حەول دەدا کە لە ڕۆژئاواو بە تایبەت ئامریکا نزیک بێتەوەو ڕۆڵی نوێی خۆی لە مۆدێرنیتە و هەشت وڵاتە هێژموونیکەکەی جیهان وەربگرێ، چونکە ئێران باش لە ڕاستی کێشەکانی تورکیا گەیشتووەو لەسەر ئەو بنەمایە معامەلە و سیاسەت دەکا بۆ مانەوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی لە ناوچەکەدا.

لە کۆتاییدا ئەوە وەبیر دێنمەوە کە پرسی کورد بەهۆی ئەوەی کە لەسەر چوار وڵاتی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دابەش کراوە یەکێک لە سەرەکی‌و بنەڕەتیترین پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەر بۆیە چارەسەری ئەو پرسە ڕێگا بۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەرێمەکەدا دەکاتەوەو بواری هاتنە ئاراوەی کەش‌و هەوایەکی نوێی سیاسی‌و ئابووری دەخوڵقێت. بەڕای من باشترین فۆرمۆلاسیۆن کۆنفیدڕالیزمی دیمۆکڕاتیکە کە دەتوانێ بەبێ ئەوەی کە دەست لە سنوورەکانی دەستکردی ئیستا وەربدرێ‌و بەبێ ئەوەی کە پێویستی بە دانانی کۆمەڵێک سنووری نوێ هەبێ دەتوانێ چارەسەرییەکی هەمە لایەنە بۆ پرسی کورد پێش بخات. لێرەدا بەکارهێنانی دیسێنتڕالیزم وەک پرەنسیپێکی دیمۆکڕاتیک، شەرتێکی سەرەکییە کە زەمینەی خۆبەیان کردنی سیاسی کوردان دێنێتە ئاراوە. هاوکات دەرگا لە بەردەم ژیانی هاوبەش‌و برایانەی گەلان دەکاتەوەو زەمینەی چارەسەری پرسی گەلانی وەک عەرەب، بەلووچو ئازەریش ساز دەکا. لە کۆتاییدا تەنیا چارەسەری بنەڕەتی دان پێدانان بە ستاتۆیەکی سیاسی ـ حقووقییە کە بتوانێ مافە دیمۆکڕاتیکەکانی کوردان گارانتی بکات.




# کورد
# لە نێو ململانێو کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا



ئەحمەد مەکلاویی

لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەمێژە گەلێک کێشەی سەرەکی هەن کە بە چارەسەرنەکراوی ماونەوەو لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەهێزی جیهانەوە ئاوڕی جیددیان لێ نەدراوەتەوەو نادرێتەوە کە لەو نێوەشدا کورد زۆری زەبر وێ کەوتووەو تووشی زۆر کێشە هاتووەو کەوتۆتە نێو ئاگری کێشەکانو مەسەلە رەواکەی پاش گوێیان خراوە. ئەگەر بە وردی ئاوڕ لە کێشەکانی ناوچەکە بدەینەوە، کێشەکان ئەوەندە زۆرو مێژوویین کە لە وتارێکی ئاوا کورتدا ناکرێ باسی هەموو لایەکو گشت لایەنەکانیان بکرێ، بەڵام ئاماژەواری باسی هێندێکیان دەکەینو پاشان دەچینە سەر کێشەی مەسەلەی کورد.

کێشەی ئیسرائیلو فەلەستین کە ساڵانێکی زۆر لەمێژە بەردەوامەو زۆر کێشەی ئاڵۆزیشی لێ کەوتۆتەوە کە زۆریان زیان بە خەڵکی عەرەبو ...، گەیاند. یەکێک لەو زیانانە ئاوڕ نەدانەوە بوو لە کێشەی کورد، چونکە تا باس لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرا، لە مەسەلەی فەلەستینو ئیسرائیلدا خۆلاسە دەبۆوە. بەهەرحاڵ کە کێشەکەیان تا رادەیەک چارەسەر کرا، ئێستاش بە قسەی ئێران ئەو کێشە هەر ماوەتەوەو ئاگرەکە بە تەواوی دانەمرکاوەو داش نامرکێو بۆ کوژانەوەی یەکجاری ئەم ئاگرە پێویستە حکوومەتی مەلایان لە ئێراندا بڕۆنو نەمێنێ. جگە لەو کێشە کە کێشەی مەسەلەی کوردی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەدواخست، مەسەلەی ئەفغانستان بوو کە چەند ساڵێک ئەو کێشەش ئەو مەسەلەی خەواندو دونیا چاوی بڕیە مەسەلەی ئەلقاعیدەو تاڵەبانو ئەفغانستانو هاوکارەکەیان ئێرانو مەسەلە ئەتۆمی‌یەکەی، بەڵام کە کێشەی کووەیتو عێراق دروست بوو، بەدوای ئەویشدا کێشەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەگەڵ عێراق هاتەگۆڕێو سەرەنجام حیزبی بەعسی عێراقی رووخاو کورد لەم بەشەدا قازانجی کردو خۆی لەنێو دەسەڵاتی عێراقدا دیتەوەو توانی حکوومەتی کوردیش لە کوردستان دامەزرێنێ کە ئەمە بۆ کورد بە گشتی سەرکەوتنێکی گەورە بوو و هەیە و مەسەلەی کوردی لە دونیای دەرەوە زۆر بردە پێش. بەدوای ئەوەدا کە کێشەی وڵاتانی عەرەبی هاتە ئاراوە، لە زۆر شوێن کاردانەوەی باشی هەبوو. بەڵام لە میسر کێشەکە چارەسەر نەکراوەو خەڵک هەروا لە کێشەی

**کە کێشەی کووەیتو عێراق دروست بوو، بەدوای ئەویشدا کێشەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەگەڵ عێراق هاتەگۆڕێو سەرەنجام حیزبی بەعسی عێراقی رووخاو کورد لەم بەشەدا قازانجی کردو خۆی لەنێو دەسەڵاتی عێراقدا دیتەوەو توانی حکوومەتی کوردیش لە کوردستان دامەزرێنێ کە ئەمە بۆ کورد بە گشتی سەرکەوتنێکی گەورە بوو و هەیە و مەسەلەی کوردی لە دونیای دەرەوە زۆر بردە پێش.**



چەند
تاقمیو دەستەیی
دانو وەزعەکە ئارام نیە. ئەمانەش
ناڕاستەوخۆ لەسەر مەسەلەی
کورد کاریگەری خراپیان هەبوو
کە وەک پێویست تا ئێستاشی
لەگەڵدا بێ لەلایەن زلهێزانی
دونیاوە لەبەر کێشەکانی
وڵاتانی عەرەبی بە گشتی ئاوڕ
لە مەسەلەی کورد نادەنەوەو
تەنانەت کۆسپیش دەخەنە
سەر ڕێی نەجات بوونی لە ژێر
دەستی. ئێستا کە کێشەی خەڵکی
سووریەو حکومەتی ئەسەد بە
توندی لە گۆڕێدا هەیەو ڕۆژ نیە
خەڵکی بێتاوان بە دەیانو سەدان
نەبنە قوربانی سیاسەتی چەوتی
ئەسەدو دەستو تاقمەکەی، کەم
تا کورتێک مەسەلەی کوردیش
هاتۆتە ئاراوەو کورد لە ڕۆژئاوا
خۆی دەبینێ، بەڵام ئێرانو تورکیە
بە دوو مەبەست نایان هەوێ
کورد لەم بەشەدا زەق بێتەوەو بە
مافی خۆی بگات.

تورکیا لە خۆی دەترسێ کە
دوای سەرکەوتنی کوردەکان
لە سووریە حەتمەن نۆرەی
کوردستانی وڵاتەکەی ویش دێ
کە شۆڕشەکەیان نێو شارەکانی
وێی
گرتۆتەوەو
دەنگی خۆیان گەیاندۆتە گشت
جیهانو بەلێشاو لە شەقامەکاندا
ئاڵای کوردی بەرز دەکەنەوە. لە
لایەکیتریشەوە ئێران نایەهەوێ
ئەسەد دۆستی نزیکی برووخێو
کورد لەم بەشەدا بە مەسەلەی
ڕەوای خۆی شاد بێ، چونکە
بێگومان ڕووخانی ئەسەد بۆ
ئێران کاریگەری خراپی دەبێو
دوای سووریە نۆبەی ئێرانە
و دەبێ بڕوات کە هەر ئێستا
معادڵەکان دەریان خستووە کە
نۆرەیەتیو کاتی کورتی ماوە.
ئێران ئێستا لە هەر ڕێگایەکی
بۆی بگونجێ هەوڵ دەدا پێش بەم
ڕەوتەی کە ئەمڕۆ لە سووریەدا
هاتۆتە پێش بگرێو نەهێڵێ ئەسەد
لەسەر دەسەڵات دەرچێو هەروا
درێژە بە ئیستبدادی خۆی بدا.

بەڵام مەسەلەی گەمارۆکانو
لە ژێر پێنانی مافی مروڤ
ئێرانی تەزاندووەو ئێران دوایین
ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی تێپەڕ
دەکاو مەسەلەی کورد لە
تورکیاشدا گەیشتۆتە چڵەپۆپەو لە
سووریەشدا
قەت کورد
ئەوەی
بەخۆیەوە
نەدیتووەو لە
باشووری
کوردستانیش ئەوەیە کە دەیبینینو
لە ئێرانیش هەنگاوەکان بۆ
چارەسەری کێشە نێوخۆیییەکان
ڕوویان لە هەڵگرتنە. جا ئێستا بە
گشتی کورد لە نێو ئەو هەموو
ئاڵۆزیانەدا دەبێ بزانێ چۆن
دەجووڵێتەوە. ئێستا کە مەسەلەی
کورد گەیشتۆتە قۆناغێکیترو
کاتی ئەوە هاتووە کە نوخبەکان
بکەونە خۆ، دەبێ دەست بدەنێو
چیتر نەبنە تەماشا چیو بکەونە
خۆو زیاتر مەسەلەی کورد بکەنە
مەسەلەیەکی نێو نەتەوەییو
بەرەو دەسەڵاتێکی یەکگرتوویی
کورد هەنگاو بنێنو چیتر کورد
لەو قاڵبەدا نەهێڵنەوەو بەرەو
سەربەخۆیی هەنگاو بنێ کە
بێگومان سەرکەوتنی بەدوادا
دێو دەچێتە قۆناغی دوڵەتدارێو
ئاڵای لەنێو وڵاتانی زلهێزی
دونیادا دەشەکێتەوەو حیسابی
خۆی بۆ دەکرێو لە ژێر دەستی
خەلاسی دەبێ.

# پرسی کورد لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو پارچەکانی کوردستان

**لە وتوویژ لەگەڵ بەڕێزان کاک کەماڵ کەریمی، کاک ئیقباڵ سەفەریو کاک حەسەن حاتەمی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندیو جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان!**

دیمانە: سەید جەلال ساڵحی



## تورکیەو باکووری کوردستان، ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دیمانە دەگەڵ کاک کەماڵی کەریمیدا

**لاوان:** تورکیە لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەکوو ئەکتەرێکی مێحوەری خۆی دەرخستووە، لە کاتێکدا ئێران بەو هەژموونییەی تورکیە ڕازی نیەو بە پێچەوانەی پلانەکانی تورکیە هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، پێتان وایە ئەم هاوکێشەو ڕکابەریانە لە کۆتاییدا بە قازانجی کام لەم دوو وڵاتە دەشکێتەوە؟

**وەڵام:** کێشەی شاردراوەی ئێرانو تورکیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کێشەی دوو ستراتیژی جیاوازە. ڕاستە هەر دووک لا لە هەوڵی ئەوەدان بە پەرەپێدانی نفووزی خۆیان لە ناوچەداو لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتو خەڵکی ناوچەکەدا هێژموونی خۆیان لەو ناوچەدا بسەپێنن. بۆ ئەم مەبەستەش لە ئامرازەکانی ئابووریو پووڵ، دیپلۆماسیو دەرخستنی توانا چەکداریەکانیان کەڵک وەردەگرن، بەڵام هەرکام بە شێوازی خۆی. کۆماری ئیسلامی ئێران بە دوای دامەزرانیدا زۆر بە پەلە کەوتە بیری پەرەپێدانی سنووری دەسەڵاتداری سیاسی خۆی لە ناوچەدا. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا خوێندنەوەیەکی ڕووکەشیانەیان لە دەسەڵاتداریو پەل هاویشتن بۆسەر وڵاتانی هاوسێو نزیک هەبوو. دەستیان کرد بە خەرج کردنی ئەو پووڵە زۆرو زەوەندەی کە لە فرۆشی نەوت دەستیان دەکەوتو بە سازکردنی گرووپو دەستەی توندئاژۆ لە شوێنی جیاجیا هەولی خۆڵقاندنی پەشێوییو ئاژاوەیان دەدا هەتا جێ پێیەک بۆ خۆیان بکەنەوە. ئەوجار بە چەکدارکردنو وەڕێ خستنی شەڕی تیرۆریستیو چەکداریو لایەنگری لە لایەنێکی مەسەلەکە بەناوی هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکە خۆیان دەخزاندە مەیدانە دیپلۆماسیەکەوەو بەم جۆرە

**کێشەی شاردراوەی ئێرانو تورکیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کێشەی دوو ستراتیژی جیاوازە. ڕاستە هەر دووک لا لە هەوڵی ئەوەدان بە پەرەپێدانی نفووزی خۆیان لە ناوچەداو لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتو خەڵکی ناوچەکەدا هێژموونی خۆیان لەو ناوچەدا بسەپێنن. بۆ ئەم مەبەستەش لە ئامرازەکانی ئابووریو پووڵ، دیپلۆماسیو دەرخستنی توانا چەکدارییەکانیان کەڵک وەردەگرن، بەڵام هەرکام بە شێوازی خۆی.**

لە ناوچەدا بوو بە لایەنێک لە کێشەکانو دەشزانن کە کەڵک وەرگرتن لە ئایینی شیعە کەرەسەیەکی سەرەتایی بوو بۆ گەرم کردنی ئەم کێشانە.

دەوڵەتی تورکیاش کە لە ناوچەدا هەمیشە بەهۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکاو ڕۆژئاوا ئێعتباریکی هەبووە قەت بێ مەیل نەبووە لەم مەیدانەدا خۆ دەربخا. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر حوزووری دیاری تورکیا لەو کێشانەدا بە شێوەی جیددی لەم چەند ساڵەی دواییەو بە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی پارتی دادو گەشەپێدان بەرچاو دەکەوێ. تورکەکان بە پێچەوانەی ئێران کەمتر هەوڵیان داوە کێشە لەو وڵاتانەدا دروست بکەن هەتا بەهۆیەوە دەخاڵەت بکەن، بەڵکوو ئەوان کێشەکانی خەڵکی ناوچەیان قۆستوتەوەو بەوەخت پشتگیرییان کردوونو لەم ڕێگەوە بوونەتە کاراکتێرێکی گرینگ لە کێشەکانی ناوچەدا.

جیاوازییەکانی ئێرانو تورکیا ئەگەر تەنیا لە سێ خاڵ بخەینە بەرچاو بە حاسانی وەڵامی پرسیارەکەمان دەست دەکەوێ.

یەکەم: باری ئابووری: ئەگەر سووریاو لوبنانو فەلەستینو ئەو وڵاتە عەرەبییانەی کە لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا شۆڕشیان تێدا بەرپا بوو، باس بکەین، بە حاسانی دەبینین کە ئێران زۆتر پووڵی خەرج کردوە لە ڕێگەی یارمەتی بێبەرامبەر، فرۆشتنی نەوتی هەرزانو تەنانەت ناردنی نەوتی خۆڕایی بۆ سووریا. ئەگەر ئێستا سەیر بکەین دەبینین کەمترین گەڕانەوەی سوودی ئابووری بۆ ئێران لەو ناوچانەدا نەبووە.

لە بەرامبەردا تورکیە وەک ئێران بە میلیارد دۆلار پووڵی خۆڕایی خەرج نەکردوە، بەڵام زۆربەی ئەو شوێنانە بوونەتە بازاڕێکی ئابووری گەورە بۆ کالاکانی تورکیا.

دووهەم: باری چەکداری: لە حاڵێکدا ئێران زیاتر لە سی ساڵە بە چەکدارکردنی گرووپی جۆراوجۆرو دابین کردنی چەکی جۆراوجۆر بۆ ئەو گرووپانەو تەرخان کردنی بووجەیەکی نادیار بۆ یارمەتی سەربازی بە هاوپەیمانەکانیو تەنانەت بە کوشتدانی ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندەو پاسدارەکانی لەو ناوچانەدا هەوڵی داوە جێ پێی خۆی قایم بکا. تورکیا بە پشتیوانی ڕاستەوخۆ هەر لەو خەڵکەو بە هەزینەیەکی زۆر کەم وەک هێزێکی ئامادەو ڕێگە پێدراو چاو لێکراوە بۆ یارمەتیدان بە چارەسەری کێشەکان.

سێهەم: لە بواری دیپلۆماسیدا: ئێستا بە ئاشکرا دەبیندرێ کە بوونی ئێران لەو شوێنانەدا بە گومانەوە چاو لێدەکرێو لەڕاستیدا بێ ئێعتباری دیپلۆماسی ئێران لەو ناوچانەدا دەردەخا. لە بەرامبەردا تورکیا بە خۆ دەرخستنی کارا لەو وڵاتانەدا بووەتە فاکتەرێکی گرینگی دیپلۆماسی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانو بە پشتگیری لە بزووتنەوەکانی

خەڵک ئیعتبارێکی بۆ خۆی بەدەست هێناوە.

**لاوان:** ئایا تورکیە بەبێ چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی خۆیدا دەتوانێ ببێتە مۆدێلی حوکمڕانی بۆ باقی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوینو بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کوردستان بەسەریاندا دابەش بووە؟

**وەڵام:** لە سێ ساڵی رابردوودا کورد سەرچاوەی بنەڕەتی بووە بۆ کێشە سیاسیو ئابووریەکانی تورکیا بە تایبەت لەنێو وڵاتی خۆیدا، تەنیا لەم چەند ساڵەی دواییدا هەرچەند شەڕو بەندکردنەکان وەک خۆی ماوە، سیاسەتی دەوڵەت شوێنی لەسەر سیمای سیاسیی تورکیا داناوە. ئەگەر تورکیا بتوانێ درێژە بە رەوتی چارەسەری کێشەی کورد بدا، بێگومان ئەوەندە قازانج دەبا کە بتوانێ خۆی وەک مودێلێکی نوێ لەنێو دەسەڵاتداری کلاسیکی لە ناوچەدا دەربخا.

**لاوان:** ئایا هەنگاونانی دەوڵەتی تورکیە بۆ چارەسەری پرسی کوردو وتوویژ لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان تەنیا مانۆڕێکی تەبلیغاتی کاتیە یان سەرەتای پلانێکی درێژخایەنە بۆ چارەسەری ئەو پرسە؟

**وەڵام:** ئەوەی لە تورکیا دەبیندرێو ئەو هەوڵانەی عەبدوڵلا ئۆجەلان بە قۆستنەوەی هەلەکان ڕووبەڕووی دەوڵەتی تورکیای کردۆتەوە دەتوانن یارمەتیدەرێکی باش بن بۆ دەسەڵاتدارانی ئیستای تورکیا کە لە زۆر بارەوە گۆڕانیان بەسەر تورکیادا هێناوە کە ئەم کارانە وەک سیاسەتێکی درێژخایەن چاو لێبکەنو بە دوایدا بڕۆن. کوردیش لە تورکیا گەیشتوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەباتو ئێستا ئیتر شارەکان ناوەندی فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتن نەک تەنیا چەکو شاخ، ئەمەش دەکرێ فاکتەرێکی بەهێز بێ بۆ ئەوە هەم پاڵپشتی هەوڵە ئاشتیخوازانەکان بێو هەم مەترسیەک بێ بۆ سەر دەوڵەت لە ئەگەری پاشگەزبوونەوەی لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەکە.

**لاوان:** وەک دەبینن رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە یان بە واتایەکیتر دەتوانین بڵێین بەهاری عەرەبی رووی تێکردوە، بە پێی ئەو هەموو قەیرانانەی کە روویان لە وڵاتەکەی ئێمەش واتە ئێران کردوە، داهاتووی ئێرانو بە تایبەتی کورد لەو پارچەیەی کوردستان چۆن دەبینی؟

**وەڵام:** ئەگەر باس لەو گۆڕانکاریانەی دوو سێ ساڵی رابردوودا بکەین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوە کە بە جۆرێک بمان هەوێ لە پێوەندی لەگەڵ رووداوەکانی ئێراندا هەڵی

**ئەو هەوڵانەی عەبدوڵلا ئۆجەلان بە قۆستنەوەی هەلەکان ڕووبەڕووی دەوڵەتی تورکیای کردۆتەوە دەتوانن یارمەتیدەرێکی باش بن بۆ دەسەڵاتدارانی ئیستای تورکیا کە لە زۆر بارەوە گۆڕانیان بەسەر تورکیادا هێناوە کە ئەم کارانە وەک سیاسەتێکی درێژخایەن چاو لێبکەنو بە دوایدا بڕۆن. کوردیش لە تورکیا گەیشتوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەباتو ئێستا ئیتر شارەکان ناوەندی فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتن نەک تەنیا چەکو شاخ،**

سەنگێنین، ئەمن هەمیشە پێم باشە کە جیاوازی‌یەک، پەس‌وپێشێک بخەم لەو مەسەلەدا، چۆن لەڕاستی‌دا ئێران بۆخۆی لەگەڵ ئەوەی کە رەنگ بێ رێژیمی ئیستیبدادی ئێران زۆر دیکتاتۆر مەنشانە دەسەلاتی بەسەر ئێران‌دا سەپاندووەو لە رێگەی سەرکوتی زۆر بێ‌بەزەیی‌یانەتر لە وڵاتانی عەرەبی، ئێرانی بەرەوپێش بردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی فەرهەنگێک لەنێو خەڵکی ئێران یان بڵێم لەنێو نەتەوەکانی ئێران‌دا هەبووە ئەویش فەرهەنگی بەرەنگاربوونەوەو رووبەڕووبوونەوەو، لەڕاستی‌دا دەربڕینی ناڕەزایەتی‌یەکانیان بووە لەهەر قۆناغێکی تایبەتی لە مێژووی دەسەلاتداریەتی ئێران‌دا، بە تایبەتی لە ٣٤ ساڵی رابردوودا ئێمە جیاواز لەو خەباتو بەربەرەکانی‌یەی لە کوردستان‌و لە زۆر ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش‌دا دیمان کە رووبەڕووی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆوە تەنیا هەر لەنێو شارەکانیش‌دا بۆ زۆر مەسەلەی تایبەتی چ کێشەی کۆمەڵایەتی، چ کێشەی ئابووری، چ کێشەی سیاسی، زۆر جار دیتمان کە خەڵک راپەڕیون، ئێعتڕازیان کردوە، ئەم ناڕەزایەتی‌و راپەڕینانە لە وڵاتانی عەرەبی‌دا زۆر کەم بەدی کراون. هەربۆیە دەکرێ بڵێین لە ئێران‌دا بۆخۆی وەکوو شتێکی کولتووری، فەرهەنگی راپەڕین‌و دەربڕینی ناڕەزایەتی‌و ئێعتڕازات شکڵی خۆی هەبووەو هەتا ئێستاش هەر

**لەسی ساڵی رابردوودا کورد سەرچاوەی بنەڕەتی بووە بۆ کێشە سیاسی‌و ئابووری‌یەکانی تورکیا بە تایبەت لەنێو وڵاتی خۆی‌دا، تەنیا لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا هەرچەند شەڕو بەندکردنەکان وەک خۆی ماوە، سیاسەتی دەوڵەت شوێنی لەسەر سیمای سیاسی تورکیا داناوە. ئەگەر تورکیا بتوانێ درێژە بە رەوتی چارەسەری کێشەی کورد بدا، بێ‌گومان ئەوەندە قازانج دەبا کە بتوانێ خۆی وەک مودێلێکی نوێ لەنێو دەسەلاتداری کلاسیکی لە ناوچەدا دەربخا.**

بەردەوام بووەو، تەنانەت دەکرێ بڵێین بەجۆرێک زۆرجار دەوترێ کە رەنگ بێ خۆپیشاندان‌و ناڕەزایەتی‌یەکانی خەڵکی ئێران‌و بە تایبەتی رووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨ی دوای هەڵبژێردرانەوەی ئەحمەدی نەژادو سەپاندنەوەی وەک سەرۆک کۆمار بەسەر گەلانی ئێران‌دا، بۆخۆی رەنگ بێ دەرسێک بووبێ یان ئەزموونێک بووبێ بۆ گەلانی عەرەبی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە ئەوانیش گوێ‌یان دایە دەنگی راپەڕین‌و ناڕەزایەتی‌یەکان، بەڵام ئەگەر بڵێین ئەوجار لەلای دیکەوە کە درێژەی ئەم خۆپیشاندان‌و گۆڕانکاریانەی کە بەدوای‌دا هات لە وڵاتانی عەرەبی‌دا لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا کاریگەریان لەسەر ئێران چی بووە، رەنگە هەندێک کاریگەری مەنفی‌و هەندێک کاریگەری موسبەتیشی هەبووبێت، کاریگەری موسبەت لەوبارەوە کە لانی کەم ئیتر ئەگەر بەشێک لە کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتێکدا کە خۆیان بە تەنیا ببیننەوە ئێستا کە دەبینن ئەمە باسێکی گشتگیرەو لە هەموو وڵاتان‌دا لەنێو هەموو نەتەوەکان، لەنێو هەموو گەلان‌دا، ئەمە شتێکی مەرسوومە کە ئەگەر خەڵک ناڕەزایەتی‌یەکی بوو، ناڕەزایەتی خۆی دەربڕێ، ئێعتڕاز بکا، خۆپیشاندان بکاو رووبەڕووی دەسەلات ببێتەوە. ئەمە رەنگ بێ هاندرێک بێ بۆ خەڵکی ئێران کە بزانن ئەمە شتێک نیە کە ئەوان تەنیا لەو نێوەدا ماونەوەو رووبەڕووی

دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر بوونەتەوە، بەڵکوو دەرسێکە کە دەتوانن وەکوو گەڕانەوەی ئەزموونێک لەسەر خۆیان کەڵکی لێوەربگرن، هەروەکوو ئێستا دەبینن نارەزایەتی‌یەکی بەربڵاو هەیە لە شارە گەورەکاندا، هەر ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەی ئیسفەهان رەنگ بێ لەسەر شتێکی بە قەول دەڵێن مەعمووڵی‌و سادە بێ، بەڵام لەڕاستیدا شتێکە کە پێوەندی بە ژیانی خەڵکەوەوە هەیەو هەر ئەمە گرینگە کە خەڵک شتێک کە پێوەندی بە ژیانی خۆیانەوە هەیە، نارەزایەتی بە نیسبەتەوە دەردەبڕن. یان خۆپیشاندان‌و ئیعتساباتی کاریگەری کە ئەو ڕۆژانە کرێکاران کە لە ژێر فشارێکی ئێجگار زۆر قورسی ئابووری‌دا ژیان دەبەنەسەر، هەر ئێستا ڕۆژانە لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا نارەزایەتی هەیە، چوونە بەر وەزارەتی کار لە کارخانەکاندا‌و لە زۆر سنفەکانی‌تریشدا. ئەمە وەکوو بڵێی شتێکی کۆمەڵایەتی، بگرە ئەگەر لایەنی سیاسیشی پێ بدەی، هەر ئێستا نارەزایەتی زۆر بە نیسبەت ئەوەی لەسەر هەڵبژاردنەکان دەگوترێ کە لە دوو سێ مانگی داهاتوودا لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، لەڕاستیدا هەر ئەو جموجۆڵانەی کە ئێستا لەوێ جۆرێک تەئسیر وەرگرتن دەکرێ بڵێین لەم ڕەوتە لە گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا

**لە حاڵێکدا ئێران زیاتر لە سی ساڵە بە چەکدارکردنی گرووپی جۆراوجۆرو دابین کردنی چەکی جۆراوجۆر بۆ ئەو گرووپانەو تەرخان کردنی بووجەیەکی نادیار بۆ یارمەتی سەربازی بە هاوپەیمانەکانی‌و تەنانەت بە کوشتدانی ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندەوپاسدارەکانی لەو ناوچانەدا هەوڵی داوە جێ پێی خۆی قایم بکا. تورکیا بە پشتیوانی ڕاستەوخۆ هەر لەو خەڵکەو بە هەزینەیەکی زۆر کەم وەک هێزێکی ئامادەو ڕێگە پێدراو چاو لێکراوە بۆ یارمەتی‌دان بە چارەسەری کێشەکان.**

دەبێ ببینین کە خەڵک بە ئومێد بە پێک هێنانی ئاڵوگۆڕێک لە داهاتوویەکی نزیکدا بیر لە هەڵبژاردن دەکەنەوەو ئەمە بۆخۆی تەئسیر وەرگرتنێکە لەم گۆڕانکاریانە، جیاواز لەوەی ئەگەر لە ڕەهەندێکی سیاسی گەورەتردا مەسەلەکە ببینین ئیتر ئەمە جێی گومانی تێدا نەماوە کە ئەم گۆڕانکاریانەی کە لە یەکە یەکەی ئەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە لیبی‌یەوە کە حیسابی بکەین تا دراوسێیەتی ئێران کە هەموو ئەو وڵاتانەی گرتۆتەوە، بێ‌گومان گۆڕانکاریەکان، گۆڕانکاری‌گەلێکن کە ناتوانن ئێرانی لێ بێبەش ببێ، ناکرێ هەموو ئەم وڵاتە دیکتاتۆڕ لێدراوانە یەکە یەکە گۆڕانیان بەسەردا بێت، ئێرانێکی موستەبدو سەرەڕۆ لێرەدا لە ژێر ئەو هەموو گۆڕانکاریانەدا خۆ بپارێزێ‌و بمێنێتەوە، بۆیە هیچ گومانم لەوەدا نیە کە ئەم ئاڵوگۆڕانە یارمەتی‌دەر دەبن بۆ ئەو هێزە نێوخۆییانە کە بتوانن لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڕانیش لە ئێراندا پێک بێنن‌و هەوڵ بدەن ئەگەر مومکین بێت بۆیان لەو ڕێگەی کە لە وڵاتانی عەرەبی ئەزموون کرا، لە ڕێگەی گوشار لە نێوخۆی وڵاتەوە، لە ڕێگەی دەربڕینی نارەزایەتی‌و خۆپیشاندان‌و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، هەر لەو ڕێگەوە لە ئێرانیشدا هەوڵی پێک هێنانی ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری‌یەکی گەورە لە

نێوخۆی ئێراندا ببێتو ئەمە رەنگە هەموو نیزامیش هەروەکوو لە هەموو وڵاتاندا ئەزموون کرا، هەموو نیزام بخاتە ژێر پرسیارو نیهایەتەن ببێتە هۆی رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی.

**لاوان:** بەڕای جەنابتان تا چەندە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵوگۆڕانەی کە لە دەوروبەری روویان داوە، بکا؟

**وەڵام:** کورد بۆخۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا یان بڵێین لە چوارچێوەی جوغرافیایی ئێراندا مێژوویەکی دوورودرێژی لە بەربەرەکانیو لە هەوڵدان بووە بۆ دەستەبەرکردنی داوا رەواکانی خۆی. لە ٣٤ ساڵی رابردوودا لەگەڵ ئەوەی رووبەڕووی زۆرترین سەرکوت بۆوە لە ئێراندا، هەروەکوو ئامارەکان نیشان دەدەن زیاتر لە ٦٠ لەسەدی زیندانیو ئێعدام کراوەکانی ئێران هی ناوچەکانی کوردستانن، ئەمە نیشان دەدا کە زۆرترین سەرکوت لەسەر ئەم ناوچە بچووکە بوو لەم ئێرانە گەورەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە موقاومەتو بەربەرەکانی هەر درێژەی هەبووە، بەڵام ئەوەی کە بڵێین چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئاڵوگۆڕەکان یان چ کاریگەرییەکی دەبێ، راستییەکەی تەنیاو تەنیا بەستراوەتەوە بە فاکتەری هێز لە کوردستانداو لەنێو هێزە کوردییەکاندا.

خەڵکی کوردستان ئەوەی کە تەحەمولی ئەم هەموو سەرکوتەی کردوە یان ئەوەی تەحەمولی فیداکردنی ئەم هەموو خەڵکەی خۆی کردوە، تەحەمولی زۆرترین قوربانیو زۆرترین زیندانیانی سیاسی کردوە، دەردەخا کە خەڵکێک هەیە بۆخۆی بە کردەوە لە مەیدان دایە بۆوەی کە بڵێین لە راستیدا بە کردەوە هەوڵی داوە بەشدار بێ لە کاریگەردانان لە گۆڕانکارییەکان، بەڵام ئەوەی کە دەگەڕێتەوە سەر کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکان، لەڕاستیدا بەرنامەی سیاسییە. بەرنامەی سیاسییش لای حیزبە کوردییەکانە، حیزبە کوردییەکانیش بەستراوەتەوە بەوەی چ هێزێکیان هەیە، ئەوەی من بۆخۆم زۆرتر پێم وایە، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە چ کاریگەرییەک دەتوانین دابنێین یان چ کاریگەرییەکمان داناوە، لەسەر ئەوەیە کە ئێمە بە پشتیوانی بەو رابردووە پڕ شانازییەی کە کورد هەیەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەمیشە کاریگەری رەوانیمان هەبووە لەسەر خەڵکی ئێرانو لەسەر هێزە سیاسییەکانی ئێران. بەڵام ئەوەی کە بەستراوەتەوە بەوەی لە هاوکێشەکاندا ئێمە چی بینو چۆن کاریگەریمان لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردنی داهاتوو هەبێ، ماوەتەوە بەوەی کە چ هێزێکمان هەیە، ئەم هێزە هەتا ئێستاش پرشوبڵاوە بەداخەوە، چۆن حیزبەکانی کوردستانی هەتا ئێستاش نەگەیشتووینەتە ئەو خاڵەی کە بتوانن بەیەکەوە بەرنامەڕێژییەکی هاوبەشیان هەبێ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داهاتوو، بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان، بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم فاکتەرانەی کە وێ دەچێ کتوپڕ لە بەرامبەرماندا سەرهەڵ بدا، ئێستا ئێمە کۆماری ئیسلامی دەبینین لە رووبەڕووی خۆماندا، بەڵام لەوانەیە کتوپڕ هێندێک فاکتەریتر لە پەناماندا شین ببنەوە کە پێویستە بەیەکەوە رووبەڕوویان ببینەوە، ئێمە هەتا ئێستا بەداخەوە نەگەیشتووینەتە ئەو خاڵە زەروورەی کە پێویستە بۆ دابین کردنی نیازەکانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە داهاتووداو، ئەمە ئەوەیە کە من دەڵێم بەبێ ئەمە ئێمە ناتوانین فاکتەری هێز بینو هێزمان هەبێ، ناتوانین بە هێزەوە بچینە مەیدانی گۆڕانکارییەکانو، ئەمە رەنگ بێ بەداخەوە توانایی کوردی بۆ کاریگەری لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو کەم کردبێتەوە. دەزانین هەموو هێزەکانی کوردی بۆخۆیان هەرکام لەلای خۆیانەوە چالاکن، هەوڵ دەدەن، کار دەکەن، بەڵام ئەو راستییە هەیە کە هیچ هێزێکی کوردی بە تەنیا هەتا ئێستا نەیتوانیوەو ناشتوانێ مەیداندار بکاتو، هیچ گومانی نەهێشتۆتە سەر ئەوەی کە ئەگەر قەرار بێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە، کە بیری لێ دەکەینەوەو هەمیشە قسەی لەسەر دەکەینو

ساغ بینەوە لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەتوانین لە داهاتوودا چ کاریگەرییەکی جیددیمان هەبێ لەسەر گۆڕانکارییەکان، جگە لەوە کە دێینەوە سەر ئەوە کە دەبێ بەرنامەیەکی هاوبەشمان هەبێ، ئەم بەرنامە هاوبەشە سیاسییە پشتیوانەیەک بێت بۆ هێزی کورد لە ناوچەداو لە رۆژهەلاتی کوردستان، جگە لەوە ئێمە ناتوانین کاریگەری جیددی دابنێین‌و، پێم وایە بۆ ئەو مەبەستە دەبێ حەتمەن بگەیینە ئەو خاڵە لە پێکهاتن‌و لە دروست کردنی هێزێک کە بتوانین فاکتەرێک بین بۆ کاریگەریدانان لەسەر لایەنەکانیتر کە رەنگە بەرنامەرێژی بۆ داهاتووی ئێران‌و داهاتووی رۆژهەلاتی کوردستان‌و، تەنانەت هەر ئاڵوگۆڕێکی گەورەتریش کە وێ دەچێ ناوچەش بگرێتەوە، لەوانەیە کە ئەسڵەن گۆڕانکارییەکان وابێ، گۆڕانکاری بەسەر سنوورەکانی کوردستانیشدا بێ، ئەمە شتێک نیە کە لە ئیرادەی ئێمەدا بێ یان لە توانای ئێمەدا بێ‌و، مومکینە هێندێک ئیرادەو توانای بەهێزتر لە ئێمە هەبێ کە تەنانەت ئەو گۆڕانکاریانەش پێک بێنێ، قسە لە دابەش بوونی ئێراق، قسە لە دابەش بوونی سووریە، ئەمە هەموو شتەهایەکن کە وێ دەچێ پێش ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ئێراق‌و سووریەدا هاتبێتن بیری لێ نەکراوەتەوە. کەس ٣ ساڵ لەوەپێش بیری لەوە نەدەکردەوە کە سووریە دابەش بکرێ بەسەر سێ ناوچەی سوننەو شیعەو کوردی، بەڵام ئێستا عەمەلی دەبێ یان عەمەلی نابێ ئەوەی نازانم، بەڵام هەر ئێستا قسەی لەسەرە. ئەم قسە نیشانەی ئەوەیە کە هێندێک فاکتەری لاوەکی هەن لە پەنامان‌دا کە ئەمانە دێن کاریگەری دەکەنە سەر ئاڵوگۆڕەکان بەبێ ئیرادەی ئێمەو بەدەر لە تواناییەکانی ئێمە. بۆیە دەڵێم تەنانەت مومکینە ئاڵوگۆڕەکان لەوە گەورەتریش بن کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، لێرەدایە کە پێویستی پێکەوەبوون‌و دروست کردنی هێزێکی جیددی کوردی بە هەموومان زیاتر خۆی دەردەخا بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو.

**لاوان:** لە بەرەبەری نزیک بوونەوەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران داین، ئێرانی پاش هەڵبژاردن چۆن دەبینی، ئایا پێتان وایە بە پێی ئەو قەیران‌و دووبەرەکییانەی لەنێو دەزگای حاکمیەت دان، ئێران بەرەوپشێوی زیاتر دەبن‌و رەوتی راپەرینە جەماوەرییەکان بۆ ئێرانیش دەگوازرێتەوە؟

**وەڵام:** ئەزموونی هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ و رووبەڕووبوونەوەی دوو لایەنی بەهێزی ناو نیزامی کۆماری ئیسلامی، لایەنی موحافزەکارەکان‌و لایەنی ئیسلاحتەڵەبەکان. لەڕاستیدا بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەمە ببێتە دەرفەتێک هەتا خەڵکی ئێران بێن لێرە دەنگی راستەقینەی خۆیان دەرببڕن. ئەم دەنگە رەنگ بێ لەو دەرفەتەدا نەکرا یان شایەد نەش دەتوانرا ببێتە دەنگێک دژی نیزام، بەڵام لانیکەم لە لایەکەوە بوو بەو دەنگە. دەنگ نەدان بە کاندیداتۆڕی رێبەر، بە کاندیداتۆڕی نیزام کە ئەحمەدی نەژاد بوو، لەڕاستیدا دەنگ نەدان بوو بە هەموو نیزام. یانی لەڕاستیدا ئەو قسە بوو کە خەڵک دەی ویست بیکات‌و نەی دەتوانی بیکا. خەڵک دەی ویست بڵێ مەرگ بەر کۆماری ئیسلامی، بەڵام نەی دەتوانی، بەڵام چووە سەر سندووقەکان بە دەنگ نەدان بە ئەحمەدی نەژاد نەخێری بە خامنەیی وت. بەهەرحاڵ فرت‌و فێڵەکان وای کرد جێگەی دەنگەکان گۆڕاو و ئەحمەدی نەژاد بوو بە نەفەری یەکەم‌و ئەوانی دیکە ئیتر چارەنووسیان دیارە کە لە نیزامدا چیان بەسەر هاتووە، بەڵام هەر ئەمە دەری خست کە خەڵک لە دەرفەت دەگەڕان بۆ ئەوەی کە دەنگی راستی خۆیان دەرببڕن. دوایی کە دیتیان تەنانەت ئەو هەلەشیان پێ نادەن و، نایەڵن لەو هەلە نیسبەتەن قانوونییەش‌دا دیسان قسەو دەنگی خۆیان هەڵببڕن. دیمان کە رووداوەکان بەرەو ئەو خۆپیشاندانە میلیۆنییەی کە ئێرانی گرتەوەو بە تایبەتی تاران‌و شارە گەورەکان، بەرەو ئەو ئاقارە رۆیی کە لانیکەم بۆ ساڵ‌ونیوێک ئێرانی تووشی پشێوی کرد. ئەمە ئەزموونێکی زۆر زۆر گرینگە بۆ خەباتی مەدەنی، بۆ

> من پێم وایە ئێران نەی توانیوە چەکی ناوکی دروست بکاو وا حاسانیش ناتوانێ بۆمبی ئەتۆم دروست بکا. بەو جۆرە زانیاریانەی لە بەدواداچوونی هەواڵە سیاسیو زانستی‌یەکان‌دا ئینسان دەی بیستێ رەنگ بێ لەوەی کە دەڵێن ئەها ئێران وا چەکی ناوکی دروست دەکا، لەڕاستی‌دا زیاتر دروست کردنی کەشێکی رەوانی‌یە دژی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانیو بە تایبەتی لە ناوچەدا.

ناڕەزایەتی مەدەنیو ئیعترازاتی شاری کە رووبەڕووی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆوە. رەنگ بێ ئەم ئەزموونە لە بەرامبەردا رێژیمیش ئەزموونی چۆنیەتی پێشگرتنو سەرکوتی سەرترو جیددی‌تری دەست کەوتبێ، هەرچەند لەوکاتەدا تەعاروفی نەکردو بەبێ منەت سەرکوتی کرد. بەڵام ئێستا رەنگ بێ ئەویش ئەزموونی ئەوەی دەست کەوتبێ، هەر لە هەڕەشەکانی ئێستایان دیارە کە نیگەرانن لەوەی کە هێندێک رووداوی وا رووبداتەوەو لە ئێستاوە ئامادەگی خۆیان دەردەبڕن بۆ پێشگیری لە هەر رووداوێکی لەو چەشنە، بەڵام لەڕاستی‌دا من بڵێم بە پشت بەستن بەو پێشینە فەرهەنگی‌یەی لە ئیعترازاتی مەدەنی لە ئێران‌دا کە لانی‌کەم لە سەد ساڵی رابردوودا زۆر جار دیومانە، هەم ئەو ئەزموونە تازەیەی ساڵی ١٣٨٨، گومانم لەوەدا نیە کە خەڵکی ئێران هەوڵ دەدەن دیسانیش ئەوە بکەنە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە دەنگی خۆیان دەربڕن. ئەوەی کە گوتم نیزامیش رەنگ بێ ئەزموونێکی وەرگرتبێ لەوانە. رەنگ بێ هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کە بە رێگەیەکدا ببینە پێش کە بە جۆرێک بەر بەوە بگرن، بەڵام راستی‌یەکەی ئەوەی لە ئێران‌دا دەبیندرێتو ئەوەی لە ئێران‌دا هەست پێ دەکرێ، ئەوەیە کە خەڵکی ئێران ئەوەندە ناڕازیین لە نیزامو لە بارودۆخەکان کە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی دەرفەتێکی دیکە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی کە ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕن. ئەمن دیارە پێش بینی ئەوە ناکەم کە دیسانیش هەڵبژاردنەکان ببێتە مەجالێکی قانوونی بۆ ئەوەی کە وەکوو ساڵی ٨٨ کەڵکی لێ‌کرا، خەڵک بێ لەو مەجالە قانوونی‌یەدا دەنگی ناڕەزایەتی خۆی دەربڕێو، تەنانەت ئەوەش سەختە لە ئێستاوە پێش بینی بکرێ کە ئایا رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ دیسان دووپاتە دەبێتەوەو خەڵک دێنە دەرەوە. بەڵام لانی کەم قابیلی پێش بینی‌یە کە خەڵک ئەگەر بتوانن لە هەڵبژاردن‌دا دیسانیش دەنگی نا بە نیزام بدەن لە رێگەی بەشداری نەکردنی بەربڵاوی خەڵک لە هەڵبژاردن‌دا، لە رێگەی دانی دەنگی سپی کە ئەگەر ئیحتماڵەن ناچار بن بچنە سەر سندووقەکان، بەڵام گومانم نیە ئەو هەڵبژاردنە ببێت یان نەبێ، رەوتی رووداوەکان لە ئێران‌دا زۆر خێراتر لەوەیە کە قابیلی پێش بینی‌یە، دەچێتە پێشەوە.

ئیعترازاتی خەڵک بە دڵنیایی بەرین‌تر دەبێ، هەڵبژاردن ببێت یان نەبێ کە ئەگەر ببێ رەنگە ببێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی خەڵک بکێشێتە ناو مەیدان، هەم نیزام هەوڵ بدا بیان کێشێتە سەر سندووقەکان بۆ خۆدنمایی‌یەکی دیمۆکراتیک، هەم خەڵک بۆخۆی بێ‌هەوێ لە فرسەتێکی‌تردا بێتە شەقام بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی‌یەکان.

من پێم وایە ئەو ڕەوتە دەچێتە پێشەوەو لەڕاستیدا ڕێگەی پێک هێنانی گۆڕانکاری لە ئێرانو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەر ئەو ڕێگە دەبینم. خەڵک چالاکن، خەڵک جیددین بە نیسبەت ئەوەوە. تەنیا کە ئیشکالێک ببینم لەو بەینەدا ئەوەیە کە تا ئێستاش بەداخەوە ئەو خەڵکە هەست بە بوونی ڕێبەرییەک ناکات کە لە پێش خۆیەوە بیبینێ کە وەدوای کەوێ. شایەد ئەمە گەورەترین کەلێنە لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی ئێران بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە بەداخەوە تا ئیستا ڕێبەرییەکی دیاری نییە. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات لە ئێران نەی توانیوە ئەو کەسایەتییە وەک کەسایەتییەکی ڕێبەری بۆخۆی وێنا بکات کە خەڵک باوەڕی پێ بکەن لەنێوخۆی وڵاتیشدا خەڵک نەزەر وەردەگرن، جارێک شوێن کەڕووبی دەکەون، جارێک شوێن مووسەوی دەکەون، جارێک شوێن خاتەمی دەکەون. دەهەرحاڵ ئەمانەش هەموو شتگەلێکی کاتین، چۆن ئەوانیش بە تەواوی ناتوانن حەرەکەتێکی ئێعتڕازێکی وابکەن کە پێکهاتەشکێنی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بکەنو، ئەمە گەورەترین کێشەی ئەم بزووتنەوە خەڵکییەیە لە ئێراندا. بەڵام شکم لەوەدا نیە کە ئەمە ڕێی خۆی دەپێوێتو لە ئاکامدا بە پێک هێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا کۆتایی دێ. ئەو ئاڵوگۆڕەی کە چاوەڕوان دەکرێ شایەد داهاتوویەکی باشتر لانیکەم بڵێین بۆ گەلانی ئێران بە گشتیو شایەد بڵێم بە تایبەتی بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەنەخشێنێ.

**لاوان:** وەک دوایین پرسیار، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا دانیشتنێک بۆ چارەسەری کێشەی ئەتۆمی لە ئێراندا، لە نێوان ئامریکاو ئێراندا کراوە، پێت وایە ئەو دانیشتنانە تا چەندە لەوەی کە ئێستا ئێران بۆخۆی بە موسبەتی لە قەڵەم دەداو ئامریکاش هەروەتر، هیچ ئاکامێکی باشی لێدەکەوێتەوە یان نەخێر بۆ چاوبەستنێکە بۆوەی کە بەرەو هەڵبژاردن دەچین، چاوبەستنێکی خەڵکی بێ یان چاو بەستنێکی ئەوان، یان ئەسڵەن ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕاگەیشتووەو ئەوانە هەر بۆ کات بەسەربردن بێت؟

**وەڵام:** نا، من پێم وایە ئێران نەی توانیوە چەکی ناوکی دروست بکاو وا حاسانیش ناتوانێ بۆمبی ئەتۆم دروست بکا. بەو جۆرە زانیاریانەی لە بەدواداچوونی هەواڵە سیاسیو زانستییەکاندا ئێنسان دەی بیستێ ڕەنگ بێ لەوەی کە دەڵێن ئەها ئێران وا چەکی ناوکی دروست دەکا، لەڕاستیدا زیاتر دروست کردنی کەشێکی ڕەوانییە دژی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانیو بە تایبەتی لە ناوچەدا. ئیسراییل پێنج ساڵە دەڵێ ساڵێکیتر ئێران چەکی ناوکی دروست دەکا، ئەوە هەر دروستیشی نەکرد. لەڕاستیدا زۆرتر ئەو شەڕە ڕەوانییەیە کە لەگەڵ ئێران دەیکەن، ئەوانیش بۆخۆیان دەزانن‌و ئێرانییەکانیش دەزانن، بەڵام لە جەرەیانی ئەم پرۆسەیەی دەست ڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکیو بەم فشارانەی کە ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێرانی هێناوە، لەڕاستیدا پێم وایە ئێران لەمێژە شکستی خواردوە. ئێران ناتوانێ ئەم پرۆسەیە بە تەنیا تەواو بکات، ئەمە ئیتر دروشمی کۆماری ئیسلامیو ئەوە ئەوەندە سانتریفووژەیترمان دەست کەوتووەو چیوچی؟! بەڵام ئەمە پرۆسەیەکە ئێران ناتوانێ بەبێ وڵاتانی گەورە ببێت بە ساحێبی تێکنۆلۆژیی ئەتۆمی تا ئەو ڕادەی ببێ بە خاوەنی چەکی ناوکی. ئەگەر دەشڵێی کۆرەی باکوور، ئەو بە تەنیا نەی توانیوە ئەوە بکات، لەڕاستیدا کۆرەی باکوور بە یارمەتی ڕاستەوخۆی چینو رووسیە توانی بگاتە ئەو ئاستە لە تێگەیشتن لە تێکنۆلۆژی ئەتۆمی کە ئیتر دوایە بۆخۆی توانی تەکمیلی بکات. ئێستاش موستەشاری چینو رووسیەی ڕەنگە لەلا بێ. بەڵام ئێران ئێستا بێبەرییە لەوە، چونکە ئێستا ئیتر چینو رووسیەش لەگەڵ ئەوەی بۆخۆیان بەرژەوەندی جیددییان لە ئێران دایە، بەڵام هیچیان ڕازی نین بەوەی کە ئێران چەکی ناوکی هەبێو تێکنۆلۆژی

دروست کردنی چەکی ناوکی بە ئێران بدەن. رەنگە بە کورتی ئەم پرۆسەیە هەر بەرەوپێش ببات، بەڵام بە بڕوای من زەحمەتە ئێران بۆخۆی بتوانێ چەکی ناوکی دروست بکات. لەڕاستیدا ئێران لە ژێر تەوژمە دیپلۆماتیکو ئابووریانەدا، هەم ئەو فشارە دیپلۆماسیانەی کە بەدانی بڕیارو دەرکردنی ئەم بڕیارنامانەی لەسەری هەیەو، لە لایەکەوە تەوژمە ئابووریەکەی کە ئیتر گەمارۆی بانکەکانو تەحریمی پوولیو تەحریمی نەوتیو هەموو ئەم شتانە، ئێران وای لێهاتووە کە ئێستا ئیتر داماوە، لەڕاستیدا تەواوی قسەکانیان، ئەگەر تەسەور کەن لە چەند مانگی رابردوودا تەنانەت بڵێین ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش لە ژێر ئاڵای پاراستنی تەمامیەتی ئەرزی ئێران، ئیسلاح تەڵەبەکان، موحافزەکارەکان، هەموو کەس رووی لە خامنەییە، داوا لە خامنەیی دەکات کە بابە موزاکەراتی راستەوخۆ لەگەڵ ئامریکا قەبووڵ بکەن. ئەحمەدی نەژاد ـ دیارە ئەمە دەی هەوێ پێشبڕکێ لەگەڵ خامنەیی بکا- دەڵێ: "ئەگەر ئەمریکا ئەوە جێبەجێ بکات، ئەمن بۆخۆم ئامادەم راستەوخۆ لەگەڵ ئامریکا دابنیشم". لێرەدا ئێران گەیوەتە جێیەک، ئەمن بۆخۆم پێم وایە لەسەر دووڕێیانی شکستە. خامنەیی لانی کەم گەیوەتە ئەو مەوقعیەتە، خامنەیی چ درێژە بەم پرۆسەیە بدا نەهایەتەن شکست دەخوا، چ ئەوەی کە قەبووڵی بکا کە موزاکەرەی راستەوخۆ بکا هەر شکستی خواردوە. ئاکامی هەردووکیان لەڕاستیدا تێک شکانی کۆماری ئیسلامییە، جا ئەوەی دانیشێ وتووێژ کا، قسەیەکی جوانی هەیە خامنەیی، دەڵێ: "ئەمریکاییەکان درۆمان لەگەڵ دەکەن هەر ئەوەندەی جاری یەکەم پێت گوتن بەڵێ، دوایە دەستت لێ هەڵ ناگرن، یەک بەدوای یەکدا داوای شتی تازەت لێ دەکەن". ئەو لەڕاستیدا دەزانێ ئەوە شکستێکە بۆ رێبەریو نیزامی کۆماری ئیسلامی کە ئیتر دەبێ تەسلیمی ئەمریکا بێو ئەوەی کە هەر داوایەکیان لێ کرد دەبێ بڵێن بەسەر چاو، دەنا ئەوە بیانووی دیکەی پێ دەگرن. ئەوان گەمارۆکان لا نابەنو رێبەریش قەبووڵ ناکا کە تووشی شکست بووە. هەر ئەو رۆژانە تەنانەت مەقاماتی رەسمی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا دەڵێن کە کاریگەری گەمارۆکان فاجعەبار بووە. گرانی، کەم بوونی شت، لەڕاستیدا کەم بوونی مەوادی سەرەتایی بۆ کارخانەکانیان، هاتنەخوارەوەی داهاتی نەوتی هەتا نزیکەی ٦٠٪ لە داهاتی پێش بینی کراو، کەم بوونەوەی هەناردە، کەم بوونەوەی هاوردە، هەمووی ئەمانە لەو بارودۆخە ئابوورییە خراپەی کە بۆ ئێران هاتۆتە پێشەوە کە ئەمە مومکینە لە ساڵی یەکەمدا هەموو وڵاتێک بەرگەی بگرێ، بەڵام لە درێژەی ئەوەداو لە ساڵی دووەمدا ئیتر بە بڕوای من دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا ناتوانێ شتێک بکات بۆ ئەوەی کە پێشی خێرایی کاریگەردانانی گەمارۆکان بگرێو، ئەمە بە خێراییەکی زیاتر تەئسیراتی موخەرەبی خۆی لەسەر ئابووری ئێران دادەنێ کە هەر ئەوەی کە مومکینە ببێتە هۆی دروست بوونی نارەزایەتییەکی بەرینتر لەوەی کە ئێستا هەیە کە ئیتر کۆماری ئیسلامی بۆی قابیلی کۆنترۆڵ نەبێ. بۆیە دەهەرحاڵ بە نەزەری من کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە سەر دووڕێیانی شکست، چ نەیکات رووبەڕووی ئەو دۆخە کارەساتبارە دەبێتەوە بە نیسبەت ئەوڕۆوە، بە نیسبەت نیزامەوە، چ بیکات کە دیسان تەسلیم بووەو دەبێ هەموو شتێکیان بە قسە بکات هەروەکوو خامنەیی دەڵێت. بۆیە بە بڕوای من لە درێژەی ئەو پرۆسەدا کۆماری ئیسلامییە کە شکستی خواردوەو ئەم بازییە دیپلۆماتیکانەی کە دەکرێتو ئەو دەڵێ شکور باشەو ئەو دەڵێ خراپ نەبوو، لەڕاستیدا جۆرە قسەیەکی دیپلۆماتیکە کە هەردووکیان لە ئاقاری بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی خۆیانداو کاریگەری دەروونی لەسەر خەڵک ئەمە دەکەن. دەوڵەتی ئەمریکا دەزانێ کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێ زیاتر ئامادە بێ بۆ وەرگرتنی پێشنیارەکانی ئەوانو لەبەر ئەوە جارێ نائومێدیان ناکا، ئێرانیش

هەر دەیهەوێ بە خەڵکەکەی بڵێ کاکە نیگەران مەبن ئەوە شکور خەریکە ڕێک دەکەوین، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێران ئەو ڕێک کەوتنەی پێخۆشە، هەم دەی هەوێت جۆرێک بە دۆستەکانی دەوروبەری بڵێ کە ئەوەتا کاکە زۆر نیگەران مەبن ئێران لەو قودرەتەدا ماوە کە بتوانێ بە ڕێکەوتن بگا لەگەڵیان، بۆیە ئەویش دەقیقەن لەو ڕاستایەدا تەفسیر دەکا دەنا ئەوەی کە لە دەوروبەریانن مەسەلەن هەر سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە نیگەرانییەوە داوا دەکا دەڵێ: "هەرچی زووتر ئێران دەبێ ڕێگایەک خۆش بکات بۆ ئەوەی کە دامەزراوە ناوکییەکانی پارچین بپشکندرێ". ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئێستاش کۆسپ هەیە لەسەر ڕێکەوتن‌و نزیک بوونەوەو ئەو ڕێکەوتنانەی کە ئەوان بە دڵ خۆشییەوە باسی دەکەن، بۆیە من پێم وایە جگە لە راوێژێکی دیپلۆماتیکو جیا لە دڵ خۆش کردنێکی هەرکامەیان لایەنی خەڵکەکەی خۆیان، هیچ دەست کەوتێکی وا نەبووە کە هەواڵی دڵ خۆشکەری لەسەر بڵاو بکرێتەوە.



# ئێراقو باشووری کوردستان لە دیمانە لەگەڵ کاک ئێقباڵ سەفەری

**لاوان:** وڵاتی عێراق وەکوو پێکهاتەیەکی فرە نەتەوەو فرە ئایین لە بەرامبەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا تا رادەیەک تووشی پارادۆکس هاتووە، عەرەبی سوننە بەسەر بەرەی وڵاتانی سوننیو تورکیە و لە لایەکی دیکە عەرەبی شیعە بەسەر بەرەی شیعە (ئێران) دابەش بووە. ئاکامی ئەم دابەش بوونە چۆن دەبینی؟

**وەڵام:** کە باسی فرە نەتەوە دەکرێ، بەو مانایەیە کە لە وڵاتێکدا چەندین نەتەوە دەژی. وەک وێنە پێک هێنەرانی وڵاتی ئێران لە شەش نەتەوە پێک هاتوون کە هەر هەمویان پێناسەی نەتەوەییان هەیە. گرینگترین پێناسەی نەتەوەیی جوغرافیای دیاری کراوە. لە عێراقدا دوو نەتەوە هەیە کە هەڵگری ئەم پیناسەن. یەکەمیان کوردەو ئەوی دیکەش عەرەب. ئەوانی دیکە یەکەیەکن کە یان کۆچەرن یان بەهۆی شەڕەکانەوە لەم وڵاتە جێگیر بوون‌و ئێستاش هەن‌و دەبێ رێز لە فەرهەنگو کولتووریان بگیرێو مافەکانی کولتووریو فەرهەنگیان بپارێزرێ، بەڵام هیچ کام لەوانە پێناسەی نەتەوەییان نییە. لە هەمان کاتدا وڵاتێکی فرە مەزهەبو فرە ئایینە. ئەو تەنگەژانەی کە ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە، بە هەڵکەوت نییەو ریشەکەی ناگەڕێتەوە بۆ پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، دامەزرانی دەوڵەتی عێراق لەسەر ویستو بەرژەوەندی سیاسیو ئابووریو بگرە ئەمنی زلهێزەکان بووە، نەگ ویستو داخوازی دانیشتوانی لە ئیمپراتۆری دابەش کراوی عوسمانیەکان. بێجگە لەوەش ململانێی نێوان دوو بلووکی رۆژئاواو رۆژهەلات لە باری ئایدۆلۆژیو شەڕی ساردەوە لەگەڵ دەستێوەردانەکان چ لە ڕێگای کودیتاوە بێ یان شەڕو داگیرکاریەوە، هێندەی دیکەش ئاڵۆزیەکانی گرژتر کردۆتەوە. لەوانەش دەربچێ بە سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و بە دەسەڵات گەیشتنی موسوڵمانانی شیعە لەو وڵاتە، ناکۆکیو ئاڵۆزیەکان

پێی نایە قۆناغیکی دیکەوەو پارسەنگی هێز لەم ناوچانە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. شەڕی هەشت ساڵەی ئێرانو عێراقیش وێنەیەکی بەرچاوی ئەو ئاڵۆزیانە بوو. کەوابێ کێشەی سوننە و شیعە ریشەدارەو حیزبی بەعسیش کە لای خۆیەوە سوسیالیست بوو! لەسەر بنەمای دەسەلاتی سوننەکان دەچووە پێش. لە ئێرانی پاشایەتیش ئەگەرچی لە تەمەدونی گەورە دەدوا! بەلام مەزهەبی رەسمی لەو ولاتەدا لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە بیچمی گرت. لە راستیدا بۆشایی دەسەلات لە عێراق لەلایەکو زۆرینەی شیعەی بەدەسەلات گەیشتوو خەریکە بە ناوی زۆرینەو دیمۆکراسیەوە! تۆڵەی رابردوو دەکاتەوە. لەوانەش دەربچێ، پشتیوانی ماڵیو ئایدولۆژی ئیسلامی سیاسی لە عێراقو گەلێک ولاتی دیکە، عەرەبستانی سعودیە نەگ تورکیا. بەلام پاش هەلکردنی زریانی عەرەبیو نەک بەهاری عەرەبی، تورکیا بۆتە ئەکتەرێکی سەرەکی ململانێیەکانی ناوچەییو ئێستا دەوڵەتی میسرو قەتەریشی پێ زیاد بووە. بە باوەڕی من ئەو رەوتەی کە لە عێراق دەستی پێکردوە، گەرانەوەی بۆ نییەو نە سوننە ئامادەیە مل بۆ دەسەلاتی مالکیو مالکیەکان شۆڕ بکا، نە شیعەش دەست هەلگری دەسەلاتە. بە سەرنجدان بەوەش کە فەرهەنگی توندوتیژی و تایفەگەریش زاڵە بەسەر بیرو

**«ئەوەندەی شارەزاییم لەسەر پێکهاتەی کۆمەلایەتی، سیاسی، تایفی عەرەبی عێراقی هەبێ، بڕوا ناکەم لە رێگای پڕۆسەی دیمۆکراسیەوە ئەو مافانەی کە کورد هەیەتی دەستەبەر بکرێ. چونکە فەرهەنگی بیچم گرتوو لەو عێراقەی کە من مەبەستمە، ئامادەگی بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکانی کوردی نییە.»**

بۆچوونی هەردووک لایاندا، داهاتوویەکی سەقامگیر بۆ عێراق پێشبینی ناکرێ. باوەڕ دەکەم کە ئەو رەوتەش بە هەموو زیانەکانی گیانیو ماڵیەوە کە لێی دەکەوێتەوە، ئاکامی گوزارە لە دەورانێکە بۆ دەورانێکی پڕ کێشە، کە لە کۆتاییدا عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێوە دەبا و بێجگە لە دابەش کردنی عێراق، چ ریگاچارەیەکی دیکە چاوەڕوان ناکرێ.

**لاوان:** ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە گرژیو ئاڵۆزیەکی زۆری لە پێوەندییەکانی حکوومەتی ناوەندی عێراقو هەرێمی کوردستان پێک هێناوە، ئایا ئەم قەیرانە فاکتەرێک نابێ بۆ پاڵپێوەنانی کوردان بۆ بەرزکردنەوەی داواکاری سەربەخۆیی؟

**وەلام:** وەلام دانەوە بەم پرسیارە هەروا سانا نییە. بەلام ئەوەندەی شارەزاییم لەسەر پێکهاتەی کۆمەلایەتی، سیاسی، تایفی عەرەبی عێراقی هەبێ، بڕوا ناکەم لە رێگای پڕۆسەی دیمۆکراسیەوە ئەو مافانەی کە کورد هەیەتی دەستەبەر بکرێ. چونکە فەرهەنگی بیچم گرتوو لەو عێراقەی کە من مەبەستمە، ئامادەگی بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکانی کوردی نییە. ئەوەش کە ئێستا لە ئارادایە، بابەتێکە کە کورد وەک فاکتەرێکی بەهێزی رووخێنەری حکوومەتی بەعسو بەو هێزەی کە هەیەتی، بەسەر بەغدادا سەپاندوویەتی.

لە لایەکی دیکەوە ئەو گەشەکردنو پێشەوەچوونەش کە لە کۆمەڵێک بواردا لە هەرێمی کوردستان دەبینرێ، گەڕانەوەی بۆ نییە و کورد ئامادە نابێ جارێکی دیکە حوکمی یەک لایانە و سەرەڕۆیانەی بەغدا قەبووڵ بکا. ئەگەر بمانەوێ ئاکامگیری لەو دوو فاکتۆرەی کە لەسەرەوە باس کران بکەین، واتە تێڕوانینی دەوڵەتی عێراق بۆ بابەتی فیدراڵیو دیمۆکراسی وەک چارەسەری کێشە و گرفتەکانی کورد لە لایەکو هەڵویستو هێزی کورد لە گۆڕەپانی ململانێو ئاڵوگۆڕەکاندا، ناکرێو ناشبێ چاوەڕوانی موعجزە لە بەغدا بین. ئەگەر تێڕوانین، بۆچوونەکانو هەڵویستی نەگۆڕی هەردوولاش سەبارەت بە کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکانی دەرەوەی کوردستانیش پێی زیاد کەین، تەنیا سەربەخۆیی دەمێنێتەوە کە چارەسەری یەکجاری کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکاتەوە.

**لاوان:** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ چ کەریگەرییەکی بەسەر پرسی کورددا لە پارچەکانیتری کوردستان هەبێ؟

**وەلام:** لەوەدا گومانم نییە کە هەرێمی کوردستان لە زۆر بواردا شوێنەواری پۆزەتیڤی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان داناوە. بەتایبەت کارتێکەری میدیایو ئەو ئازادییەی کە لە ئارادایە، هیوای گیانی لێبووردەییو پێکەوە کارکردنی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کردۆتەوە. لەوەش دەربچێ حکوومەتی هەرێم لە بواری سیاسیو دیپلۆماسییەوە هەنگاوی باشی ناوەو هەم لە باکووری کوردستانو هەمیش لە رۆژئاوای کوردستان شوێن پەنجەی دیارە. ئەو مانۆرە دیپلۆماسییە هەرێمیو نێودەوڵەتیانەی کە حکوومەتی هەرێم لێرەو لەوێ دەیاننوێنێ، مزدەی گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودەتر بە خەڵکی باشووری کوردستان دەداو ئەمەش وا دەکا کە کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە بایەخەوە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. تا هاتووە لە ڕێگای کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنی، سەنتەرەکانی سنفی، مەدەنی، کولتووریو فەرهەنگییەوە بۆتە نوێنگەی ئەو فەرهەنگو کولتوورە رەنگاو رەنگەی کوردستان لە هەموو بەشەکان. ئەوەی بۆخۆم هەستم پێکردوە، یان بە چاوی خۆم دەیبینمو دەیان بیستم، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بواردا شوێنی باشی لەسەر گیانی لێبووردەیی، پێکەوە ژیانو خەبات بۆ دوارۆژێکی گەشتر لە کۆمەڵگای کوردستان بە باشوور، باکوور، رۆژهەڵاتو رۆژئاواوە داناوە.



## سووریەو رۆژئاوای کوردستان لە دیمانە دەگەڵ کاک حەسەن حاتەمی

لاوان: دەسەڵاتی بەشارئەسەد لە سووریە، راپەڕینی خەڵکی ئەو وڵاتەی بە پیلانی رۆژئاوا دژی سووریە بۆ لاواز کردنی بەرەی دژە ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوین ناودێر کردوە، پێتان وایە ئەو بانگەشەیە تا چەندە راستە؟

وەلام: سەبارەت بەو پرسیارە ماوەیەک بۆ دوورتر بگەڕێنەوە، بەرچاوروونیمان پتر دەبێ. رەوتی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی لە دوایین دەیەی سەدەی بیستەمدا، لە ١٩٨٩ڕا دەستیان پێکرد. ماوەیەی پتر لە دە ساڵی کێشا کە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی روژهەڵاتی ئورووپا لە ڕێگای شۆڕشە رەنگینەکان دنیای دوو جەمسەریان پساندو بە مێژوویان سپارد. لەو بوارەدا

**ناکرێ تورکیە وەک دەسەڵاتی کودێتایی یا وەک پێش ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی سەیر بکرێو گۆڕانکاریەکانی نێوخۆییو دەرەکیو بەتایبەتی موعامەلەی لەگەڵ کوردەکانیش بەکەم بگیرێ، بەڵام ئەگەر پراگماتیک دەرکەوێ، نابێ موخالیفی فێدرالیزم لە سووریەبێ. ئەگەر دەمارگرژانە هەڵسوکەوت بکاو بۆی بچێتە پێش، دژایەتیی لەگەڵ هەموو چەشنەکانی مافی کوردان دەکا.**

ئەوەی جێی سەرنجە، وڵاتی یوگسلاوی پێشوویە کە ماوەی دە ساڵی کێشا کە لە ڕێگای نیزامی ناتۆوە، ئەمری واقعیان پێسەلماندو نەتەوەکانی بەرایی ئەو وڵاتە بەهێند گیرانو ئیزنو یارمەتی دران وڵاتانی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن.

ڕووداوی جینایەتکارانەی یازدەی سێپتامبرو هێرشی تیرۆریستی لەنێو ئەمریکادا، ئەو وڵاتە زلهێزەو زۆربەی وڵاتانی دیمۆکراتیکو گەشەکردووی سیاسیو ئابووری تووشی هەلومەرجێکی نوێو چەند شەڕی نەخوازراو لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاستو بەشێک لە قارڕەی ئافریقا کرد. ئەو وەزعە کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆنی جیهانی دانا. ئیسلامی فێندەمێنتاڵ(بناژۆ)ی سیاسی کە سەرچاوەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لەگەڵ ڕۆژئاوای پێشکەتوو کەوتە ململانێی خوێناوی. لە ماوەی دە ساڵدا ـ٢٠٠١ تا ٢٠١١ـ گۆڕانکاری بەرچاو وەدەست هاتو دەسەڵاتە سەرەڕۆیەکانی تاڵیبانو بەعسی لە ئەفغانستانو عێراق نەمان. بارودۆخێکی نوێ لەو ناوچەیە هاتە ئاراوە.

لە ٢٠١١دا، نارەزایەتیو تێکۆشان لە چەند وڵاتی عەرەبی لە ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستی پێکرد. توونیس بوو بە پێشڕەوی تا ڕادەیەکی زۆر کەم خوێنو کەم تێچوو لە ئاڵوگۆڕەکاندا. پاشان لە میسر، یەمەن، ئۆردۆن، ئەلجەزایر، لیبیو... سەرهەڵدانو ڕاپەڕین دەستیان پێکردو هەر یەکەو بە گوێرەی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی ناوەندیو هەلومەرجی موخالیفان، گۆڕان ڕوویان دا.

سووریەش لە بازنەی ڕووداوەکانی ٢٠١١ کەوتو خەڵک لەنێوخۆ بەشێوەی مەدەنی داخوازە ڕەواکانی خۆیان لەسەر شەقامەکان هێنا گۆڕێ، بەڵام دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆی دیوەکەی دیکەی بەعسی سووریە بە بیانووی سنووری جوغرافیاییو دژایەتی لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل بۆ جووڵاندنی هەستی عەرەبەکانی دژی ئیسرائیلیو بیانوو دێتنەوە بۆ سەرکوتی موخالیفان، پیلانی ڕۆژئاوا دەکاتە پاساوی ٢ ساڵ کوشتاری بە تاکو کۆی نارازیان کە تا ئێستا بە پێی تازەترین نووسراوەی ماڵپەڕی بیبیسی، نزیکەی حەفتا هەزار کەس کوژراونو هەزاران کەسیش ئاوارەو پەڕیوەی هەندەران بوون.

لاوان: کوردانی ڕۆژئاوا تاکوو ئێستا لە چوارچێوەی دوو بەرەدا خۆیان پێناسە کردوە، بەرەی نزیک لە PKK و بەرەی نزیک لە PDK، ئایا ئەم دوو دەستەیە ئاکامی نێگەتیڤی بۆ دوارۆژی پرسی کورد لە سووریە جێ ناهێڵێ؟

وەڵام: ئەو دوو بەرەی ئاماژەتان پێکرد، ئەگەر بە ئیرادەو داخوازی نەتەوەییو بەگژداچوونەوەی ٥٠٠ ساڵەی دابەشینی کوردستان لەنێوان

داگیرکەراندا هەڵسوکەوت بکەن‌و بە یەکگرتوویی‌و بە قازانجی پرسی کورد بە پلەی یەکەم، پێکەوە هاوخەبات بن‌و لە دەرفەتەکان بە قازانجی کێشە سەرەکی‌یەکە کەڵکی لی‌وەرگیرێ، دەتوانێ پۆزێتیڤ بێ. ئەگەر بە پێچەوانە بێ‌و بەتایبەتی کارتێکەری پڕڕەنگی بەرەی ئێران، عێراق، سووریە، حیزبوڵڵا(هیلالی شیعە)و پشتیوانی رووسیەو چینی لەسەر بێ، زۆر جێگای مەترسی دەبێ. بەداخەوە بە قەولی جەنابت "ئاکامی نیگەتیڤی بۆ دوا رۆژی پرسی کورد" لە رۆژئاوای کوردستان دەبێ.

لاوان: تورکیە تا چ ئاستێک لەگەڵ بوونی دابین‌بوونی مافی کوردانی رۆژئاوای کوردستان رەزامەندی دەبێ؟ ئایا لەگەڵ مۆدێلی فیدڕاڵی لە سووریە دژایەتی ناکات؟

وەڵام: تورکیە لە کێشەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی سووریەو ئۆپۆزیسیۆن، لایەنگری ئاشکراو گەرم لە ئۆپۆزیسیۆن دەکا. بێ‌شک لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئەو وڵاتەدا، دەورێکی بەرچاو و گرینگی دەبێ. بەڵام سەبارەت بە کورد بۆچوونی دوو لایەنەی هەیە. لەگەڵ بەرەی "پ.د.ک"، هەڵوێستی نیگاتیڤی نییەو زۆریش پێی خۆش نییە بەهێز بێ، لانی‌کەم لە داهاتوودا. بەڵام بە نیسبەتی "پەیەدە" یا بەرەی نزیک لە "پ.ک.ک"، بۆچوونی نیگاتیڤ‌و هێندێک جار دژبەرانەشی هەیە.

بۆیە ئەگەر تورکیە فاکتەرێکی زۆر بەهێزی دوای نەمانی رێژیمی بەشار ئەسەد بێ یا سووریە لە نێوان سوننی عەلەوی‌و کورددا دابەش بکرێ یا شێوە بەڕێوەبەری‌یەکی وەک، باشووری کوردستانی هەبێ، تورکیە ناچار دەبێ، هەموو کوردەکانی رۆژئاوا وەک یەک سەیر نەکاو خوێندنەوەی جیاوازی لەسەریان هەبێ.

ناکرێ تورکیە وەک دەسەڵاتی کودێتایی یا وەک پێش ساڵی ٢٠٠٢ی‌زایینی سەیر بکرێ‌و گۆڕانکاریەکانی نێوخۆیی‌و دەرەکی‌و بەتایبەتی موعامەلەی لەگەڵ کوردەکانیش بەکەم بگیرێ، بەڵام ئەگەر پڕاگماتیک دەرکەوێ، نابێ موخالیفی فیدڕالیزم لە سووریە بێ. ئەگەر دەمارگرژانە هەڵسوکەوت بکاو بۆی بچێتە پێش، دژایەتیی لەگەڵ هەموو چەشنەکانی مافی کوردان دەکا. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە چۆنیەتی بەرەوپێشڤەچوونی دانوستانەکان، لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان‌و "بەدەپە"، خوێندنەوەی تورکەکان سەبارەت بە کوردەکان لە سووریە سەنگو سووک دەکا. لەونێوەدا گەورەترین فاکتەر، هێزی یەکگرتووی خەباتکارانی کوردە کە دەتوانێ چارەنووسی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر دیاری بکا.

**رووداوی جینایەتکارانەی یازدەی سێپتامبرو هێرشی تێرۆریستی لەنێو ئەمریکادا، ئەو وڵاتە زلهێزەو زۆربەی وڵاتانی دێموکراتیک‌و گەشەکردووی سیاسی‌و ئابووری تووشی هەلومەرجێکی نوێ‌و چەند شەڕی نەخوازراو لە رۆژهەڵاتی نێوڕاست‌و بەشێک لە قاڕڕەی ئافریقا کرد. ئەو وەزعە کاریگەری نەرێنی لەسەر رەوتی دێموکراتیزاسیۆنی جیهانی دانا.**



# ئانکارا لە ترسی ڕوودانی بەهاری کوردی!

**ن: اردشیر زارعی قنواتی**

**و: سەید جەلال**

کۆماری تورکیە لە بارودۆخی ئێستادا بۆتە زلهێزێکی ناوچەیی کە بەهۆی ئەو ڕۆڵەی لە گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەدا هەیەتی، گرینگی‌یەکی تایبەتی پەیدا کردوە. ئەم وڵاتە هاوکات لەنێو پێکهاتەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌یەکەی خۆشی‌دا بەهۆی دەسەڵاتی حیزبی ئیسلامخوازی «دادو گەشەپێدان» بە سەرۆکایەتی «ڕەجەب تەییب ئەردۆغان» سەرۆک وەزیرو ناکۆکی‌و جیاوازی لەسەر میراتی لائیسیتەی «کەماڵ ئەتاتورک»دا کەوتۆتە شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ حیزبە سیاسی‌یە سێکۆلارەکان‌و ئەرتەش‌دا. باسی شەڕوکێشەو دژایەتی کردنی مێژوویی کوردەکانی دانیشتووی تورکیە دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی کە کەمایەتی‌یەکی دوازدە تا پازدە ملوێنی پێک دێنن‌و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بەهۆی دەوڵەتەکانی دەسەڵاتدار بەسەر ئانکارادا وەک «تورکی کێوی» تەنانەت شوناسی نەژادی‌یەکەشیان بە فەڕمی نەناسراوە، دووهەمین لێک ترازانی گەورە لە پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم وڵاتە دایە کە بەردەوام گەورەپیاوانی تورکی ئازار داوە. ئەوەی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتانی عەڕەبی ڕووی داو بە بەهاری عەڕەبی ناوبانگی دەرکرد، بە سەرنجدان بە ڕۆڵی وەکالەتی تورکیە لە بەلاڕێ‌دا بردنی ئەم جووڵانەوانەو دیاری کردنی قۆناغی ئیسلامی کۆنەپارێزی سوننی بۆیان،

٤٩-٤٨
www.lawan.com
ڕەشەمەی ٢٧١٢ی کوردی



هەرچەند لە فۆرم پێدانی یەکەمدا ڕۆڵی «ئەڵترناتیڤی» بۆ ئانکارا گێڕا، بەڵام بە پێدانی بەقەستی ئیدارەی خودموختاری ناوچە کوردیەکان لە لایەن حکوومەتی ئەسەد لە سووریەدا، کاریگەریەکی وێرانەو ئاژاوەگێڕانەی لەسەر ناکۆکیو دژایەتی تورک ــ کورد لە وڵاتی دراوسێیدا جێهێشت. خۆتێهەڵقوتاندنو دەستتێوەردانی راستەوخۆی ئانکارا لەگەڵ عەرەبستانو قەتەر لە گۆڕانکاریەکانی سووریەدا تووشی دژکردەوەی دەمێشق بۆوە بۆ هاندانو بردنەسەری ئاستی داواکاری کوردەکانی تورکیە کە دەوڵەتی ئەردۆغانی رووبەرووی کێشەی دووبەرەکیو ناکۆکی پێکهاتەیی نێوخۆ کردەوە.

لە لایەک ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی تورکیە بەهۆی هەڵەی لێکدانەوەکانی ئەردۆغان بۆ رووخانی بەو زووانەی ئەسەدو ئاکامو دەرەنجامە نەرێنییەکانی لەسەر سەقامگیری تورکیەدا ئاستی داواکاریو رەخنەکانیان بردە سەرێو، لە لایەکی دیکەوە کوردەکانی بێبەش لە مافە سەرەتاییەکانیان لە تورکیەدا بە ئیلهام وەرگرتن لە بارودۆخی کوردەکانی رۆژئاوا(سووریە)، بزووتنەوە سیاسی ــ نیزامییەکامی خۆیان بە دژی دەوڵەتی ناوەندی

**باسی شەڕوکێشەو دژایەتی کردنی مێژوویی کوردەکانی دانیشتووی تورکیە دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی کە کەمایەتییەکی دوازدە تا پازدە ملوێنی پێک دێننو تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بەهۆی دەوڵەتەکانی دەسەڵاتدار بەسەر ئانکارادا وەک «تورکی کێوی» تەنانەت شوناسی نەژادییەکەشیان بە فەرمی نەناسراوە، دووهەمین لێک ترازانی گەورە لە پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم وڵاتە دایە کە بەردەوام گەورەپیاوانی تورکی ئازار داوە.**

زیاد کرد. بوونی چالاکانەی هێزەکانی «پ.ک.ک» لە ناوچە کوردنشینەکانی سووریەو هەڵدرانی ئاڵای حیزبی کرێکارانی کوردی تورکیە لەسەر بیناو پاسگاکانی سنووری نزیک ئەم وڵاتە، بە شێوەیەکی بەهێزو کردەیی هەڕەشەیەکی جیددیی

بۆ سەر ئانکارا سەیر دەکرا. شەپۆلی درگیرییەکانی نێوان نیزامییەکانی تورکیەو هێزەکانی «پ.ک.ک» لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا، مانگرتن لە خواردنی کۆمەڵێک لە زیندانییە کوردەکان بۆ ماوەی پەنجا رۆژو خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی خەڵکی کورد لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە لە پشتیوانی ئەوان کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکوتی پۆلیسی دژە شۆرش، ئەردۆغانی خستە حاڵەتی بەرگرییەوە.

**تا ئەو کاتەی گرژیو ئاڵۆزی درێژخایەن لە ناوچەدا بەردەوام بێ، بە هیچ جۆر «پ.ک.ک» حازر بە دانانی چەکو پاشەکشە لە دۆخی ئێستای بەبێ وەدەست هێنانی رێککەوتنێکی ستراتێژیک دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تورکیەدا نابێ.**

وتووێژە شاراوەو ئاشکراکانی مەئموورانی سیاسی- ئیتلاعاتی تورکیە دەگەڵ «عەبدوڵڵا ئۆجالان» رێبەری بەندکراوی کورد لە بەندیخانەی «ئیمراڵی» لەمەڕ ناسەقامگیری ئێستا لە ناوچە کوردنشینەکاندا، ئەو بارودۆخە ئاڵۆزو دژوارەی بۆ دەوڵەتی ئەردۆغان لێکەوتۆتەوە. بەپێی هێندێک راپۆرت کە لە لایەن سەرچاوە حکوومییەکانی تورکیەو کۆڕو ئەنجومەنەکانی نزیک بە حیزبە رەسمییەکانی کوردەوە بڵاو بۆتەوە، لە ماوەی چەند حەوتووی رابردوودا چاوپێکەوتنگەلێکی جۆراوجۆر لە نێوان بەرپرسانی فەرمیو ئۆجەلاندا ئەنجام دراوە. بەرواڵەت هەوڵی نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی رازی کردنی ئۆجەلان بۆ رێکەوتن لەسەر ئاگربەست، چەک کردنو چوونەدەرەوەی «پ.ک.ک» لە خاکی تورکیەو دەست تێوەرنەدانی ئەم هێزانە لە پۆلێنبەندی(چیدمان) یە قەومییە نوێیەکان لە سووریە دایە. ئەمە لەحاڵێک دایە کە تا ئێستا هیچ راپۆرتێکی بەڵگەدار لەسەر ئیمتیازو پوانەکانی دەوڵەتی ناوەندی بە کوردەکان لە ماوەی ئەم رێکەوتنە ئێحتماڵیو قەبووڵ کردنی داخوازییە مێژووییەکانی کوردی باکوور لە لایەن حیزبی دەسەڵاتداری ئەردۆغانەوە بڵاو نەکراوەتەوە.

ئەوەی کە عەبدوڵڵا ئۆجالان ئێستاش بە شێوەی سەمبولیک رێبەری مێژوویی کوردەکانی باکوور دێتە ئەژمارو، ئەزموون دەری خستووە کە ئەوان زیاتر گوێ بۆ راسپارەکانی دەگرن، لە کاتی تاکتیکی بوونی ئەم وتووێژانەو قەبووڵ نەکردنی لانیکەمی داخوازییەکانی کوردەکان، وێناچێ ئاکامێکی باشی لێبکەوێتەوە. لە بارودۆخێکدا کە هەر ئێستا تەنانەت حیزبە فەرمیو یاساییەکانی کورد بە بیانووی پێوەندییان لەگەڵ «پ.ک.ک»دا کەوتوونەتە ژێر تەوژمەوەو تاقمێک لە نوێنەرە پارلمانییەکانیان لە بەندیخانە دان، زیاتر لە هەشتا هەزارو سەرووی پەنجا رۆژنامەنووسی کورد هەر بەو بیانووەوە لە بەندیخانەکانی تورکیەدا حەپس کراونو چ بەشێوەی یاساییو چ فەرمی ئەوە هیچ کە ئاستی سەرکوت کردن کەمی نەکردوە، زۆر دوورە کە ئۆجالان بەشێوەی یەک لایەنە وەڵامێکی لەبارو شیاو بە داخوازی دەوڵەتی ناوەندی وەداو، یا ئەوەی کە رێبەری ئێستای «پ.ک.ک» بەبێ گەیشتن بە رێکەوتننامەیەکی بنەڕەتی وەڵامێکی ئەرێنی بەم هەوڵانە بداتەوە. بابەتی داخوازی کوردەکانی باکوور بەر لەوەی کێشەیەکی مەدەنیو گرووپی بێ کە بکرێ لە رێگای رێکەوتننامەیەکی تاکتیکییەوە رێک بکەون، داخوازییەکی مێژووییە بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووسو لەبەرچاوگرتنی لانیکەمی مافەکانی هاووڵاتیبوونیان لە چوارچێوەی یەک وڵاتی تورکیەدا.

ئەردۆغان لەگەڵ هاندانی خەڵکی تورکیە بۆ بردنەسەرو زۆربوونی حەشیمەتو رێژەی زاوزوو تا ئاستی لانیکەم سێ منداڵ بە سەرنجدان بە گەشەی حەشیمەت لە ناوچە کوردنشینەکان سەلماندی کە سەرۆک وەزیر لە تێک چوونی پێکهاتەی حەشیمەتیی لە تورکیەی

داهاتووشدا زۆر نیگەرانە. جموجووڵە تازەکانی ئەردۆغان بۆ نزیکایەتی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە راستای گۆڕینی جوغرافیایی ئۆردووگاکانی «پ.ک.ک» لە عێراق بۆ سووریە لە رادەی دەسەڵاتی «مەسعوود بارزانی» وەک ئاڵتێرناتیڤی وتووێژ، دەوڵەتی ئانکارا بەم حاڵەش لە بارودۆخی ئێستادا ناتوانێ رۆڵی چارەنووس‌سازی لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا هەبێ. لە بارودۆخێکدا کە ناوچە جموجۆڵی تێکەوتووە، باشووری کوردستان لە پێگەی سەقامگیریو هاوکێشە شەریک ئاساکاندا، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی بەسەر ناوچەی دەوروبەریدا نیەو ئەم راستییە ئاستی ناوەندی دەسەڵاتی نوێ لە ناوچەی وڵاتی سووریەدا بۆ رۆڵگێڕی لە نێوان کوردەکانی تورکیەدا دەباتە سەرێ. ناکۆکیو دووبەرەکی رێبەرانی کوردی سووریە کە زیاتر لە ژێر کاریگەری «پ.ک.ک» و باشووری کوردستان دان، ململانێیەکی لە نێوان کوردەکانی ناوچەکەدا پێک هێناوە کە لانیکەم لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەرییەکەی لەسەر تورکیەدا، کوردەکانی رۆژئاوای خستە پێگەیەکی بانتر بەسەر کوردەکانی باشووردا.

هەم لە چوارچێوەی لۆژیکی سیاسیو هەم لە بارودۆخێکدا کە بۆ یەکەم جار پێشمەرگەکانی «پ.ک.ک» دەستێکی ئاوەڵاتریان بۆ جەولە لە ناوچەکانی پشتەوەو قەراغدا هەیەو شەپۆلی نارەزایەتیو پرۆتێستۆی داواکاریەکان لە ناوچەشدا بە توندی لەحاڵی زۆربوونو پەرەگرتن دایە، ئەوان لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا بەبێ وەدەست هێنانی ئیمتیازاتی ستراتیژیک پاشەکشە بۆ پێکهاتنێکی تاکتیکی ناکەن. هەروەها لە دەرفەتێکی کە دەوڵەتی ئەردۆغان تا ئێستا گوێی بە داواکاریەکانی کوردەکانی دانیشتووی تورکیە نەداوەو سەرکوتی پێ باشتر بووە تاکوو رێککەوتن، بۆ دەوڵەتی ناوەندی ئانکاراش پاشەکشەی ستراتیژیک دانی باجێکی گەورەیە کە وێناچێ حازر بە هەڵگرتنەوەی ئەو هەنگاوە بنو ئەو کارە بکەن.

تا کاتێک کە شەڕی نێوخۆییو ناسەقامگیری لە سووریەدا بەردەوام بێ، دۆخی کوردەکانی رۆژئاوا سەقامگیر نەبێ، سنووری نزیک تورکیەو ناوچە کوردنشینەکانی ئەم وڵاتەش ناسەقامگیر دەبن. قوماری گەورەی تورکیەو ئاغای ئەردۆغان لەسەر گۆڕانکارییو وەرچەرخانەکانی سووریەو رۆڵی ئەم وڵاتە لە پەرەپێدانی ناسەقامگیری لە ناوچەدا، هەڵەیەکی دڵتەزێنی تاوتوێ نەکراو بوو کە ئەمڕۆکە بەرۆکی خۆیانی گرتۆتەوە.

تا ئەو کاتەی گرژیو ئاڵۆزی درێژخایەن لە ناوچەدا بەردەوام بێ، بە هیچ جۆر «پ.ک.ک» حازر بە دانانی چەکو پاشەکشە لە دۆخی ئێستای بەبێ وەدەست هێنانی رێککەوتنێکی ستراتیژیک دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تورکیەدا نابێ. ئەم رەوشە کە لەسەر بنەمای ئەزموونە مێژووییەکانو وەسەریەک خستنی داواکاریەکانی کوردی لە دروست کردنی سەرکوتگەری تورکیەدا سەبارەت بەوانە، تەنانەت بە پێشنیاری ئۆجەلانو ناردنی چەند نوێنەری کوردی پاڕلمان بۆ پشت راست کردنەوەی ئەم پێشنیارانەش بە هیچ شوێنێک ناگا.

هەم ئۆجەلانو هەمیش کوردەکانی تورکیە سەبارەت بە دۆخی خۆیانو لاوازییەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان لە بارودۆخی ئێستای پەیدابوو لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەییدا بە باشی ئاگادارن، هەربۆیە بەبێ یاری کردن لە یاریگایەکی براوەدا، قەت براوە لە یاریگا ناچێتەدەر.

**سەرچاوە:**

اخبار روز: www.akhbar-rooz.com

**ئەوەی کە عەبدوڵڵا ئۆجالان ئێستاش بە شێوەی سەمبولیک رێبەری مێژوویی کوردەکانی باکوور دێتە ئەژمارو، ئەزموون دەری خستووە کە ئەوان زیاتر گوێ بۆ راسپارەکانی دەگرن، لە کاتی تاکتیکی بوونی ئەم وتووێژانەو قەبووڵ نەکردنی لانیکەمی داخوازییەکانی کوردەکان، وێناچێ ئاکامێکی باشی لێبکەوێتەوە.**

# گرینگیی بەرزکردنەوەی دروشمی «مافی دیاری کردنی چارەنووس» بۆ کورد!



**هەیاس کاردۆ**

وەکی لە مێژووی نوێدا خوێندوومانەتەوەو ئەوەندەی خۆشمان وەبیرمان دێ کورد قەت بۆ ساتە وەختێک لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی ڕانەوەستاوە. لە درێژەی ئەو ڕێگا سەختو خوێناویو پڕ لە تەنگو چەڵەمەیەدا، کورد دروشمو پلانی جۆراوجۆری بۆ گەیشتن بە سەرمەنزڵی مەقسوود دیاری کردوونو بەپێی هەلومەرجو لێکدانەوەی وەزعی خۆیو لایەنی بەرامبەری هەر جارەی لە ڕێگایەکەوە خۆی دەرخستووە. هەرلەجێدا گۆڕینی دروشمو دانانی پلانی جۆراوجۆر بۆ درێژەی خەبات ئەرکی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیو حیزبە سیاسییەکانی بەڕێوەبەری خەباتی کوردە. هەتا سەرکردایەتیی خەباتی کورد کایەی زیاتر بە دروشمەکانی بکاو دەگەڵ ڕەوتی زەمان ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک بێنێ، باشتر دەتوانێ کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ کاتەوەو بۆ گەیشتن بە ئامانج ڕێکتریان بخا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەت لە قۆناغی دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، بزووتنەوەی کورد ڕێگای جۆراوجۆری گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی بەلانی کەمی مافەکانی خۆی بگا. بەڵام هەروەک دەبینین هەتا ئێستا چووکترین ئاڵوگۆڕی موسبەت لە بیروبۆچوونی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نابیندرێ. نەک هەر بیروبۆچوونی دەسەڵاتداران، بگرە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش کە ئیدیعای دیمۆکڕات بوون دەکاو پێی وایە بناخەی سیستمی داهاتووی ئێران دەبێ لەسەر دێمۆکڕاسیو پێکەوە ژیانی ئازادانە دامەزرێ، کە دەگاتە سەر مەسەلەی کورد ڕێگای خۆی دەگۆڕێو بە هەمان عەقڵییەت کار دەکا کە لێی چاوەڕوان دەکرێ. هەر بۆیەشە کە دەبینین سەرەڕای هەوڵی زۆری حیزبە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ڕێگا چارەیەکی گونجاو، گرێ پووچکەی موشکیلەی کورد هەر بە نەکراوەیی ماوەتەوەو وێش ناچێ ئاڵوگۆڕێکی باشی تێدا بکرێ.

لە کەشو هەوایەکی ئاواداو بە بوونی عەقڵییەتێکی ئەوتۆ لە نێو دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا، بزووتنەوەی کورد ناچارە ڕێگای نوێ بدۆزێتەوەو لە دەروازەی دیکەوە خۆی بە ژووریدا بکا. ئەوەی هەتا ئێستا تاقی کراوەتەوە هەرچەند زەحمەتی زۆری بۆ کێشراوەو تەنانەت خوێنی زۆری بۆ دراوە، بەڵام بە کردەوە دەرکەوتووە ئەگەر سەریش بگرێ وەڵامی ویستو داخوازی گەلی کورد ناداتەوە. هەربۆیە لەم قۆناغە بەدواوە دروشمی خەباتی کورد باشترە بگۆڕدرێو هەنگاوێک بۆ پێشەوە باوێژێ. ئەم دروشمەش کە پێویستە لەمەودوا زەق بکرێتەوە "مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد"ە. با بزانین قازانجەکانی هەڵگرتنی ئەم دروشمە بۆ خەباتی کورد چیە؟!

هەر وەک گوتمان لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابوردوودا نە دەسەڵاتدارانی ئێرانو نە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە چووکترین داشکانیان سەبارەت بە داخوازەکانی کورد نەکردوەو تەنانەت هەتا هاتووە حەساسییەتی زیاتریان لەو بارەیەوە نیشان داوە. دروشمی "خودموختاری" کە داوای لانی کەمی مافەکانی کوردی تێدا گونجابوو سەرەڕای ئەو هەموو

خەباتە خوێناوی‌یەی بۆی کراو تەنانەت گیانی ڕێبەری گەورەی وەک دوکتۆر قاسملووشی لەسەر داندرا، بێ‌ئاکام مایەوە. دواتریش کە "فیدراڵیزم" وەک گونجاوترین سیستمی بەڕێوەبەریی حکوومەتی ئێران خۆی خزاندە نێو بەرنامەی حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردو بوو بە میحوەری باس‌و وتووێژەکانی نێوان لایەنە ئێرانی‌و کوردی‌یەکان، دیسان نەک هەر نەبۆتە پلانی کاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بگرە وەک چەکێک بۆ تۆمەت لێدان لە هێزە کوردی‌یەکان بەوە کە دەیانەوێ ئێران دابەش بکەن، کەڵکی لێ‌وەردەگیرێ. هەر بۆیە ئەم دروشمەش وێ ناچێ بۆ کورد خێر بداتەوەو ئێرانی‌یەکانی پێ قانع بکرێ دان بە مافەکانی کورد دابنێن. لەم حاڵەتەدا دروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووس دەتوانێ وەک تاقە ڕێگا و باشترین ڕێگای مومکین مەترەح بکرێ‌و لەو ڕێگایەوە حیزبە سیاسی‌یەکانی کورد بەم مەبەستانەی خوارەوە بگەیەنێ:

یەکەم، حیزبی سیاسیی کورد کاتێک دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دادەنیشێ‌و باسی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی دەکا کە دەودا کورد بتوانێ بە مافی خۆی بگا، مەیدانی مانۆڕی زۆرەو هەر لە ئێستاوە مەجال بە نەیارانی کورد نادا ڕیز بەندی بکەن‌و بە بیانووی "تەجزیە تەڵەبی" خۆیان لە حاند ئەو داوایانە گێل بکەن. ئەوە بەو مانایە کە حیزبی کوردی هەموو بڕیارێک دەگەڕێنێتەوە بۆ خەڵکو خۆی لە ئێستاوە هیچ چوارچێوەیەک دیاری ناکا. واتە هەم بە دەسەڵاتداران‌و هەم بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەڵێ ئەوە خەڵکی کوردستان خۆیەتی بڕیار لەسەر چۆنیەتیی ژیانی خۆی دەداو من ناتوانم لە ئێستاوە لە جیاتی ئەو بڕیار بدەم. لە ڕاستییشدا ئەوە دێمۆکراتیک‌ترین‌و گونجاوترین دروشمە کە دەتوانێ هەم دڵی خەڵکی کورد خۆشتر بکاو هەم هێرشی بەربڵاوی دژبەرانی مافەکانی کورد کەم بکاتەوە. مەیدانی ئەو دروشمە هەتا ڕادەیەک بەرینە کە جێی هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوەو ڕەنگە هەر کەس لە حاند خۆیەوە جۆرێکی لێک بداتەوە. ئەوەش شتێکە حیزبی سیاسیی کورد دەتوانێ لە هەموو وتووێژێکی‌دا کەڵکی لێ‌وەرگرێ‌و دەمی نەیارانی پێ ببەستێ.

دووهەم، بە بەرز کردنەوەی ئەو دروشمە سەربەخۆیی‌خوازانی کورد ناتوان گلەیی لە حیزبە سیاسی‌یەکان بکەن کە نایانەوێ کورد بە ئاکامی دڵخوازی خۆی بگا. هەر وەک دەبینین هەتا ئێستا ڕەخنەی هەرە توند لە حیزبە خەباتکارەکانی کورد ئەوەیە کە خۆیان لە چوارچێوەی ئێران‌دا قەتیس کردوەو بوونەتە لەمپەر لە بەردەم سەربەخۆیی کورد. بە هەڵگرتنی ئەم دروشمە حیزبی سیاسیی کورد خۆی لەو ڕەخنەیە دەرباز دەکا، چونکە هەموو مافێک بۆ خەڵک ڕادەگرێ‌و خۆی هیچ ناڵێ. ئەوەش وا دەکا ئەو کەسانەی هەتا ئێستا دوورە پەرێز بوون‌و نائومێدی باڵی بەسەردا کێشابوون، پشوویەک بدەن‌و خۆیان دەگەڵ ئەو دروشمە ڕێک بخەن.

سێهەم‌و لەوانەش گرینگ‌تر، دروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووس دەتوانێ دڵی ئەو هەموو کوردەش خۆش بکا کە چاوەڕوانن لە دەرفەتێکی لەباردا سەبارەت بە چارەنووسیان پرسیان پێ بکرێ‌و مەیدانی دەنگدانیان بۆ ئاوەڵا بکرێ. چونکە خەباتی حیزبەکان لە پێناو ئازادیی کورد دایە و ئەگەر خەڵکی کورد لەسەر مافی خۆی پرسی پێ نەکرێ، ئاساییە مەیلی بە هاوکاریی حیزبەکان نابێ‌و دڵساردی ڕووی تێ‌دەکا. بەڵام بە بەرز کردنەوەی ئەو دروشمە دیارە ئەوان پاڵپشتیی زیاتری حیزبە سیاسی‌یەکان دەکەن‌و دروشمی ئەوان بە هی خۆیان دەزانن. چونکە بۆیان دەردەکەوێ حیزبی سیاسی لە جیاتی وان بڕیاری نەداوەو لەسەر مافی ئەوان دەگەڵ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، یان ئۆپۆزیسیۆن موعامەلەی نەکردوە. چونکە بۆیان ڕوون دەبێتەوە حیزبی سیاسی تەنیا خەبات دەکا بۆ ئەوەی مەجالی ئەوە پێک بێنێ خەڵک چارەنووسی خۆی دیاری بکا. چونکە لێی ئاشکرا دەبێ هیچ مەیدانێک بۆ سات‌و سەودا لەسەر مافەکانی نامێنێ‌و هیچ پردێک لە نێوان خەڵکو حیزبی سیاسی‌دا بوونی نابێ. ئەوە لەڕاستی‌دا گرینگ‌ترین لایەنی بەرزکردنەوەی دروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووسەو بە تاقی کردنەوەی ئەو ڕێگایە بێ‌گومان خەباتی کورد دەکەوێتە قۆناغێکی زۆر هەستیارترو کاریگەرتر.

با هەوڵ بدەین بە بەرزکردنەوەی دروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد، مەیدانی خەباتەکەمان بەرینترو ئاسۆی داواو ویستەکانمان ڕوونتر بکەین. بێ‌گومان کورد هەتا گەیشتن بە ئاواتەکانی مەودایەکی زۆری لە پێشە، بەڵام دەکرێ بە تاقی کردنەوەی ڕێگای جۆراوجۆر ئەو مەودایە کورت‌تر بکرێتەوە.



# دێمۆکڕاسی لە جۆری تورکیە!

ئیبراهیم جەهانگیری

دێمۆکڕاسی دروشم نییە، وەک راهیان کەربەلا لە ناوچاوانی بدەی‌و بەڕێدا بڕۆی، دێمۆکڕاسی سیستەمە، کولتوورە، رەفتارە. دێمۆکڕاسی بناخەکەی لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دارێژراوە، کەواتە بە خۆدا هەڵگوتنی سیاسەتمەداران ناتوانێ سەلمێنەری ئەو راستی‌یە بێ کە سیستەمی ئەو وڵاتە دێمۆکڕاتیکە. چۆن حکوومەتی تورکیا بەو رەفتارەی لە درێژایی تەمەنی‌دا بەرامبەر بە کورد نواندوویەتی دەتوانێ‌و لە ڕووی هەڵدێ باسی دێمۆکڕاسی تورکیا بکات. سیستەمی تورک‌و دەسەڵاتداری تورک تا ئێستاش دانی بە بوونی گەلێکی چەندین میلیۆنی نێوخۆی تورکیە دانەناوە، وەک نەتەوە حیسابیان بۆ ناکات. لە یاسای تورک‌دا هیچ مافو ئازادی‌یەک بۆ کورد دیاری نەکراوە. تەنانەت سەرەتایی‌ترین ماف‌و ئازادی‌یەکانی ئەو گەلە نەک وەک نەتەوەیەکی جیا، بەڵکوو وەک مرۆڤیش لە تورکیا لەبەرچاو ناگیرێ.

کولتووری تورک‌و دێمۆکڕاسی یەکجار زۆر لێک دوورن، ئەوان بۆ تورک رەنگە بڕە دێمۆکڕاسی‌یەکیان هەبێ، بەڵام بەرامبەر بە نەتەوەی دووهەم واتە کورد لەو وڵاتەدا فاشیزم‌و رەگەزپەرەستی تورک وەها تێک چڕژاون‌و دەستەملانی یەکتر بوون کە تێکەڵێکی سەیری لێ دەرهاتووە. ئەو رەگەز پەرەستیە و فاشیزم رەفتارە وای کردوە کە لە نێو وڵاتێکی گەورەی وەک تورکیا وێڕای ئەوەی بەدەیان تەلەویزیۆن‌و رۆژنامەی سەربەخۆو ئۆپۆزیسیۆن هەن جگە لە چەند کەسێکی کەم ئەوانی دی بەرامبەر بەو زەبرو زەنگەی حکوومەت دژ بە کوردان متەقیان لە خۆ بڕیوەو رەنگە لە دڵەوە زۆریشیان پێ‌خۆش بێ کە سەری ئەو گەلە سەر بزێوە پان دەکرێتەوە! کەواتە ئەو رەگەزپەرەستی‌و رەفتار فاشیستی‌یە نەتەنیا کاربەدەستانی دەوڵەت، بەلکوو هەموو دەمارەکانی کۆمەڵگاشی تەنیوەو چۆتە خوێنی تورکانەوە. هەر بەو پێیە فاشیەت‌و رەگەزپەرەستی بۆتە کولتووری باو و گشتی کۆمەڵگای تورک.( ئەو پێناسەیە بۆ ئێران‌و سوریەو عێڕاقیش هەر وەک یەک وایەو هیچ جیاوازی‌یەکیان لە ناودا نییە). چۆن دەکرێ فاشێزم لە دڕندەترین شێوازی خۆی‌دا لە سەدەی 21 ئیدیعای ئەوە بکات کە حکوومەتێکی دێمۆکڕاتێکی بنیات ناوەو هەوڵی ئەوە بدات بچێتە یەکیەتی ئوروپا تەنیا بۆ بەرژەوەندی ئابووری‌و دەست راگەیشتن بە بازاڕەکانی

ئورووپا بۆ ئەوەی بتوانێ قازانجی زیاتر لەو بارەوە بە سەرمایەدارانی تورک بگەیەنێ؟ ئەگەرچی نەچوونی تورکیا بۆ یەکیەتی ئورووپا زەرەری کوردانی تێدایە، بەڵام شەرمە بۆ یەکیەتی ئورووپا باوەش بۆ وڵاتێکی وەک تورکیا بە سیستەمێکی هێندە دڕندەو خێلەسەری دژی مرۆڤ بکاتەوە.

سیستەم بنیاتنەرو پاڵپشتی ئەو کولتوورەیە کە خۆی بەرهەمی هێناوە، جا ئەو کولتووره ئەو رەفتارەی لێدەکەوێتەوە کە سیستەم بنیاتی ناوەو پەرەی پێداوەو تەبلیغی بۆکردوەو ئەمڕۆ بە ئاشکرا بەرهەمەکەی دەبینین، لەو وڵاتەدا رەحم بە ژنو منداڵو گەورەو بچووک ناکرێ، لە خۆ پێشاندانەکانی کوردانی باکووردا کە هێمنانە بەڕێوە دەچێ، دیمۆکراسی تورکیا زۆر بە روونی دەبینن، دیمەنی وا لە رەفتاری فاشیستیانەی پۆلیس بەرچاو دەکەوێ کە لە هیچ شوێنێکی ئەو دنیایە نابینرێ. وەحشیگەری بە تەواوی مانا و دڕندەیی بەوپەڕی رووهەڵماڵراوی بە سیمای هێزە سەرکوتکەرەکانی تورکیاوە دەبینرێ. پۆلیسی تورک وا تێگەیەنراوە کە ئەو کۆمەڵە بوونەوەرە مرۆڤ نینو ئەویش راست قەبووڵی کردوەو بۆیە دەتوانێ زۆر بە سانایی گورزی گرانی قامچیو دار دابێنێتەوە سەرو گوێلاکی رۆڵەی کوردو نووکە شەقی پۆتینەکانی لە سەرو دەمو چاو و قەبرغەی ژنو منداڵو گەورەو بچووک وەک ئاوخواردنەوە وابێو لەو کردارەش هیچ هەست بە عەزابی ویژدان ناکات.

درۆ کردن لای دیکتاتۆرەکان کارێکی ئاساییە!

درۆو ساختەگەری یەکێکی دیکە لە خەسڵەتەکانی سیستەمی داخراو دژی گەلیە و لەو بارەوە حکوومەتی تورکیاش وێنەی باقی حکوومەتەکانی دیکە زۆر بە هاسانی درۆ دەکاتو پاش ئەوەی لێشی ئاشکرا بوو وەک "نە بای دیبێو نە باران"، هەر وەسەر خۆشی ناهێنێ. ئەردۆغان سەرۆکی حیزبی عەدالەتو گەشەی تورکیا سەبارەت بە مانگرتنی کۆمەڵێکی چەند سەت کەسی لە مانگرتووانی کورد دەیگوت: شتی وا هەر نییەو ئەوە چەند کەسێکن بۆ تەبلیغاتی تەلەویزیۆنەکان خۆیان دەنوێنن! چی پێنەچوو ئەردۆغان گوتی: تەنیا یەک نەفەر لە خواردن مانی گرتووە! بولەند ئارینچ جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا داوای لە زیندانیان کرد کە واز لە مانگرتن بێنو پێویست ناکات بۆ خواستەکانیان گیانیان بخەنە مەترسییەوە. هەر لەم هەرا و هەنگامەیەدا وەزیری دادی تورکیا دەڵێ: 682 زیندانی کورد لە 67 زیندانی تورکیادا مانیان لە خواردن گرتووە. کە سەرنجی قسەی ئەو بەرپرسانەی حکوومەتی تورکیا دەدەین زۆر بە ئاشکرا درۆکانی ئەردۆغانمان بۆ روون دەبنەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەردۆغان سەرۆکی حکوومەتێکی موسوڵمانو حیزبێکی ئایینیشە کە درۆ کردن تێیدا حەرامە. هەر ئەو ئەردۆغانەی دیسان تەنیا بۆ کڵاو لەسەر نان ماوەیەک لەمەو بەر ببوو بە داکۆکیکاری یەکەمی حەماسو حیزبوڵڵاو دەیهەویست لاسای سەلاحەدینی ئەیووبی بکاتەوە قودسی موسوڵمانان لەسەر دەستی ئەو رزگار بێ.

تورکیا دوو ریگای زیاتر لەبەر نییە، ئەوەی کە هەوڵی چوونە نێو یەکیەتی ئورووپا دەدا بە دڵنیاییەوە بەو ئاکارو کردارەی کە بەرامبەر کورد دەینوێنێ ئاسنی سارد کوتانە، تورکەکان زۆر باش دەزانن یەکیەتی ئورووپا هیچ حکوومەتێک وەک ئەندام وەرناگرێ ئەگەر ئەو حکوومەتە لە وڵاتەکەی خۆیدا مافی مرۆڤی نەپارێزێو لەبەر چاو نەگرێ. حکوومەتی تورکیا بە دڵنیاییەوە ناتوانێ پێ بخاتە نێو یەکیەتی ئورووپاوە ئەگەر دان بە مافو ئازادییەکانی گەلی کورد دانەنێ. کەواتە یان دەبێ وەک خومەینی جامە بە ناوبانگەکە نۆش بکاتو دان بە مافی بێ ئەملاو ئەولای کورد بنێ یان دەبێ واز لەو ژێستە دیمۆکراتیکە بێنێو خۆی راست لەو خانەیە دابنێتەوە کە شایستەیەتی، واتە هاوشانی بەشار ئەسەدو خامنەییو سەدام حوسێن.

http://www.bbc.co.uk/persian/world/2012/11/121106_l45_turkey_kurdish_hunger_strike.shtml




# کورتەیەک لە مێژووی وڵاتی سووریە

**عەلی قۆیتاسی**

کورتەیەک لە مێژووی وڵاتی سووریە

عەلی قۆیتاسی

وڵاتی سووریە بە رووبەری ١٨٥١٨٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە لە باشووری رۆژئاوای ئاسیا هەڵکەوتووە. هەروها لە گەڵ وڵاتانی عێراق، تورکیە و ئوردۆن، فەلەستین‌و لبنان‌دا دراوسێیە . پێویستە بگوتری سووریە بەشێک لە خاکەکەی کەوتۆتە سەر دەریای مەدیتەرانە. هەرچەند بەشێکی بەرچاو لە وڵاتی سووریە بیابانە، بەڵام گرینگترین بەرزاییەکانی لە هاوسێیەتی لوبنان، کێوەکانی عەلەویی ، "جبل الدوز"، بشرییە گرینگترین چۆمەکانیشی فۆرات، خابور، عاسی، عفرین، قویق‌و دیجلەیە.

**پێکهاتەی دانیشتوانی سووریە بەم جۆرەیە:**

٨٨ لەسەدی خەڵکەکەی عەرەبە، ٦/٣ لەسەدی کوردە، ٢/٨ لەسەدیشی ئەرمەنییە. ٨٨ لەسەدی دانیشتوانی موسوڵمانن. سوننی، عەلەوی، دروزی‌و ١٢ لەسەدیشی مەسیحییە.

**کورتەیەک لە مێژووی وڵاتی سووریە:**

سووریە یەکێک لە کۆنترین ناوچە نیشتەجێ بووەکانی ئاسیایە و لە هەزارەی سێهەمی پێش زایینە. قەومەکانی سامی‌و ئاموری لەوێ نیشتەجێ بوون کە حکومەتێکیان پێک هێنا کە تا ساڵی ١٧٠٠ی پێش زایین درێژەی هەبوو. بەشێک لە خاکی سووریەش لە سەدەکانی پێش زایین سەربە فینیقیە واتە لوبنانی ئەمڕۆ بوو.

لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی پازدەهەمی پێش زایین قەومێکی دیکە بە ناوی ئارامی لە سووریە جێگیر بوون.

لە سەدەکانی پێش زایین سووریە زۆر جار لە لایەن میسریەکان، ئاشووریەکان، بابولی‌و، ئێرانیەکان داگیر کراوە.

لە ساڵی ٣٣١ی پێش زایین هەروەکوو بەشێکی بەرچاو لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، سووریەش کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتۆری ئەسکەندەری مەقدوونی‌و دواتر دوای مردنی ئەسکەندەر سووریە کەوتە ژێر دەستی سلوقیەکان کە پاشماوەی مەقدونیەکان بوو. لە ساڵی ٦٣ی دوای زایین ئیمپراتۆری گەورەی ڕۆم سووریەی داگیر کرد کە بۆ ماوەیەکی زۆر حکومەتی ئەشکانی‌و ڕۆمی‌یەکان لەسەر کۆنترۆڵ کردنی سووریە شەڕیان بوو. دوای دوو لەت بوونی دەوڵەتی ڕۆم سووریە لە ٣٩٥ی زایین کەوتە دەست ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەڵات واتە بیزانس. بەڵام بەرەبەرە حکوومەتی بیزانس لە سووریە بەرەو دارمان چوو و لە زەمانی حەزرەتی ئەبووبەکر دووهەمین خەلیفەی ئیسلام سووریە لە لایەن «خالیدی کوڕی وەلید»ەوە داگیر کراو لە دوو شەڕی گەورە لەگەڵ بیزانسەکان‌دا وڵاتی سووریە یان شام بوو بە بەشێک لە مەمالیکی ئیسلامی. لە زەمانی خەلیفەی سێهەمی ئیسلام واتە حەزرەتی عوسمان، بەڕێوەبەری سووریە درایە دەست «موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان»، موعاویەش لە زەمانی خەلیفەی چوارەمی ئیسلام واتە حەزرەتی عەلی، شۆڕشی بە دژی عەلی کردو پاش ئەوە کە بە خەلافەت گەیشت، دیمەشق بوو پێتەخت.

دیمەشق تا ساڵی ٧٢٥ی زایینی واتە ١٢٧ی‌کۆچی مانگی ناوەندی خەلافەتی ئەمەویەکان بوو کە لەو ساڵەدا لەلایەن ئێرانیەکان بە سەرۆکایەتی ‹‹ئەبوومۆسلیمی خۆراسانی›› کۆتایی بە دەسەڵاتی بەنی ئومەوی هات‌و بووە هۆی ئەوە کە عەباسی‌یەکان بێنە سەر کار. بە لاوازبوونی عەباسیەکان لە سووریە

چەندین حکوومەتی خۆجێیی سەریان هەڵدا کە گرینگترینیان ‹‹حەمدانییەکان›› بوو.

لە ساڵی ١٠٠٤ی زایینی واتە ٣٩٤ی کۆچی مانگی، دەوڵەتی ‹‹حەمدانی›› لێک هەڵوەشاو سووریە لە لایەن میسرییەکانەوە کە زنجیرەی ‹‹فاتمییەکان›› لەسەر کار بوون، داگیرکرا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی یازدەی زایینی تورکە سەلجوقیەکان سوریەیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان واتە ١١١٧ ـــ ١٠٩٧ حکوومەتەکەیان لە سووریە درێژەی کێشا.

لە کاتی شەڕە ‹‹سەلیبییەکان›› واتە ١٢٧٠ ـــ ١٠٩٧ لە نێوان مەسیحییەکانو موسوڵمانەکاندا ڕوی دا، تا ماوەیەکی زۆر ئورووپاییەکان جێگەو پێگەی نیزامی باشیان لە سووریەدا دروست کرد، بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەیەمی زایینی میسرییەکان توانیان سەلیبییەکان تێک بشکێنو سووریە جارێکی دیکە بوو بە بەشێک لە خاکی میسر هەتا ساڵی ١٥١٦ی زایینی لە زەمانی سوڵتان سەلیمی عوسمانیدا، سووریە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانییەکان کە تا ساڵی ١٩١٤ بەسەر سووریەدا حکوومەتیان کرد. کاتێک عوسمانیەکان لە شەڕی جیهانی یەکەمدا چوونە نێو شەڕەوە، سووریە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی فەڕانسەو دوای شەڕیش کۆڕی نەتەوەکان سووریەیان بە قەیمومیەتی فەڕانسە دەرهێنا. لە ساڵی ١٩٢٦ لوبنان کە تا ئەوکات بەشێک بوو لە سووریە جیا بۆوەو بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەروەها لە سەروبەندی شەڕی دووەمی جیهانیشدا فەڕەنسیەکان ناوچەی ئەسکەندەرونیان دا بە دەوڵەتی تورکیە، ئەوە ئیمتیازێک بوو درا بە تورکیە بۆ ئەوەی بە قازانجی ئاڵمانیەکان تورکیە نەچێتە نێو شەڕەوە.

لە ١٦ی سپتامبری ١٩٤١ فەڕانسە و بەریتانیا سەربەخۆیی تەواویان دا بە سووریەکانو شێخ تاجەدینی حەسەنی بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری سووریە. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٤٣ بەرەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ‹‹شوکری القوتلی›› سەرکەوتنیان بەدەست هێناو ناوبراو بوو بە سەرۆک کۆماری سووریە.

لە ساڵی ١٩٤٨و لە کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایەن ‹‹دیوید بن گوریون››ەوە وڵاتی سووریەش بەشداری شەڕی ئەعرِاب ـ ئیسرائیلی کرد.

لە ساڵی ١٩٤٩ کودیتایەک بە سەرۆکایەتی ‹‹حسن الزعیم›› دەوڵەتی «القوتلی» لە مەیدانی سیاسی سووریە پاک کردەوە. هەر لەو ساڵەدا ‹‹سامی الحناوی›› کە ژەنەڕاڵ بوو، کودیتایەکی بە دژی «حسن الزعیم» کرد کە هێندەی نەخایاند کە ‹‹ئەدیب شیشکلی›› بە کودیتایەک حکوومەتی سووریەی بەدەستەوە گرتو دوای چوار ساڵ بە هۆی نائارامیو ناکۆکی لە وڵاتدا ‹‹ئیستقالەی›› دا. ١٩٥٣.

دوای ‹‹ئەدیب شیشکلی››، ‹‹هاشم الاتاسی›› دەسەڵاتی گرتە دەستو بە گرێدانی ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ رووسیا، سووریە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالستی پەیوەندی سیاسیو ئابووری بەستو لە وڵاتانی سۆسیالستی نزیک بۆوە. پێویستە بگوترێ ئەوکات لە سووریە حیزبی بەعس واتە ‹‹حیزبی سۆسیالستی بەعس›› کە لە ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن ‹‹میشل افلق›› دامەزرابوو، لەسەر کار بوو.

لە مانگی مارسی ١٩٦٣ ئەفسەرانو لایەنگرانی ‹‹جمال عبدوالناصر›› لە ژێر پاساوی یەکێتی عەڕەب هاتنە مەیدانو حکوومەتیان بەدەستەوە گرت. لە ساڵی ١٩٦٥ کودیتایەکی نیزامی دیکە بە سەرۆکایەتی «صلاح الجدید» لە سووریە ڕویداو بۆخۆی گەیشتە هەرەمی دەسەڵات.

لە ساڵی ١٩٦٧ وڵاتی سووریەش لە دووهەمین شەڕی گەورەی «ئەعڕاب ـــ ئیسرائیل››دا بەشداری کرد.

لەساڵی ١٩٦٨ کێشەی نێوخۆیی حیزبی بەعس زیاتر پەرەی سەندو ژەنڕاڵ «حافز ئەسەد›› بە کودیتایەکی سەربازی بە تەواوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتو لە ساڵی ١٩٧١ بە ڕەسمی بوو بە سەرۆک کۆماری سووریە. لەو ماوەیەدا «ئەاسەد» پەیوەندی خۆی لەگەل میسر کەم کردبۆوە بە تایبەت کە لەساڵی ١٩٧٩ قەراردادی «کامپ دیوید» لەنێوان میسرو ئیسرائیل بەسترابوو کە بە تەواوی لەنێوان میسرو سووریە پەیوەندی پچڕابوو.

پێویستە بگوترێ کە بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو دنەدانی حکوومەتی سووریە لەلایەن ئیرانەوەو پاشان دامەزراندنی حیزبوڵلای لوبنان راستەوخۆ سێ کوچکەیەکی شیعە لە ناوچەدا سەری هەڵدا. ئێران، سووریە و حیزبوڵلای لوبنان. ڕونو ئاشکراشە کە لە جەریانی شەڕی عێڕاقو ئێران، سووریە پشتیوانی لە حکوومەتی ئێران دەکردو هیچ پێوەندییەک لەنێوان حیزبی بەعسی سووریو حیزبی بەعسی عێڕاق نەماو بە تەواوی دوو دەوڵەتی سووریەو عێڕاق پێوەندییان نەماو پچڕا.

لە ساڵی ١٩٨٠ سووریەو لیبی پێوەندییەکی بەهێزیان پێک هێناو یەکیەتییەکی بەهێزیان دروست کرد. هەر لەو کاتەشدا پەیوەندی سووریە و ئۆردۆن بەرەو خراپی ڕۆیشتو ڕاستەوخۆ وڵاتانی عەڕەبی بوون بە بەرەیەکی لێک جیا بەتایبەت بە جێگیرکردنو دانانی موشەکی ڕووسی لە لوبنان لە لایەن سووریە و هاتنە ناوەوەی سووریە لە شەڕی لوبناندا.



# لە بەرەبەری یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا

حەسەن حاتەمی

ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢(٢٠١٣)، یەکێک لە هەڵبژادنەکان، هەڵبژاردنی سەرکۆمارییە. بەپێی عادەتی پتر لە سی ساڵی کۆماری ئیسلامی لەهەر دەورە هەڵبژارنێکو بە تایبەتیو هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بە گرینگ دەزانیو تەبلیغاتی زۆر بۆ دەکا.

جگە لە گرینگییەکانی دەورانی تێپەڕان(گذار)، بۆوێنە دوای نەمانی ئایەتوڵڵا خومەینی یا تەواوبوونی دوو دەورەی هاشمی ڕەفسەنجانیو، پاش خاتەمی، ئەم دەورەیە بۆ سێ بەش لە دەسەڵاتدارانی کۆنو نوێ گرینگە.

یەکەم: بۆ ڕێبەر خامنەیی وەک بەرپرسی یەکەمی نیزام کە لە ساڵی ١٣٨٤(٢٠٠٥)وە، ئەحمەدی نیژادی بەفێڵ لە کەڕوویبیو ڕەفسەنجانی بە نزیک لەخۆی زانیو کردی بە سەرکۆمار. ئەویش بەو دروشمو کارە سەیرو سەمەرانەی بەتایبەتی لە لێدوانی ساڵانەی لە نیۆیۆرکدا، پێداگری لەسەر سیاسەتی نادیپلۆماسی سەبارەت بە پیتاندنی ئۆرانیومو سڕینەوەی ئیسراییل لەسەر نەخشەی جیهان، مودیرییەتی ئابووری دنیا و... هەرچەند لەو بارەیە زۆر بە دەسەڵاتیش نەبوو، کێشەی زۆر بۆ ڕێژیم دروست کردو فەزای ناوچەکانی دەوروبەری ئێرانی بەرەو میلیتاریزەکردنی پتر لە پێشوو برد.

لە دەورەی دوویەمی بەسەرکۆمار کردنەوەی ئەحمەدی نیژاد دا، خامنەیی تێچووی پتری داناو میرحوسێنی مووسەویو بۆ جاری دوویەمی کەڕوبیشی بۆ قوربانی کرد. ئەو مووسەوییەی نە حیزبی جمهووری ئیسلامی هەتا هەبوو توانی بەسەریدا زاڵ بێ، نە لە بەڕێوەبەریدا توانی لە پێش چاوی ئایەتوڵڵا خومەینی بخا، بەڵام ئەحمەدی نیژادی دەورەی دوویەم جیاوازە لەگەڵ دەورەی یەکەم، چونکە بەپێی پێوانەکانی ڕێبەریو بەیتەکەی نەجوولاوەو لەوپەڕی ناباوەڕیدا لە بەرانبەریان ڕاوەستاوەو هەرچەند خامنەیی سیگناڵی بێدەنگ بوونی دەداتێ، ئەحمەدی نیژاد گوێی ناداتێ کە ئەو بەربەرەکانێیە لە قامووسی ڕێبەریو سەرکۆمارییدا نابێ بە ئاسایی چاو لێبکرێ. بۆیە لابردنی گرووپی ئەحمەدی نیژاد، لە دەسەڵاتی ئیجرایی ـ هەرچەند کەمیش بێ، ئاسان نییە!؟ چونکە وازهێنانو دەست لەهیچ گیرنەبوونیان ئیمکانی برانیان بۆ زیندانو تەنانەت بە "خائین" ناساندنیان هەیە. هەروەها ئەو چەند ئایەتوڵڵایەی بە دەورەی خامنەییەوەن، جگە لە هاشمی شاروودیو سادق لاریجانی ـ کە لە کۆمەڵگای ڕووحانیدا پێگەی بەهێزیان نییە، ئەوانی دیکە زۆر پیرو بەرەو مەرگن. بۆ وێنە مێهدەوی کەنی، جەننەتی، محەممەدی یەزدی. لەونێوەدا، میسباحی یەزدی هێندێک جیاوازە، چونکە پتر حوجەتییە هەتا "هێڵی ڕێبەری". ئەوەش بۆ خامنەیی نیگەرانییەکی دیکەیە کە دوای خۆی کێ ڕێبەر دەبێو کێ سەرکۆمار بێ لەگەڵی هەڵدەکا. خامنەیی پێگەی سەرەکییەکەی پاوانخوازەکانن ـ کە ئێستا بە ئوسوولگەرا، ناودەبرێنو توێژی جۆراجۆریان تێدایە کە لە بەشی سیاسییێنو سپای پاسداران، بەسیج، وزارەتی ئیتلاعات، شووڕای نیگابانو هەیئەتەکانی چاوەدێری کە

شارەزای باشیان لە "موهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکان"دا هەیە هێزی فشارو بڕیاری دەستووری خامنەییەکانن.

دوویەم: ئەحمەدی نیژادو تیمی هاوبیری بەتایبەتی مەشایی، بەقایی، جەوانفکرو نیکزاد، لە بەشی بەدەنەی ئیجرایی لەنێو ئوستاندارانو فەرماندارەکانو خەڵکی شارە چووکەو گوندەکانیو هەژرانو زۆربەی بێکارانی شارە گەورەکان لەوانەیە پشتیوانی لە کاندیدای هاوبیری بکەن. ئەحمەدی نیژاد لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوودا، لە بەرانبەر ریبەر خامنەییو سەرۆکی مەجلیس ـــ عەلی لاریجانیو سەرۆکی هێزی قەزایی سادق لاریجانی، راوستاوەو کاری رۆتینیو پۆپۆلیستی دەکاو رازو نهێنی زۆریشی لەبەر دەست دایەو وازهێنانیشی زەحمەتەو بە بۆچوونێک خەریکی سناریۆی پووتین مێدێدیۆفە لەنێوان خۆیو مەشاییدا، بۆیە دروشمی "بژی بەهار"ی هەڵگرتوە.

ئەگەر ئەحمەدی نیژاد، وەزیری نێوخۆ هاوکاری تەواوی بکاو هێزە ئیجراییەکان بە پێوانەی ئەو دابنرێن، ئیحتماڵی ئاڵوگۆڕی دەنگەکانی ـــ وەک بۆخۆی کرا، پتر دەبێ. لابردنی سەرئیشەی ئەحمەدی نیژاد بەشێوەی ئاسایی، ئاسان نییە. رووداوەکان چۆن دەچنە پێش، دەبێ چاوەڕوان بین. ئێستا ئەحمەدی نیژادو ئاکارەکانی بوونەتە مەسەلەیەکی گرینگی بۆ خامنەیی گەورەو چووکە (موجتەبا خامنەیی)، کە وەک دەسەلات بەدەستێکی بەهێزی شاراوە ناوی دەبرێ.

سێیەم: رەفسەنجانی ـ کە لە زەمانی خومەینیدا، کەسی دووهەمی نیزام بوو و لە بە ڕێبەر کردنی خامنەیی قسەی یەکەمی کرد. ئەو وەک "مەرجەعی سیاسی" و سیاسەتمەدارێکی "پراگماتیست"و کەسێک بۆ "سیاسەتی هەموو وەرزەکان" ناوی دەبرێ، بۆ ئەویش ئەو هەڵبژاردنە دوایین هەلە.



خامنەییش لەگەڵی ناڕێکە، چونکە لە لایەک ئەحمەدی نیژادی لە بەرانبەر ئەوەدا دەست نیشان کردو، لە لایەکی دیکەش لەبیری ناچێ کە سنووربەندی بە قازانجی ڕێبەری لەگەڵ "فیتنە" گێران نەکردوە. لابردنی ئەویش بەو هەموو دەسەلاتانەی هەیەتی ئاسان نییە و لەگەڵ هەڵکردنیشی تێچووی خۆی هەیە کە پێوەندی بە کێشەی ئەحمەدی نیژادو ئاڵوگۆڕخوازانەوە هەیە. جاری فشارێکی سووک لەسەر "ئاغازادەکان"ی رەفسەنجانی وەک بارمتەی سیاسی هەن کە جێگای معامەلەن. ئەگەر هاشمی رەفسەنجانی بێهەوێو تێبینی لە وەزعی شپرزەی نیزام نەبێ، بە پێی ئەسڵی ١١٠ی یاسای بنەڕەتیو دەسەلاتی سەرۆکی کۆمەڵی بەرژەوەندی نیزام هەم دەتوانێ خامنەیی بە چالیش بکێشێو هەم شووراى نیگابان، کارتەکەشی بەردنە ژێر پرسیاری سیاسەتە گشتییەکانی ڕێبەرە، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کێشە ئەتۆمیو ئاسایی کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئامریکاو رۆژئاواو تێچووی گەمارۆکان بۆ سەر خەڵکانی ئێران.

چوارەم: ئاڵوگۆڕخوازەکان: بۆ ئەوانیش ئەم هەڵبژاردنە زۆر گرینگە. چونکە ئەگەر لەم دەورەیەدا نەیەنەوە نێودەسەلات، تازە زۆر درەنگ دەبێ. ئەوان پتر بۆ لای توانەوە یا ئۆپۆزیسیۆن دەچن. ـ دیارە لەنێو ئەوانیشدا، چەند بەرەیەک هەیە، بەلام ئەوان باشتر لە هەمووان دەتوانن خەڵکان بێننە سەر سندووقی دەنگەکان-

خاتەمی کە چەند رۆژێکە بە گەرمی باس لە بەربژاربوونی دەکرێ، بۆ رۆژئاواو تەنانەت دیمۆکراتەکانی ئەمریکاش کەسێکی جێی سەرنجە. دیارە ئەویش بە پێوانەی دوو دەورەی پێشووی خۆی، کە پێیوابوو "تدارکچی" نیزامە، ناتوانێ ئەو هەموو کێشە

قورسانە حەل کا. ئەو مەسەلەی مووسەوی، کەڕوبی و زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی دوای هەڵبژاردنی ٨٨ی بۆ گرینگە و...، مێسباح یەزدی هەر لە ئێستاوە بەدژی خاتەمی قسە دەکاو دەڵێ: خاتەمی ویلایەتی فەقیهی بەپێی یاسای بنەڕەتی قبووڵە کە لەگەڵ "اطاعت" لە ڕێبەری جیاوازی هەیە(ماڵپەڕی رادیۆ فەردا).-

هەرچەند ئەم دەورەیە بەتەواوی تەکلیفی بەڕێوەبردنی روون نییە و قسەی جۆراوجۆری لێ‌دەکرێ، بەڵام تا ئێستا چەند کەس خۆیان وەک کاندیدای دەورەی یازدەیەمی سەرکۆماری ناساندوەو کەسانێکیش قسەیان لەسەرەو دەنگۆی کاندید بوونیان هەیە.

تەکلیفی هەڵبژاردنی سەرکۆماری چ دەبێ، ڕێبەری‌و دەستو پێوەندەکانی چۆن هەڵسوکەوت دەکەن، خەڵک بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان بانگهێشت دەکەن‌و بەستێنی بۆ دروست دەکەن، چ کەسانێک سوورن لەسەر خۆ کاندیدکردن‌و لە بێژینگو پاڵوێنەکانی شووڕای نیگابان چۆن تێ‌دەپەڕن و... هەتا دەقیقەی ٩٠ی یارییەکە بەتەواوی دیاری ناکا. بەڵام تا ئیستا هەر بەشەی چەند کەسی خستۆتە سەر زاران، کە بریتین لە:

١: ئیتلافی ٢ی دژە ١، "علی اکبر ولایتی" موشاویری نێونەتەویی ڕێبەر، "محمد رضا قالیباف" شارەداری تاران، "غلامعلی حداد عادل" راوێژکاری ڕێبەری.

٢: ئوسوولگەراکانی رەخنەگر لە دەوڵەت "محسن رضایی" بەربژاری خۆی لە کوردستان، ئوستانی سنەو لە شاری دیواندەرە راگەیاند. "علی فلاحیان" کاندیداتۆری خۆی راگەیاندوەو "مصطفا پورمحمدی".

٣: بەرەی پەیڕەوانی خەتی ئیمام‌و ڕێبەری، "منوچهر متکی، محمد رضا باهنر و یحیا آل اسحاق" کە کاندیداتۆری خۆی راگەیاندوە.

٤: بەربژارەکانی دەوڵەتی، "اسفندیار رحیم مشایی، نیکزاد و الهام".

٥: جبهەی پایەداری، "جلیلی، فتاح و لنکرانی".

٦: ئیسلاح تەڵەبان، "محمد رضا عارف، مصطفی کواکبیان‌و حسین کمالی".

٧: کەسانی بەناو ئیسلاح تەڵەبانی مام ناوەندی(میانەرو)، "حسن روحانی، محمد شریعتمداری‌و محمد سعیدی کیا" کە بەربژاری خۆی لە بەفرانباری ١٣٩١ راگەیاندوە.

تێبینی: دیارە ئەو لیستەیە لە ماڵپەڕی رادیۆ فەردا وەرگیراوە.-

ئەو هەموو ناکۆکی‌یانەو بارودۆخی خراپی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەتۆمی، گەمارۆی دەرەوەیی، گەندەڵی ماڵی، نارەزایەتی شاراوە کە تەقینەوەی دەتوانێ گرکانێک بێ، کێشەکانی ناوچەیی کە ڕێژیم بێ لایەن نییە، نەتەوەکانی بەرایی لە ئێران و... چۆن مودیریەت دەکرێن، با چاوەڕوان بین‌و بەدواداچوونمان هەبێ‌و بەهێندیان بگرین.





# هەڵبژاردنەکانی ئیتالیا و کارتێکەریی لەسەر قەیرانی سیاسیو ئابووریی لەو وڵاتەدا

عەلی بداغی

هەڵبژاردنەکانی کۆتایی مانگی فێورییە لە ئیتالیا و ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە نەک نەیتوانی گرێ کوێرەی نارەزایەتیی خەڵک بکاتەوەو چارەسەریی قەیرانی سیاسیی ئەو وڵاتەی لێ بکەوێتەوە، بگرە ئەو وڵاتەی لەگەڵ داخرانو جۆرە قەیرانێکی دیکە بەرەوڕوو کردەوە.

لەو هەڵبژاردنانەدا هیچ کام لە حیزبو لایەنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکان نەیتوانی زۆرینەی کورسییەکانی پارلمان دەستەبەر بکا و بەوەش دەرکەوت کە خەڵکی ئیتالیا ئەگەر لە لایەک لە بارودۆخی دژواری ئابووریی وڵاتەکەیان نارازین، لەلایەکی دیکەش متمانەی ئەوتۆیان بە سیاسەتمەدارەکانی وڵاتەکەیان نەماوە.

دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە هەر کام لەو حیزبانەی بیانەوێ حکوومەت پێک بێنن، ناچار بە ئێئتیلافو هاوبەندی لەگەڵ لایەنێکی دیکەی ئەو گۆڕەپانەن.

لەو هەڵبژاردنانەدا یەکیەتیی چەپ بە سەرۆکایەتیی پیەر لوئیجی بێرسانی توانی 29.5%ی دەنگەکانو 340 کورسیی ئەنجوومەنی نوێنەران بباتەوە، بەڵام ئەو بەرەیە نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکانی ئەنجومەنی پیران بباتەوەو بە هێنانەوەی 31.6%ی دەنگەکان تەنیا توانی 123 کورسیی ئەنجومەنی پیران دەستەبەر بکا.

یەکیەتیی راستەکانیش بە سەرۆکایەتیی سیلیۆ بێرلوسکونی توانی 29.1%ی دەنگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، واتە 124 کورسیی پارلمانی ئەو وڵاتە و، 30.7%ی دەنگەکانی ئەنجوومەنی پیرانو 117 کورسیی ئەو ئەنجومەنە بباتەوە.

بزووتنەوەی نوێی سیاسیی ئەو وڵاتەش لە ژێرناوی بزووتنەوەی "پێنج ئەستێرە" بە سەرۆکایەتیی بێپێ گریللو، ئەکتەری پێشووی سینەمای ئەو وڵاتە توانی 25.5% دەنگەکانی پارلمان، واتە 108 کورسیو 23.8%ی دەنگەکانی ئەنجومەنی پیران، واتە 54 کورسیی سەنای ئیتالیا وەدەست بێنێ.

ماریۆ مۆنتی، سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئیتالیاش تەنیا 10.5%ی دەنگەکانی هەڵبژاردنو 45 کورسیی پارلمانی ئەو وڵاتەی هێنایەوەو لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیرانیش بە هێنانەوەی 9.1%ی دەنگەکان 19 کورسیی ئەنجومەنی پیرانی بەر کەوت.

ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە و جۆری دابەش بوونی دەنگەکان لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەو هەڵبژاردنانە نە بۆ خەڵکی ئیتالیا و نە بۆ یەکیەتیی ئورووپا چاوەڕوان نەکراو بوو. نیگەرانیی یەکیەتیی ئورووپا لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەگەر ئاڵۆزیو بشێویی سیاسیی لەو وڵاتە دەسەڵاتێکی سەقامگیرو حکوومەتێکی بەهێزی لێ نەکەوێتەوە، ئەوا ئیتالیا کە سێهەم ئابووریی یەکیەتیی ئورووپایە، لە چەقی قەیرانەکاندا دەمێنێتەوەو، دەبێ بۆ دەربازکردنی خۆی دەستی هاوکاری بۆ ناوەندە ماڵییە نێودەوڵەتییەکان درێژ بکا، لە لایەکی دیکەش قەیرانی دامرکاوی ئابووری لە ناوچەی یۆرۆ، واتە یەکیەتیی ئورووپا سەرلەنوێ دەژێتەوە.

بۆنبەستی دابەش کردنی دەسەڵات لە نێوان حیزبو لایەنە سیاسییەکانی ئیتالیا لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیرانی ئەو وڵاتەدا پتر دەردەکەوێ. نە بەرەی چەپ بە سەرۆکایەتیی پیەر لوئیجی بێرسانیو، نە بەرەی راست

به سەرۆکایەتیی سیلیۆ بێرۆلسکۆنی هیچ کام نەیانتوانیوە زۆرینەی یەکلاکەرەوەی دەنگەکانی ئەنجومەنی پیران بەدەست بێنن، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە لە نیزامی سیاسیی ئیتالیادا دەسەڵاتو حکومەت بۆ بردنە پێشێی سیاسەتو پڕۆژە ئابووریو سیاسییەکانی پێویستی بە پشتیوانیو داکۆکیی هەر دوو ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی پیران هەیە.

شۆکێکی دیکەی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە، دەرکەوتنی تۆخو پڕ دیاری هێزێکی سیاسیی نوێ لە ئیتالیا بە ناوی بزووتنەوەی پێنج ئەستێرەیە کە ئەکتەرێکی پێشووی سینەمای ئەو وڵاتە بە ناوی بێپێ گریللو سەرۆکایەتی دەکا. ئەو هێزە سیاسییە کە خەریکە وەک هێزی سێهەم خۆی جێ دەخا، سەدا 25ی دەنگەکانی پارلمانو نیزیک سەدا 24ی دەنگەکانی ئەنجومەنی پیرانی بردۆتەوەو بەپێی بۆچوونی کارناسانی سیاسی ئەو هێزە قسەی زۆری بۆ داهاتووی سیاسیی ئیتالیا پێیە. ئەو هێزە سیاسییە نوێیە لە ئیتالیا بە توندی دژی ئەندامەتیی ئەو وڵاتە لە یەکیەتیی ئورووپایە و دەیەوێ ئەو بابەتە بە ڕاپرسییەکی دیکە دابندرێتەوە.

لەو نێوەدا ئاکامگیریی کارناسانی سیاسی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئیتالیا دوو شتە: زۆرێک لە کارناسان پێیان وایە کە ئیتالیا بۆ کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزیو سەرلێشێواویو ناسەقامگیریی سیاسی ناچار بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی دیکەیە، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە کەی دەبێو ئەگەری ڕووداوەکانی پێش ئەو هەڵبژاردنەو ئاراستەی سیاسیو ئابووری وڵات لەو ماوەیەدا چۆن دەبێ، ئەوەیان لێڵو ناڕوونە.

بەشێکی دیکەش لە چاوەدێرانی سیاسیی ئیتالیا پێیان وایە کە ڕێگاچارەی بنەڕەتیی دەرباز بوونی ئەو وڵاتە لەو قەیرانی سیاسیو ئابوورییەی تێی کەوتوە ئەوەیە کە، لە نێوان بەرەی چەپ بە سەرۆکایەتیی بێرسانیو بزووتنەوەی نوێی پێپێ گریللو هاوبەندیو ئیئتلافێکی سەقامگیر پێک بێ. بەڵام گرێ کوێرەی ئەو هاوبەندییە ڕوانگە و بۆچوونە ڕادیکاڵەکانی پێپێ گریللو و نەگونجانی لەگەڵ تێڕوانینی ڕیئالیستیو سیاسەتی هەڵکردنی چەپی نێوەڕاستی ئیتالیا لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپایە.

کارناسانی سیاسی ئەوەش دەڵێن کە ئەگەر بێتوو بەرەی چەپ بیەوێ بۆ پێک هێنانی حکوومەت دەستی یارمەتی بۆ لای ڕاستەکان درێژ بکا، ئەوە هەڵەیەکی مێژوویيو کوشندەی کردوەو تەنانەت ئەوەیان بە خۆکوژیی سیاسیو توانەوەی چەپەکان لە ئیتالیا داناوەو دەڵێن بێرلۆسکۆنی ئەوەندە ناحەزو ناوزڕاوە کە هەرچەشنە لێک نیزیکیو هەوڵدان بە هاوبەندیو ئیئتیلاف لەگەڵ ئەو سووکایەتییەکی گەورە بە هەموو هێزە دیمۆکراتیکەکانی جیهانە.

بەگشتی لێکدانەوەو خاڵی سەرنجڕاکێشو جێی تێڕامان لە هەڵبژاردنەکانی ئیتالیا چەند شتێکن.

ئەوەی کە ئیتالیا دوای ئەو هەڵبژاردنانە بەرەوڕووی داخرانی سیاسی بۆتەوەو تێپەڕین لەو بارودۆخە بە سەرنجدان بە باڵانسی هێزەکان لە هاوکێشەی دەسەڵاتدا ئەوەندە ئاسان نایەتە بەرچاو.

ئەوەی کە خەڵکی ئیتالیا دڵیان زۆر بە ماریا مونتی، سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئیتالیا و حیزبەکەی خۆش نیە، لەبەر ئەوەی سیاسەتە گوشراوە ئابوورییەکانی ئەو و حیزبەکەی خەڵکی زۆر خستۆتە ژێر گوشارو زەحمەتەوە.

ئەوەی کە ئێستا ئەگەرچی باڵانسی هاوکێشەکان لە قازانجی بەرەی چەپ دایە، بەڵام چەپ براوەی هەڵبژاردنەکان نیە.

ئەوەی کە ئەگەرچی بەرەی ڕاستیش نەیتوانیوە گرەوی هەڵبژاردنەکان بباتەوە، بەڵام کەسایەتییەکی وەک بێرلوسکۆنی بە دەیان پەروەندەی گەندەڵی سیاسیو کۆمەڵایەتیو دوای نیزیک بە 20 ساڵ دەسەڵاتو مانەوە لە شانۆی سیاسی، ئێستاش سەدا 30ی دەنگی خەڵکی ئەو وڵاتەی لە پشتە.

ئەوەش کە ناڕوونیی داهاتووی سیاسیی ئیتالیا نەک هەر لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە، بەڵکوو شوێنکاری خراپی لەسەر ئابووریی وڵاتانی وەک ئیسپانیا و ئەندامانی دیکەی یەکیەتیی ئورووپاش بووەو هەر نەبێ لە ئێستادا شکو گومانی لای وەبەرهێنەرەکان لەسەر بازاڕی بورسەی ئورووپا داناوە.

دوا وتە ئەوە کە بە سەرنجدان بە هەموو ڕووداوەکانی پێش هەڵبژاردنو دوای دەرکەوتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە ئیتالیا، ئێستا سەرنجەکان لەسەر ئەوە کۆ بۆتەوە حکوومەتی نوێی ئەو وڵاتە چۆن پێک دێ؟ ئەو حکوومەتە چ بەرنامەو سیاسەتو پڕۆژەیەکی پێشنیاری بۆ دەرباز کردنی ئابووریی ئەو وڵاتە لەو قەیرانە هەیە کە چەند ساڵێکە دەستەویەخەی بووەو ئاخۆ حکوومەتی نوێی ئیتالیا دەتوانێ متمانە و پێگەی شیاوی خۆی لە هاوکێشە جیهانییەکان، بە تایبەت لە یەکیەتیی ئورووپادا وەدەست بێنێتەوە؟



# کێ! لە بەرامبەر کوشتنی کاسبکارانی کورددا بەرپرسیارە؟

**و: چیا عەبدوڵلاپوور**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی نەخشەی ئێراندا کەوتۆتە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەوەو لە لایەن ناوەندەوەو بەتایبەتی لەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئسیلامیی‌یەوە هەمیشە تێبینی توندی ئاسایشی لەسەر بووەو ئەوەش وەک بیانوویەک لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی‌یەوە بەکارهاتووە کە لە کوردستاندا سەرمایەگوزاری بگاتە کەمترین ئاستی خۆیو تەنانەت ڕێگری لە سەرمایەدارە خۆجێیەکانیش دەکا کە سەرمایەگوزاری لەم ناوچانە بکەن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاو لە هەموو بوارەکاندا بەخۆیەوە نەبینێو بێکاری بگاتە بەرزترین ئاستی خۆیو کە لە ئاکامدا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک دیاردەی نەخوازراو و کاری ناچاری وەک''کۆڵبەری''کە لەڕاستیدا ئەوە لە ئاکامی سیاسەتی هەڵاواردنی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی کە بە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاوی دەکا، هاتۆتە کایەوە.

بۆیە لێرەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی خۆیان هۆکاری سەرەکین لە سەرهەڵدانی دیاردەیەک بە ناوی کۆڵبەریو دەیان دیاردەی دیکە لە کۆمەڵگای ئێران بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کە ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە پرسی کۆڵبەرییە کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دوژمنکارانە دەستیان داوەتە کوشتوبڕی ئەو کەسانەی کە بە ناچاری و بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان دەستیان داوەتە ئەو کارە.

ئەگەر لێرەدا پێناسەیەک بۆ کۆڵبەری بکەین دەتوانین بڵێین کە "کۆڵبەری کارێکی ناچاریو پڕمەترسییە کە کەسی کۆڵبەر بە هەڵگرتنی بارو گواستنەوەی بۆ شوێنێک بژێوی خۆی دابین دەکات". لەم پێناسەیەدا کە دامانە دەستەوە ئەوە جێگای تێڕامانە کە کاتێک دەگوترێ کارێکی ناچاریو پڕمەترسییە، مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن ئەگەر هەلی کاری دیکەیان هەبێو بۆ بڕەسێ ئەوە کۆڵبەری ناکەن، بەڵام ئەوان بە ناچاری و بۆ دەرباز بوون لە بێکاریو دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆیانو بنەماڵەکانیان دەستیان داوەتە ئەم کارە، هەروەها بۆیە پڕ مەترسیشە، چونکە ئەوان لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم کارە دەکەنو ئەو سنوورانەش هەموو بە مین چێندراونو هەلومەرجی کەشوهەواییش وای کردوە ئەو مینانە لە شوێنی خۆیان نەمێننو زۆرجار بێنە سەر ڕێگای هاتوچۆی خەڵکی ئاساییو، کاسبکارانیش هەروەها لەگەڵ مەترسی سەرمابردووییو لە کۆتاییدا کوژرانیان لە لایەن هێزەکانی سەر سنوورو چەکدارانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوون کە لەم ساڵانەی دواییدا کوشتنی ئەو کاسبکارانە گەیشتوتە ئەوپەڕی خۆی.

سزای کەلوپەلی قاچاخ بە پێی یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخی کەلوپەلو دراو!

لەم بەشەدا ئاماژە بەو سزایانە دەکەین کە لە یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخی کەلوپەلدا هاتووە.

ئەم یاسایە کە ساڵی پار دوای هەشتا ساڵ گۆڕانکاری بەسەر داهات لە بەشی سزای قاچاخی کەلوپەل لە بەندی ١٩ی ئەم یاسایەدا ئاوا هاتووە:

بەندی ١٩: هەرکەس کاری قاچاخی کەلوپەلی یاساخ بکا یان کەلوپەلی یاساخ ڕاگری یان هەڵگری یان بفرۆشێ لەگەڵ ئەوەیدا کە دەست بەسەر کەلوپەلەکەیدا دەگیردرێ لە شەش مانگ تاکوو دوو ساڵ بەند کردن، سزای نەختینەیی بە بڕی دە بەرابەری نرخی کەلوپەلەکە و تاکوو هەفتاوچوار زەربە قامچی سزا دەدرێ. ئەگەر نرخی کەلوپەلی قاچاخی زیاتر لە یەک میلیۆن ڕیال بێ ئەو ئامرازەی کە کەڵکی لێوەرگیردراوە دەستی بەسەردا دەگیردرێ.

**تێبینی ١:** بڕیاری ماددەی (٧٠٢)ی یاسای سزادانی ئیسلامی تەنیا ئەو خواردنەوە ئەلکولیانە دەگرێتەوە کە لە نێوخۆی وڵات بەرهەم هاتوون.

**تێبینی ٢:** هەرکات بڕی ئەو خواردنەوە ئەلکولیانەی کە دەستیان بە سەرداگیراوە زیاتر لە بیست لیتر بێ، لە کاتێکدا کە بە گەڕانەوە بۆ بەڵگەگەلێک بۆ نموونە پێشینەی تاوانبار دەربکەوێ کە ئامرازی گواستنەوە بە ئاگاداریو لەسەر ویستی خاوەنەکەی بۆ کاری قاچاخەکە پێی دراوە ئەم ئامرازەش دەستی بەسەردا دەگیردرێو جیا لەمە، ئامرازی گواستنەوەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەو بە قەت نرخەکەی بە جەریمەی نەختینەیی ئەو تاوانبارە زیاد دەکرێ.

**تێبینی ٣:** ئەگەر ئەو ئامرازەی کە بۆ گواستنەوە بەکار هاتووە لە کاری قاچاخو هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخ ئەوەی کە لەم بەندەدا باس کراوە، خاوەنەکەی کەسێکی دیکە جیا لە تاوانبارەکانی تاوانەکانی سەرەوە بێ، بە گەڕانەوە بۆ بەڵگەگەلێک بۆ نموونە پێشینەی تاوانکاری تۆمەتبار بسەلمێندرێ کە بە ئاگاداریو لەسەر ویستی خاوەنەکەی بۆ کاری قاچاخ دراوە ئامرازی گواستنەوەکە دەستی بەسەردا دەگیردرێو جیا لەمە، ئامرازی گواستنەوەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەیو بە قەت نرخەکەی بە جەریمەی نەختینەیی ئەو تاوانبارە زیاد دەکرێ.

**تێبینی ٤:** ئەو کەلوپەلانەی کە بۆ دروست کردن یان ئاسانکاری کاری قاچاخی کەلوپەلی یاساخ بەکار دەبردرێو ئەو شتەی کە لە ئەنجامی مامەڵەکە لێی دەکەوێتەوە، دەستی بەسەر دادەگیردرێ.

**تێبینی ٥:** خواردنەوەی ئەلکولیەکان، کەلوپەلی مێژوویی-فەرهەنگی، ئامرازی بەرنامە وەرگرتن لە ماوارە بە شێوەی نایاسایی، ئامرازو کەلوپەلی قومارو بەرهەمە دەنگیو ڕەنگییە نەشیاو و ناپەسندەکان لە نموونەکانی کەلوپەلی یاساخن.

**تێبینی ٦:** شوێنی پاراستنی کەلوپەلی قاچاخی لە کاتێکدا کە نرخەکەی زیاتر لە یەک میلیار ڕیاڵ بێو لە لایەن خاوەنەکەی یان بە ئاگادار ئەو کەڵکی لێ وەرگیرابێ دەستی بەسەردا دەگیردرێو ئەگەر نرخی کەلوپەلەکە کەمتر بێ لەو بڕەی کە باس کراو لانیکەم دوو جار بەم مەبەستە کەڵکی لێوەرگیردرێو بە شێوەی یەکلاکەرەوە دەرکەوێ ئەوە لە جاری سێهەمدا دەستی بەسەردا دەگیردرێ. ئەگەر تۆمەتبارەکە بەبێ ئاگاداری خاوەنەکەی کەڵکی لێ وەرگرێ، بە قەت نرخەکەی بە سزای نەختینەیەکە زیاد دەکرێ.

**تێبینی ٧:** شوێنی پاراستنی کەلوپەلی قاچاخی یاساخ کە خاوەنی شوێنەکە ئاگاداری ئەوە بێ، لە کاتێکدا کە بڕیاری هاتوو لە تێبینی (٦)دا نەیگرێتەوە، ئەوە شوێنەکە دەستی بەسەردا دەگیردرێو دادەخرێو ئەگەر تاوانبار لە ماوەی دوو مانگ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری کۆتایی، جەریمەکە نەدا، شوێنەکە دەفرۆشرێو بڕی جەریمەکەی لێ هەڵدەگیردرێو ئەوەی ماشەوە دەگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی.(١)

هەروەکوو بە پێی بەندی ١٩ی یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخو تێبینییەکانی ئەم بەندە سەبارەت بە سزادانی تاوانباران بۆمان دەرکەوت لە هیچ شوێنێکی ئەم یاسایەدا باس لەوە نەکراوە کە تاوانباران بدرێنە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی گوللەو گیانیان لێ بستێندرێ، بەڵام هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ گرینگی بە یاساکانی خۆشیان نادەنو بێبەزەییانە کاسبکارانو بە تایبەت کۆڵبەرانی کورد دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللەو گیانیان لێدەستێننو کەسیش لێیان ناپرسێتەوە. ئەوەش تەنیا لە هەڵسوکەوتو بیرو هزری دوژمنکارانەی ئەوانەوە بە نیسبەت هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوە دەگرێو هیچ پاساوێک هەڵناگرێ.

ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەمبەر کوشتنی کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد!

تاکوو ئێستاش لە نێوخۆی

رۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتییەکی جیددیو گشتگیر سەبارەت بە کوشتنی کاسبکارانو کۆڵبەرانی کورد رووی نەداوەو زۆربەی زۆری خەڵکی نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێوەندییەدا بێدەنگی هەڵبژاردووەو کورد گوتەنی: "هەر کەسە دەستی بە کڵاوی خۆیەوە گرتووە با نەیبا". ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە کە لەم نووسینەدا جێگای سەرنج نیە، بەڵام هەندێ جار لە لایەن کەسو کاری کوژراوەوە نارەزایەتی دەربڕدراوەو سکاڵا بەرز کراوەتەوە، ئەوەش ئاکامێکی نەبووەو نەبۆتە هۆی ئەوەی کە کۆتایی بە کوشتنی کاسبکاران بێنێو لە هەندێ نموونەی زۆر کەمدا تەنیا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەس یان کەسانەی کە دەستیان لە کوشتنی کاسبکاران یان کۆڵبەراندا هەبووە لە جیاتی ئەوەی کە سزا بدرێن تەنیا لە ناوچەی خزمەتیان دوورخراونەوەو بگرە گواستراونەتەوە بۆ شوێنی باشتریش. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش بە هەموو لایەنەکانەوە کە خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن دەبێ هەنگاوی جیددیی هەڵێننەوە لە ئاگادار کردنەوەی ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤو هەروەها وشیارکردنەوەی زیاتری خەڵکی کوردستان تاکوو نەهێڵن هێزە ئینتیزامییەکان دەست بۆ کوشتنی کاسبکاران بەرن، چونکە بەڕاستی خەڵکی کوردستان لەم پێوەندییەدا وشیاریان زۆر کەمەو تەنانەت ناتوانن بە پێی یاسای کۆماری ئیسلامیش لەم پێوەندییەدا بەرگری لە خۆیان بکەنو ڕێگری لە کوشتنی رۆڵەکانیان بگرن. بۆیە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ زیاتر لە جاران هەست بە بەرپرسایەتی بکەن لە هەمبەر تاکەکانی گەلەکەیانو خاوەندارییەتیان لێ بکەن، لەگەڵ ئەوەیدا کوشتنی هەر کەس جا بە هەر بیانوویەک بێ مەحکوومە، بەڵام لەم نێوەشدا فەرقو جیاوازی دەکرێ لە لایەن راگەیەنە گشتییەکان لە نێوان ئەو کەسانەی کە بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن بۆ نموونە کاسبکارێکی بێتاوان لەگەڵ رۆژنامەنووسێک. کوشتنی مرۆڤ لەهەر شێوەیەکدا بێ تاوانەو نابێ پیشە ببێتە هۆی ئەوەی کە یەکیان زیاتر گرینگی پێ بدرێو ئەوەی دیکەیان وەک رووداوێکی ئاسایی چاوی لێ بکرێو تەنانەت هەواڵەکەشی بڵاو نەکرێتەوە.

کێ تاوانبارە؟

هیچ شکو گومان لەوەدا نیە کە بکەری ئەو تاوانانە تاوانباری سەرەکیینو لەم نێوەشدا ئەگەر چەکدارێک فەرمانی بەرپرسەکەی پێ نەبێو بەرپرسەکەشی فەرمانی کەسی سەرووتر لە خۆی نەبێ بەو شێوەیە تاکوو دەگاتە بەرپرسە پایە بەرزەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوە لە جێگای گرتنو دادگایی کردنی ئەو کەسانەی کە بە پێی قانوونی خۆیان کاری قاچاخ دەکەن ئاوە بێ بەزەییانەو دوژمنکارانەو دوور لە بەها مرۆییەکان تەقە لە تاکی کاسبکارو کۆڵبەری کورد ناکەنو گیانیان لێ ناستێنن، بۆیە تاوانباری سەرەکی لێرەدا کۆماری ئیسلامییە لە هەموو ئاستەکانیدا، چونکە ئەگەر بۆ جارێکیش ئەندامێکی هێزە چەکدارەکان یان گرووپێک لەم هێزانەی کە دەستیان بە خوێنی کاسبکارانی کورد سوور بووە بە توندی سزا بدا ئەوە کوشتنی کاسبکاران دووبارە نابنەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە بێدەنگی خۆیان لە ئاست کوشتنی کاسبکاران دەبنە هۆی ئەوەی کە کوشتنی کاسبکاران بەردەوام بێ. لێرەدا لەگەڵ ئەوەی کە هیچ شکو گومان لە سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت تاکەکانی کوردەوە نیە و ئەوەش بۆ هەموو لایەک روونو ئاشکرایە، بەڵام بێدەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەمبەر تاوانی کوشتنی کاسبکارانی کوردو هەموو تاوانەکانو پێشێلکارییەکانی دیکە لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بەردەوام بن لە تاوانو پێشێلکارییەکانیانو ئەگەرچی بۆ ماوەیەک بەشێک لە کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دوور بن لە ئاسەوارەکانی ئەم تاوانو پێشێلکاریانە، بەڵام درەنگ یا زوو دوکەڵی ئەو تاوانانە دەکەوێتە چاوی ئەوانیشەوە، بۆیە پێویستە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یەک دەنگ دەبن لە پێناو رێگری کردن لە کوشتنی رۆڵەکانیانو کوشتنی هەر تاکێکی کورد لەهەر ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە کوشتنی هەموو خەڵکی کوردستان بزاننو خۆیان بە خاوەنی رۆڵەکانیان بزانن. چونکە لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیا ئەوانن دەتوانن بە نارەزایەتی خۆیان رێگری لە بەردەوامی کوشتنی تاکەکانی کورد بکەن.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١: یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ هەڵگرتنو گواستنەوەی کەلوپەلی

# بەنرخترین وشە!




**سیامەند شێخەپوور**

بێگومان لەنێو هەر نەتەوەیەکدا کۆمەڵە شتێکی بەنرخو پێروز هەن کە لە لایەن خەڵکەوە جێگای ڕێزو حورمەتنو شانازی‌یان پێوە دەکەن کە هەر یەکە بە ناوێکی جیاواز ناو دەبردرێنو باسیان لەسەر دەکرێ. میللەتی کوردیش یەکێک لەو نەتەوانەیە کە مێژوویەکی دوورودرێژو پڕ لە ئەزموونو سەروەری هەیە. هەر ئەو ئەزموونانەش بوونە هۆی ئەوەی کە گەلی کوردیش لەم شتە پیروزو بەنرخانە بێبەش نەبێ. هەر لەم ڕاستایەدا مێژووەکەشی بریتی‌یە لە خەباتی لەبن نەهاتووی گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان کە بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە هەر پارچەیەکی کوردستان بە دەستی یەکێک لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان داگیر کراوە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە ڕۆڵەکانی لە پێناوی خاکی پیروزی کوردستان‌دا گیانی شیرینیان بەخت بکەن. لەنێو ئێمەی کورددا بەو کەسانەی کە گیانی خۆیان لە پێناوی ڕزگاری نیشتمان‌دا بەخت دەکەن ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان بۆ هەڵبژێردراوەو پێیان دەڵێن پێشمەرگە بەو مانایە کە بەرەو پیری مەرگ دەچێو شیرین‌ترین شتی کە گیانیەتی دەی بەخشێ، هەربۆیە بۆ پێشمەرگە بە سەدان کتێبو هەزاران ڕستەو هۆنراوەو بەیتو حەیرانو شێعری تایبەتی لە بارەی پێشمەرگەوە وتراوەو نووسراوە کە هەموویان باس لە فیداکاری‌و قارەمانەتیی پێشمەرگە دەکەن، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئێستا هەر کەمەو قەت ناتوانین بە تەواوی مانا باس لە کەسایەتی پێشمەرگە بکەین یان وەسفی ناوی پیروزی پێشمەرگە بکەین. هەر بۆیە زۆر بە کورتی دەڵێم، ”پێشمەرگە ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەیە کە بەر لە هەموو کەسێک هەستو بیرو ئەقڵی دەکەوێتە گەڕو گەشە دەکا، لە پێش هەموو کەسێکدا هەست بە جیاوازی‌و ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەری، بە تایبەتی کوردستانی خۆشەویستمان دەکا، واتە پێشمەرگە لەهەر ئاستێکی خوێندەواری‌و تەنانەت ئەگەر نەخوێندەواریش بێ، ئەوە ڕووناکبیرێکی بە تەواو مانایە. لەنێو سوپای وڵاتان‌دا هێزی زۆر هەن کە هەر وڵاتە ناوی جیاوازیان بۆ



هەڵبژاردوونو پووڵو بودجەی زۆریان بۆ دابین کردوون، بۆیە بە دەرکردن یان بە کوشتنی چەند کەسێک لەو هێزانە هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆردرێ، بەڵام لەنێو هێزی پێشمەرگەدا وا نیە، پێشمەرگە سەرمایەی گەلو نەتەوەکەیەتیو خۆبەخشانە کار دەکا، پێشمەرگە فیداکارو دڵسۆزو پارێزەرە، هەربۆیە لەدەستدانی کارەساتە بۆ ئەو حیزبەی کە خەباتی تێدا دەکاو بە پێچەوانەوە بوونی هەوێنی بەرخۆدانی پاراستنە بۆ نەتەوەکەی خۆی، هەربۆیە لەنێو حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستاندا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز واتە ئەو ڕۆژەی کە بۆ دوایین جار بنکەی سەرکوتی حەمەڕەزا شایان لە شارەوانی شاری مەهاباد پێچایەوەو کەوتە دەستی خەڵکو پێشمەرگە، وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کراوە. ئەوەش تایبەتمەندی خۆی هەبوو، یەکەم ئەوە کە بە کۆتایی هاتنی ئەو بنکەیە کورد توانی لە ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە بێترسو دڵەڕاوکێ کار بۆ ڕێکخستنو یەکریزی هێزەکانی خۆی بکات. ئەگەر کاسانێک ژێر بە ژێر لە بیری خۆش خزمەتی بە دوژمندا بوونو لە فکری پیلان گێران دژ بە دەستکەوتەکانی گەلی کورددداو لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا جاسووسیان بۆ داگیرکەرانی کوردستان کردوە، ناتوانن باوەڕ بەوە بکەن کە پێشمەرگە لەکاتی خۆیدا بە برنۆیەکەوە شەڕی چەکو جبەخانەی پێشکەوتووی ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو خوێنڕێژو سەرکوتکاری بەدژی نەتەوەی کورد دەکرد.

شایانی باسە کە لەو کاتەدا زۆر لە گەنجانی نیشتمانپەروەر روویان لەنێو بەرەکانی شۆڕش دەکردو هاوشانی برا پێشمەرگەکانیان بەرگرییان لە مانو مەوجوودییەتی حیزبو گەلەکەیان دەکرد. هەر لە ژێر سێبەری ئەو حیزبەدا ڕێکخراوێک بە ناوی یەکیەتی لاوان دامەزرا کە زۆر لە لاوەکان لەنێویدا خزمەتیان کردوەو تێیدا پێگەیشتوونو لە کاتی خۆشیدا وەک پێشمەرگە گیان فیدایییان کردوەو تەنانەت لەو ڕێگایەشدا شەهید بوونو گیانیان بەختی ئازادیو سەربەستی نیشتمانەکەیان کردوە. هەر بەم بۆنەوە سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستانو بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

# توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێراندا



مێهرداد محەممەدی



بەر لە دەستپێکی بابەتەکەمان پێویستە پێناسەیەکی کورتمان هەبێ لەسەر فێمێنیزم. ‹‹فێمێنیزم، بریتییە لە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی پێکەوە گرێدراوی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی کە مەبەستی گۆڕانکارییەو جەخت لەسەر داواکردنی مافی سیاسی، یاساییو مافی سەربەخۆییو یەکسانی لە ڕەخساندنی هەلو مافی بڕیاردانی چارەنووس دەکا».

لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا ژنان لە هەموو کاتدا بەهۆی زاڵبوونی ئایین لە نێویاندا لە ئاستێکی نزمتر لە پیاوان چاویان لێ کراوەو لە یاساکاندا ڕەنگی داوەتەوە وەک قانوونێک خۆی چەسپاندووەو کاری پێکراوە. دەسەڵاتەکانی ئایینی هەموو کات پەنایان بۆ کۆیلەکردنی ژنان بردووەو ئەمەشیان بەستۆتەوە بەوەی کە ژنان زەعیفەن یان کەم عەقڵن‌و بە دیدێکی سێکسی وەک ئامێرێک بۆ منداڵ بوون یان لەزەتی سێکسی چاویان لێکراوە.

لە ئێراندا بەهۆی زاڵ بوونی ئایین‌و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی پیاوسالارانەی سیاسی، ناشیرینترین‌و دزێوترین شێوازەکانی توندوتیژی بە سەپاندنی یاساکاندا دێنە ئاراوە. لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا تەمەنی ٩ ساڵیو بە خواستی دایکو باب بۆ هاوسەرگیری دەست نیشان دەکرێ‌و باسی چەند هاوسەرییو هەروەها هاوسەرگیری بە شێوازی سیغە ئازاد دەکرێ. لە یاساکاندا دزێوو نامرۆڤانەترین شێوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ژێر ناوی بەرگری لە نامووس بە ناوی سەنگسار دێتە ئاراوەو لە هەمان کات ژنان بۆ خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بێبەش دەکرێن‌و ڕێگای خۆ پاڵاوتنیان پێ نادرێ- دیارە لە یاسای ئێستادا نەک هەر ژنان، بەڵکوو جیا لە ئایینی شیعە واتە شیعەکان کەس حەقی خۆپاڵاوتنی بۆ سەرۆک کۆماری نیە- . مافی جیابوونەوە دەدرێتە پیاوان‌و ژنان مافی ئەوەیان نیە کە داوای تەڵاق لە هاوسەرەکانیان بکەن‌و هەروەها مافی لەباربردنی منداڵیان بەبێ ئیزنی هاوسەرەکانیان نیە. ژن لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا دەبێ حیجابێکی کە بە زۆری بە سەریدا

سەپاوە لە شوێنە گشتی‌یەکان بە باشی بپارێزێ تا کوو تووشی جەریمە یان زیندان نەبێتەوە.

بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نیژاد، باس لە جیاوازی ژنان لە کۆمەڵگادا، بۆن‌و رەنگێکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێ‌و زۆربەی ژنان بۆ هێنانە بەرباسی کێشەکانیان، رێگای یاسایی‌و رێ‌پێوانی هێمنانە دەگرنەبەر، بەڵام بەداخەوە لە زۆربەی کاتەکان‌دا ئەو رێ‌پێوانانە سەرکوت دەکرێن‌و زۆربەی بەشداربووان‌و چالاکانی مافی ژن تووشی لێدان، زیندان‌و ئەشکەنجە دەبنەوە. سیستمی دەسەڵات زیاترین توندوتیژی دژ بە ژنان بە کار دەهێنێ‌و بە ئاشکرا مافیان پێشێل دەکا تاڕادەیەک کە لە زانکۆکان گەڵاڵەی جیاکردنەوەی جنسیەتی بەڕێوە دەبا کە ئەم گەڵاڵەیە، خەسارێکی زۆری دەروونی‌و جەستەیی لای هەر دوو رەگەز دروست دەکا.

بە هۆی ئەوەی کە ژن مافی کار کردنی نیە و دەبێ بنەماڵە، گرینگترین شت لە لای ژن بێ‌و بەم بۆنەوە پیاویش ئیزنی تەواوی پێدراوە کە پێش بە کارکردنی هاوسەرەکەی لە دەرەوەی ماڵ بگرێ. ئابلۆقە بەربڵاوەکان کە لە بەرامبەر بەردەوام بوونی ئێران لەسەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی دێنە ئاراوە، کاریگەری زۆری خستوتە سەر ژیانی خەڵکو لەو نێوەش‌دا ژنان زیاترین زیانیان بەرکەوتووەو بوونەتە بێ‌بەشترین توێژی کۆمەڵگا. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیانەش ژنان لە زۆر بواردا چالاکانە هاتوونەتە نێو گۆڕەپان‌و زۆر بوێرانە بەرگری‌یان لە مافەکانی خۆیان کردوەو بوونەتە پاڵپشتێکی گەورەش بۆ بزووتنەوە کۆمەڵاتی‌یەکانی دیکەش.

لەکۆتایی‌دا ئازادی کۆمەڵگا واتە ئازادی ژن‌و ئەو ئەرکەش دەخرێتە سەرشانیان کە بە هەوڵدانێکی زۆر ئەو تاپۆیەی خراوەتە سەر ژیانیان بشکێنن‌و بە باوەڕهێنان بە یەکسانی لەسەر ئاراستەی سیاسی‌و بیرکردنەوەی سیاسی کاریگەریان هەبێ.





# کاریگەری رەنگ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا



وەرگێران لە فارسییەوە
**عەباس حەقبین**

چ رەنگێک لەبەر کەین؟ رەنگەکان بە شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر رۆحو دەروونی مروڤ هەیە کە رەوشتی مرۆڤ دەگۆڕێو ئەم شێوە گۆڕانە لە ئاکامدا دەبێتە خووخەدەو تایبەتمەندیو کەسایەتی تاکەکان. رەنگ هۆکارێکی بەهێزە کە دەتوانی ویستو هەستە دەروونییەکانی ئێمە ببزوێنێ یا هێور بکاتەوە. هەستێک لە ساردیو گەرمی، خۆشیو ناخۆشی، خێراییو بێدەنگی، پێک ئەهێنێ. راست لەوێنەی مۆسیقا کە ئەتوانێ لە کاتە خۆشو ناخۆشەکاندا بێ. تەواوی رەنگەکان بۆ ئێمە ئەدوێن، پێدەکەنو ئێمە لەخۆ ئەگرنو شوێنەواری جۆراوجۆر دائەنێن، هەر وەک ئەوەی کە دەنگەکان دای دەنێن. ئەورۆکە بەرلەوەی خەڵکی گوێ بیستی دەنگی ئێوە بن، سەرنجیان بۆ لیباسو رواڵەتی ئێوە ئەچێ یانی چاو لە رواڵەتتان دەکەن، هەر بۆیە رەنگەکان دەتوانن وەک میوانی لە ناکاو کاریگەر بن لەسەر پێوەندی ئێوەو بەرابەرەکانتان. بێگومان زیاتر لەوەی کە جۆراجۆری رەنگەکان کاریگەری لەسەر خودی ئێوە بێ، چەند هێندە کاریگەریان لەسەر بەرامبەرەکانتانی هەیە. ئەگەر کەڵکی رەنگەکان بۆ بەکارهێنان لە چاوەدێری فەرهەنگی کۆمەڵایەتی هێندیک دوور بایە، رەنگ کاریگەری بێوێنە دەبوو، ئەگەر رەنگو جۆراوجۆریەکانی گرینگ نەبانایە، جوانترین سەرچاوەکانی بوون واتە ئاسمان وزەوی، گوڵو دارەکان، دەریاو ئۆقیانووسەکانو...... بەم رەنگە جۆراوجۆرانە دروست نەدەبوون. جۆراوجۆری رەنگی لیباستان لەهەر تەمەنێکدا کە هەن، لە یەکەم بینینی بەرابەرەکانتان بە تایبەت ئەو کەسانەی کە بەردەوام دەتان بینن، بزەیەکی نەرمو بە تین ئەخاتە سەر لێو کە ئەمە گەلێک بە کەڵکەو بە سوود.

**شوێنەوارە دەروونییەکانی رەنگ:**

ئەورۆکە سەلمێنراوە کە رەنگەکان بەسانایی کار دەکەنە سەر کۆئەندامی دەمارو هێزی بینین، حاڵاتی دەروونی تاکەکانو رەوشتیان. هەربۆیە بۆ کەڵک وەرگرتن لە رەنگ بە شێوەیەکی گشتی، پێویستە شوێنەوارە دەرون ناسییەکانی کە دەتوانێ لە دیاری کردنی دیکۆڕاسیۆنو جلو بەرگو شوێنو... بناسینو هەنگاوی بۆ بنێین. جاروبار کەڵکی خراپی رەنگ لە رێگەی تاکەکانەوە، کاریگەری نەرێنی ئایینو نەریتەکان، هەڵسوکەوتی تایبەتی کەسەکانو کاریگەری هێندێ لە یاساکان، نەبوونی جۆراوجۆریو

پێکەوە نەگونجانی ڕەنگەکان، بەکارهێنانی ڕەنگ بە تایبەت لە هەرێمی تاکەکەسیدا بەرەورووی زۆر کێشەی گەورەو جیاوازی کردوەتەوە کە لە دوارۆژدا شوێنەوارە رووخێنەرەکانی بەروونی دەبینن.

**ئاخاوتنی بێدەنگی لیباس(جلو بەرگ):**

وێڕای ئەوەی کە جلو بەرگ کەرەسەیەکی پاراستنی مرۆڤە لە سەرماو گەرما، هەروەها ئامرازێکی پێوەندی بێدەنگەو بە شێوەی ئاسایی دەتوانێ دە پەیامی سەرەکی بداتە کەسانی نزیک وەک؛ ئاستی ئابووری، ئاستی خوێندەواری، پێگەی کۆمەڵایەتی، ویستی کۆمەڵایەتی، حەزی تاکەکان بەرەنگەکان، ئاستی سەرکەوتن، نەزمی زاهیری، تایبەتمەندی رەوشتی، هیواو خۆشبەختی، جیاوازی.

کەڵک وەرگرتنی تاکەکان بەشێوەی درێژماوە لەو جلو بەرگانەی بە رەنگی رەشو بۆرو قاوەییو سوورمەیین زۆر ناسازگارە، چونکە ئەم رەنگانە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ماندوبوونی دەروونی بەدواوەیە. بۆوێنە ئەگەرچی رەنگی رەش لە بازاڕی مۆدەو لیباسدا پێگەی تایبەتی خۆی هەیەو واتای جۆراوجۆر دەگوازێتەوە. بەڵام زۆر کەس رقیان لە جلو بەرگی رەشە، چونکە رەش هێمای مردنەو زیاتر لە نەریتو بۆنەکانی تازیەدا لە بەری دەکەن. هەرچەند بۆچوونی تایبەتی لەو پێوەندییەدا هێمای زانستو تێگەیشتنە، بەڵام لە پێک هێنانو بەردەوامی خەمۆکیدا کاریگەرە. کەسانی هۆگر بەم رەنگە، بە زۆری لەنێو خۆدان یانی نارەحەتییەکانیان دەشارنەوەو ئاڵۆزو شێواو دێنە بەرچاو. هەروەها ئەو کەسانەی بەردەوام جلوبەرگی رەساسی(خۆڵەمێشی) دەکەنە بەر، وا دەردەکەون کە ژیانێکی دژوایان هەیەو لەژێر گوشارەکانی نالەباری ژیاندا پشتیان چەماوەتەوەو پێویستیان بە کەمێک پشوو هەیە، بەڵام لە لایەنی باشییەوە هێمایە بۆ ئەقڵو بیرکردنەوە، چونکە هاوناوە لەگەڵ بەشی خۆڵەمێشی مێشکدا. کەڵک وەرگرتن لە رەنگە گەرمو زەوقاوییەکان(سەوزی روون، زەرد ، سوورە جۆراوجۆرەکانو پرتەقاڵی) و هاوشێوەکانیان، تەمەنی مرۆڤەکان کەمترو گەنجتر نیشان ئەدەنو زەوقو خۆشحاڵی زیاتر لەواندا دەردەکەون، بەڵام رەنگە رەشەکان، قاوەیی، خۆڵەمێشی، بنەوشی ماتو ئاسمانیە ماتەکان دەتوانن لە دروست کردنی یەک شێوەو کەسایەتییەکی گشتیو بەهێزو ئیرادە بەرز کاریگەر بێو تەمەنی تاکەکان زیاتر لەوەی کە هەیە نیشانی بدات. رەنگەکانی(زەرد ، پەمەیی، گەزیزەیی ناسکو سووری تێکڵاو بە پەمەییو زەرد) لە پێک هێنانو رۆڵی رواڵەتو ئەندامێکی گەنجانداو کەسایەتی بەهێزو بە هەستو کاریگەردا دەوری سەرەکی هەیە. لەڕاستیدا رەنگە ساردو ماتەکان پەستانی خوێن دێننە خوارێو گنجی نێو چاوەکان لادەبەن. کەڵک وەرگرتن لە رەنگە روونەکان دەبنە هۆی چوونە سەری هەستی بڕوا بەخۆبوونو دڵخۆشی. هەروەها رەنگە گەرمەکان لە بردنەسەری هەستی خۆشحاڵیداو بەهێزکردنی بیرکردنەوەو هەستی بینینو بردنەسەری گەرمای لەشدا کاریگەر سەرەکیو بەرچاویان هەیە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە ناسینو کەڵکی پێویستو بەجێ لە رەنگەکان بە تایبەتی لە جلوبەرگی کەسەکاندا، دەتوانێ شوێندانەر بێ لە پێوەندی لەگەڵ بەرامبەرەکانتاندا، بۆوێنە ئەو کەسانەی کە بەردەوام جلو بەرگی ئاسمانی مات دەکەنە بەر، لە دروست کردنی پێودندی راستەقینە لەگەڵ کەسانی دیکە کێشەیان هەیەو بەبێ هۆ هەوڵ دەبن، چونکە رەنگی ئاسمانی مات بڕوا کردن بە کەسانی دیکە لەنێو دەبا. ئەم جۆرە کەسانە بە بیرکردنەوەی ورد لە بواری ئەقڵو مەنتقدا پێوەندی خۆی لەگەڵ هەستەکانی لە دەست بدا.

**رەنگ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا:**

لە دەقە ئیسلامییەکاندا ئەو رەنگانەی کە لە کۆمەڵگادا مەکروهن قسەو باس کراوە، باشترین رەنگیان سپییە و دوای ئەو بەڕیز زەرد، سەوز، سووری کاڵ، سەوزی کاڵ، سووری مات بە تایبەتی بۆ نوێژ کردن، بەڵام رووپۆشی رەش کەڕاهەتی توندی هەیە. ئێمە بەڵگەی زۆرمان هەیە کە رەنگی سەوزی تێکەڵ بە ئاسمانی بنەمای پتەوی پیرۆزی هەیە. بەهەشتی بەڵێندراوی ئێمە ئەم شێوە رەنگەی هەیە. لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ئایەتێکمان نیە کە رەنگی سەرپۆشەکان دیاری بکا، بەڵام حەدیسی زۆرمان هەیە

سەبارەت بە کەرامەتی رەنگی رەش. رەنگی رەش هەستی یاخی بوونو خۆ بەزلزانیو بێ مەیلی دەروونیو بێتاقەتی دروست ئەکاو ئاماژەیە بۆ خەمو پەژارە.

ئیمە سەبارەت بە رەنگی رەشی شەو حەدیسمان هەیە کە لە پێش خۆرئاوابوون، رووناکی دروست کەن بۆ ئەوەی کە قەت رووناکی لە ژیانی ئیمە نەڕواو تاریکی شەو خۆی بە سەرماندا نەسەپێنی.

**شۆێنەواری دەروونی رەنگ لە منداڵاندا:**

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ئەنستیتۆی دەروونناسی رەنگ کە بنکەی سەرەکی لە شاری ئەسن لە وڵاتی ئەڵمانە، کراون. رەنگە سوورەکان، پرتەقاڵی، زەردو ئاسمانی، ئەو رەنگانەن کە منداڵ حەزیان پێیەتیو رەنگەکانی خۆڵەمێشیو قاوەییو رەشو سپی قەت دڵخوازی ئەوان نین. ئەم ئەنستیتۆیە بۆ دیاری کردنی ئاستی کاریگەربوونی رەنگ لە منداڵاندا لە رەوزەکانی ئاڵمان دەستی دایە تاقی کاریو لێکۆڵینەوەی یەک لە دوای یەکو بەردەوام. لە ئاکامدا بۆیان دەرکەوت کە بۆوێنە یەکێک لە خاتوونە مامۆستاکانی رەوزە تەنیا بەهۆی کۆتو تەنوورەی قاوەیی کە لە بەری کردەوە ، کەوتۆتە بەر رقو تووڕەیی منداڵەکانو ناوو ناتۆرەی سەلیقە خراپیان لێ نا، بەڵام هەر ئەو مامۆستایە کاتێک جلەکانی گۆڕیو رەنگی دیکەی وەک رووناکو سووری لەبەر کرد، بوو بە خۆشەویستی منداڵانی رەوزەکە.

رەنگەکان کاریگەرییەکی تایبەتیان لەسەر کۆئەندامەکانی مێشکی منداڵان هەیە. بۆوێنە ئەگەر رەنگی رەش یان سپی تۆخ بە شێوەی بەردەوام لەبەر چاوی منداڵان بێ یا گەورەکانی دەوروبەریان بەردەوام بە جلو بەرگی رەشەوە هاتوچۆ بکەن، دەمارەکانی میشکی منداڵان سستو ماندوو ئەبێ. لە ساڵانی رابردوودا تاقیکاری زۆر بۆ سەلماندنو ناسینی رەنگەکان کراوە، بۆوێنە منداڵانی بچووک زیاتر سەرنجی رەنگە گەشەکانی وەک زەردو سپیو پەمەییو سوور ئەدەنو لەگەڵ گەشەو گەورەبوونیان هۆگری رەنگی زەردیان کەم دەبێتەوەو سوورو شینی ئاسمانی جێگەی دەگرنەوە. پاش باڵغ بوونیان هۆگری رەنگەکانی شینو سەوزن تاوەکوو سوورو پرتەقاڵیو زەرد! لەم کاتانەدا هۆگریان بە رەنگاکانی شینی ئاسمانی، سوور، سەوز، بنەوش، پرتقاڵیو زەردە.

**کۆبەندی گشتی:**

لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە هیچ رەنگێک بۆ تەمەنێکی دیاری کراو قەدەغە نیە، ئەوە هێندێک یاسای ویشکو داخراون کە هەموو شتێک لە قاڵبێکی تایبەت دەگرن دەنا رەنگی جلوبەرگ لە بواری زانستیدا کاتێک زیان هێنەرە کە لەودا بەردەوامییەکی دیاری کراو بۆ ئامانجێکی ئەقڵانی سەرکەوتوو، دیاری نەکرابێ. رەنگەکان لە جلو بەرگدا پێویستە پێکهاتەیەکی هونەریانەو زانستی بێ بۆ ئەوەی ببێتە چاوی کۆرپەلەکەتو هەستە دەروونییەکانی مروڤ نۆێ بکاتەوە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا خەمۆکی لە ئاستی جۆراوجۆردا رێژەیەکی بەرچاوی لە گەنجو جەماوەری نەخۆش خستووە کە بێتاقەتیو ماندوویی درێژماوە لە گرینگترین ئەنجامەکانیەتی. پێشنیار دەکرێ بۆ چارەسەری ئەم راستییە لەو جلوبەرگانەی کە رەنگی شادیان هەیە کەڵک وەربگیرێ، چونکە هێزی رەنگ کاریگەری لەسەر تاکەکان هەیە. کەوایە باشترە سەرەتا هەڵبژاردنەکانمان هێندێک بگۆڕینو لە بەکارهێنانی رەنگی جلوبەرگەکەماندا هێندێک پێداچوونەوە بکەین، رەنگی جلو بەرگی خەڵکیمان لە لا سەیرو سەمەرە نەبێو بە چاوی سووک سەیریان نەکەین، چونکە هەموو رەنگەکان جوانو بەنرخن.

سەرچاوە: مجله خانواده، شماره ۲۰۷

**کەڵک وەرگرتنی تاکەکان بەشێوەی درێژماوە لەو جلو بەرگانەی بە رەنگی رەشو بۆرو قاوەییو سوورمەیین زۆر ناسازگارە، چونکە ئەم رەنگانە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ماندوبوونی دەروونی بەدواوەیە.**

# خوێندنو نووسین به زمانی زگماکی مافی بێ ئەملاولای هەر مرۆڤێکە!

## (لە پەڕاویزی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکیدا)

شەونم هەمزەیی




زمان سەرەکیترین پێناسەی هەر ئینسانێکەو یەکەم دەرگای پێوەندی مرۆڤ لە گەڵ دونیای دەرەوەیە، ئینسان بۆ یەکەم جار توانی لە ڕێگەی زمانەوە ڕاو بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێو ژیانی بە کۆمەڵ بۆ خۆێ ئاسان بکاتەوە، فێربوون، فێرکردنو داهێنان لە ڕێگەی زمانەوە پەرەی گرتووەو دونیای سەردەم تا ئەم قۆناغە گەشەی پەیدا کردوە . لەم نێوانەدا هەر کۆمەڵو کۆڕێکی مرۆیی لە دونیادا بۆ خۆی زمانو پێناسەی خۆی هەبووە کە گوزەرانی زمانیو داگیرکاری بۆتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لەم کۆمەڵە مرۆییانە بە لە بیرکردنی زمانی خۆیان لە کەلتوورو زمانێکی دیکە بتوێنەوەو تەنانەت لە مێژووشدا هیچ ناوو نیشانێکیان لێ نەمێنێ. ئەو کۆمەڵە مرۆییە کە توانیانە بە هەوڵو تێکوشانی خۆیان تا قۆناغی ئێستا زمانەکەیان بپارێزن ئێستاش مەترسی لەنێوچوونی زمانەکەیان هەر هەیە. سیاسەتی توانەوەو ئاسیمیلاسیۆن هێشتاش هەر لەلایەن نەتەوەکانی باڵا دەست بەرانبەر بە کۆمەڵە نەتەوەییو ئیتنیکییەکانی ژێر دەست بەڕێوە دەچێ. هەر بۆیە کۆمەڵگەی جیهانی بە هەست پێکردن بەم مەترسییە

به دەرکردنی دەیان بڕیارنامەو کۆنڤانسیۆنی مافی پاراستنی زمانو کەلتووری کەمە نەتەوەکانی به فەرمی ناسیوه، ڕێکخراوی یۆنسکۆ که بەشێکه له ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان، له دانیشتنی گشتی خۆی له ساڵی ١٩٩٩ی زایینی ڕۆژی٢١ ی فێوریەی بۆ پەره پێدان به فرەچەشنی کولتووریو زمانی له جیهاندا به ناوی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی دیاری کردووه ئەم ڕۆژه دەرفەتێکه تا ئەو کۆمەڵه نەتەوەییانەی وا زمانەکەیان له مەترسی لەنێوچوونه خۆیان به دونیا بناسێنو دەنگی مافخوازی خۆیان بەرز بکەنەوه. جگه لەم ڕۆژه، مافی خوێندنو نووسین به زمانی زگماکی له بەڵگه و دیکۆمێنته نێونەتەوەییەکان وەکوو ڕاگەیەنراوی زمانی زگماکی، ماددەی ٤ی جاڕنامەی جیهانی مافی کەمینه نەتەوەیی، زمانی، ئایینی، کەلتوورییەکان، ماددەی ٣٠ی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵانو ماددەی ٢٧ی جاڕنامەی گەردوونی مافی سیاسی، مەدەنییو ... جەختی لەسەر کراوەتەوه.

بێبەش بوون له مافی خوێندنو نووسین به زمانی زگماکیو خوێندنو نووسین به زمانی بێگانه دەبێته هۆی پەرەگرتنی نەخوێندەواری له کۆمەڵگه و دواکەوتوویی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دێنێ. منداڵانێک که ناچار دەبن به زمانێک جگه له زمانی زگماکی خۆیان له قوتابخانه بخوێنن زیاتر له منداڵەکانی دیکه تووشی بێزاری له خوێندن دەبن. له ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا مافی خوێندنو نووسین بەزمانی کەمە نەتەوەکانی غەیرە فارس له یاسای بنەڕەتی به فەرمی نەناسراوەو تەنیا له فەسڵی ١٥ ئاماژه به خوێندنو نووسینی کەمەنەتەوەکان له پەراوێزی خوێندنو نووسین به زمانی فارسی کراوه. پشت گوێ خستنی ئەم مافه له لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیەوه بۆتەوه هۆی ئەوەی که پارێزگاکانی پەراوێزی ئێران که شوێنی نیشتەجێ بوونی کەمە نەتەوەکانی ئێرانه زۆرترین ڕادەی نەخوێندەواریو کەم سەوادی بەخۆوه ببینێو هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچەگەله زۆرترین ڕادەی دواکەوتوویی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییان هەبێ. به پێی ئاماری سەرچاوه حکوومییەکانی نێوخۆی ئێران چل ملوێن نەفەر له شەستو حەوت ملوێن دانیشتووی ئێران یان نەخوێندەوارن یان خوێندەواریان له ئاستی سەرەتایی دایه که زۆربەیان دانیشتووی پارێزگاکانی بەلووچستان، کوردستان، خوزستانو خۆراسانن. هەر ئەو ئاماره جەخت لەسەر ئەوه دەکاتەوه که زۆرترین ڕادەی بێکاری، ئێعتیادو دواکەوتوویی سیاسی- کۆمەڵایەتی تایبەت بەم پارێزگایانەن.

چاوخشاندنێک لەو ئامارانه دەرخەری ئەو ڕاستییەیه که دەسەڵات له ئێراندا نەتەنیا هیچ هەنگاوێک بۆ فەرمی ناسینو عەمەلی کردنی خوێندنو نووسینی کەمە نەتەوەکان هەڵ ناگرێتەوه، بەڵکوو به دەیان بەرنامەو پیلانی داڕێژراو خەریکه کەمە نەتەوەکانی ئێران ژێنوسایدی سپی دەکاو به ئاسیمیلاسیۆنی زمانیو کەلتووری هەوڵ دەدا زمانو کولتووری ئەوان لەنێو ببا. بێبەشی منداڵانی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان له خوێندنو نووسین به زمانی کوردی هەرچەنده دەبێته هۆی کەم بوونەوەی ئۆگری ئەوان به فێربوونو زانست، بەڵام له لایەکی دیکەشەوه به گشتی زمانی کوردی ڕووبەڕووی مەترسی لەنێوچوون دەکاتەوه تا ڕادەیەک که بنەماڵەکان بۆ کەم ڕەنگ کردنەوەی بێزاری منداڵەکانیان له خوێندن تەسلیمی سیاسەتی نەگریسی کۆماری ئیسلامی بنو تێدەکۆشن له منداڵیڕا لەگەڵ منداڵەکانیان به فارسی قسه بکەن. له هەلومەرجی ئێستادا به تایبەت له پارێزگاکانی ئیلامو کرماشان که ئاسیمیلاسیۆنی زمانی پڕڕەنگو بەرچاوتره، دەبێ میدیا کوردیەکان، ئەحزابو چالاکانی مەدەنی لەنێوخۆی کوردستان زیاتر له جاران هەوڵ بدەن که بنەماڵەکان ئاگادار بکەنەوەو زمانی کوردی له مەترسی لەنێوچوون بپارێزن.




# شارستانی ئیلام

**هەژیر عەبدوڵڵاپوور**

دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٠٠٦ی کۆچی مانگیدا، شاوێردی خان دوایین دەسەڵاتداری ئەتابەکانی لوڕی چووکە، بە دەستووری شاعەبباس دەستبەسەرو کوژرا، ئیتر لەو کاتە بە دواوە کۆتایی بە دەسەڵاتدارەتیی ئەتابەکان لە ناوچەی بەختیاریو ئیلام هاتو بەجێی ئەوان، نازناوی والی بە حسێن خان یەکێک لە خانەکانی ئەو دەڤەرە بەخشرا. تا پێش ئەو سەردەمە بە ناوچەی بەختیارییان دەگوت لوڕی گەورەو بەو ناوچەیەش کە ئیلامی تێدا هەڵکەوتووە، دەوترا لوڕی گچکە. لە ساڵی ١٠٠٦ هەتا ١٣٠٧ی کۆچی هەتاوی، واتە بۆ ماوەی سێ سەدە والییەکان لە ئیلام حکوومەتیان کردوە کە یەکەمینیان حسێن خانو دواترینیشیان غولامڕەزاخان بوو کە هەندێ بەردەنووسو ئاسەواری دیکە لە ناوچە جیاجیاکانی ئیلام لە ناوبراو جێ ماوە. ئەم والییانە بە زنجیرە پێوەندییەکی تایبەتییەوە بە حکوومەتی ناوەندیی ئێرانەوە بەسترابوونەوەو ساڵانە رادەیەکی دیاریکراو ماڵیاتو تەفەنگچییان دەدا بە حکوومەتی ناوەندیو لە بەرامبەریشدا وەک والی یان میرو بە شێوەی خودموختار بەسەر هۆزەکانی ئەو ناوچەیەدا حکوومەتیان دەکرد. ناوەندیی فەرمانڕەوایی والییەکان بەهۆی گەرمێنو کوێستانی هۆزەکان بەردەوام دەگۆڕا تا ئەوەی کە غولامڕەزاخان کە بەدەسەڵاتترین والی پشتکۆ بوو، ناوی حسێن ئاوای لەسەر ناوەندی پارێزگا یان ئوستانداری ئێستای ئیلام داناو ئەو شوێنە تا ساڵانێکی زۆر هەر بەم ناوە ناوبانگی دەرکردبوو.

سەرەنجام لە ساڵی ١٣٠٧ی کۆچی هەتاوی، رەزاشا، غولامڕەزاخانی سەرکوت کرد. ناوبراو لە ئێراق وەک پەنابەر گیرسایەوەو دوای ماوەیەک هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. پێویستە بگوترێ لە سەردەمی کەوناردا ناوی ئەو ناوچەیەی کە ئێستا پارێزگای ئیلامی تێدا هەڵکەوتووە، «ئەریوجان» بووە. لە سەردەمانی کۆندا، هەر لەو شوێنەی کە شاری ئیلامی ئێستای تێدا هەڵکەوتووە، شارێک بە ناوی «رەدین» هەبووەو دواتر هەروەک باسمان کرد لە سەردەمی فەرمانڕەوایی والییەکاندا کراوەتە حسێن ئاوا و لە ساڵی ١٣٠٩ی کۆچی هەتاوی ناوی ئیلامی بۆ دانراو لەوە بەملاوە دەسەڵاتدارەکانی ئەو دەڤەرە تا رووخانی حکوومەتی رەزاشا لە لایەن حاکمانی پەهلەوییەوە دیاری دەکران.

لە ئێستاشدا شاری ئیلام وەک ناوەندی سیاسی- ئیداری پارێزگای ئیلام، یەکێک لە شارە پەرەسەندووەکانی ئەو پارێزگایەیە و بەهۆی لێڕەوارو کوێستانی داپۆشراو بە دارو دەوەنو بوونی ئاسەواری مێژووییو باستانی جۆراوجۆر بە یەکێک لە جوانترین شارەکانی ئەو ئوستانە دەژمێردرێ.

ئەمڕۆ ئیتر ئیلام گرینگترین شارستانی پارێزگای ئیلامە کە لە باکووری رۆژاوای ئەو پارێزگایەدا هەڵکەوتووە. سەرزەوی ئیلام بە بەهرەمەندبوون لە کوێستانگەلێکی زنجیرەییو پێدەشتی بەربەرین، نشیمەنی رووەکو ئاژەڵی جۆراوجۆرەو هەر ئەمەش دووردیمەنی جوانی سروشتی لەو دەڤەرەدا پێک هێناوە. ئەم ناوچەیە کە داوێنی کێوەکانی بە جەنگەڵ یان لێڕەواری سەرسەوز داپۆشراوە، رووبارو تاڤگەی زۆریشی لەخۆگرتووە کە هەر کامیان دیمەنی زۆر جوانو دڵڕفێنی بە سروشتی ئەو ناوچەیە بەخشیوە. ئەو مەڵبەندە کە لە دەست لێنەدراوترین ناوچەکانی کوردستانە، لە باری گەشتیاریی سروشتەوە یەکێک لە پڕبایەخو دەگمەنترین ناوچەکانی کوردستانە. لەو مەڵبەندەدا، وەرزی بەهار کاتی نەشونماکردنی گوڵی

جوانو رەنگاڵەی کێوی‌یە و وەرزی هاوینیش بە بوونی رووباری خرۆشانو تاڤگەی دڵگرەوە، لەبارترین کاتن بۆ سەفەر بۆ ئەو ناوچەیە.

### هەڵکەوتی جوغرافیایی

شارستانی ئیلام، ناوەندی پارێزگای ئیلامە کە لە باری درێژی جوغرافیاییدا کەوتۆتە نێوان خولگەی ٤٦ پلە و ٢٥ خولەکو لە باری پانایی جوغرافیاییشدا کەوتۆتە نێوان خولگەی ٣٣ پلە و ٣٨ خولەکو ١٤٠١ میتریش لە ئاستی دەریاوە بەرزە. شارستانی ئیلام لە باکوورو باکووری خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ شارستانەکانی ئەیوانو شیروانو چەرداوڵو لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ شارستانی دەرەشارو لە باشوورەوە لەگەڵ شارستانی مێهرانو لە خۆراواوە لە گەڵ شارستانی قەسری شیرین دراوسێ‌یە. ئاو و هەوای ئەو دەڤەرە بەهۆی هەورازو نشێوی زۆری ناوچەکە، جۆراوجۆرەو لەسەریەک شارستانی ئیلام ئاوو هەوایەکی فێنکی کوێستانی هەیە و بەگشتیی نێونجی پلەی گەرما ١٥ پلەیە. خودی شاری ئیلام لە دۆڵێکی کوێستانیدا هەڵکەوتووەو، داوێنی کێوەکانی بە دارو جەنگەڵ داپۆشراوە کە ئەوەش دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی بە شارەکە بەخشیوە.

### زمانو بن زاراوەکان

خەڵکی ئەم شارە بە زۆری بە زاراوەی کوردی ئیلامی یان فەیلی دەدوێن، ئەم زاراوەیە کە زۆرترین ئاخێوەری لە پارێزگای ئیلامدا هەیەو جگە لە شارستانی ئیلام لە شارەکانی مێهران، سەرابلێ، بەدرەو بەشی زۆری ناوچەکانی خوارەوەی ئەو پارێزگایە وەک دێهلوران، دەرەشار، ئاودانانو ناوچەگەلێک لە باشووری کوردستان وەک مەندەلیو خانەقینیش قسەی پێدەکرێ.

خودی زاراوەی ئیلامی لەم بن زاراوانە پێک هاتووە: مەلەکشایی، کە خەڵکی بەشێک لە شارەکانی ئیلامو مێهران قسەی پێ دەکەن؛ خەزەڵی، کە زیاتر لە شیروانو چەرداوڵ بەو بن زاراوەیە دەدوێن، بن زاراوەی ئاودانانی، لە شارستانەکانی ئاودانان، دێهلورانو دەرەشار باوە، بن زاراوەی ئیلامی، بەشی زۆری خەڵکی شارستانەکانی ئیلام، مێهرانو شیروانو چەرداوڵ بەو بن زاراوەیە دەدوێنو، سەرەنجام بن زاراوەی بەدرەیی، کە بەخشی بەدرە لە شارستانی دەرەشار پێی دەدوێن.

### جلوبەرگ

لە پێگەی یان قەڵەمڕەوی سیاسیی ئێستای ئیلامدا، گەرچی لە بەستێنی زانیاریو راگەیاندندا وەک سەرزەوی‌یەکی زۆر گچکە دەنوێنێ، بەڵام لە ژێر کاریگەری دابونەریتو سونەتەکاندا، هێشتا نموونەو مودێلگەلێک لە جۆری جلوبەرگو پۆشاکی کوردی ئەو ناوچەیە بەرچاو دەکەوێ. لە لایەکی‌ترەوە، گەرچی جلوبەرگی خەڵکی پارێزگای ئیلام گرینگیو بایەخی کولتووریو کۆمەڵایەتی رابردووی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر لەدەست داوەو لە ژێر هورووژمی مۆدو مودێلگەلی هاوردەدا بەرەو یەکدەستی دەڕوا، بەڵام هێشتا لە ئاوایی‌یەکانو لەنێو هۆزەکاندا پێی پابەندن. لە رابردووی نە هێندە دوور جنسی باشو نوێو رازاندنەوەی جلوبەرگ بە تایبەت لە لایەن ژنانو کچانەوە، یەکێک لە پێوەرە سەرەکی‌یەکان بۆ جیاکردنەوەی کەسێک لە خەڵکانی دیکە و جێکردنەوەی لە جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتی تایبەت بوو و بەو تایبەتمەندی‌یانەوە دەکرا کە پێگەی کۆمەڵایەتیو ئابووری کەسانی نێو کۆمەڵ بناسینەوە. بەڵام بە چوونەسەری ئاستی ژیانی خەڵک جۆری پۆشاکی خەڵکەکەش تا ڕادەیەکی زۆر تایبەتمەندیی خۆی لە دەست داوەو تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتردا دەکرێ رۆڵو کارکردی پێشووی خۆی بگێڕێ.

### ژیانی هۆزایەتی

تایبەتمەندیو بارودۆخی جوغرافیاییو هەرێمیی پارێزگای ئیلام، لە تەنیشت هۆکارگەلی وەک دووری لە ناوەندەکانی دەسەڵاتو بڕیاردانی سیاسی لە سەردەمانی پێشوودا، گرفتی رێگاو بان، هاوسنووربوون لە گەڵ ئێراقو ... لەو هۆکارانە بوون کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە شێوەی ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەردەوام لە حاڵی هەڵکشانو داکشاندا بێو هێشتا بەشێکی ئەو خەڵکە وەک کۆچەرو لە قاڵبی هۆز یان عەشیرەدا بەسەر دەبەن.

کۆچەرانی ناوچە کوێستانی‌یەکان، هەموو ساڵێک لە وەرزی سەرمادا بەرەو گەرمێنو سنووری ئێراق دەچنو ئاژەڵەکەیان لەو ناوچانە زاوزێ دەکەنو کەموزۆر ئێستاش ئەو رەوتە بەردەوامە. لەم جۆرە ژیانەدا کە لەسەر بنەمای کۆچی بەردەوام

لە نێوان گەرمێنو کوێستان دایە، مرۆڤەکان بە تەواوی بە مەڕو ماڵاتو ئاژەڵەوە دەبەستریتەوەو هەموو بژێوی ژیانیان لەوێوە دابین دەبێ. سەرپەنای هۆزەکانی ئەو دەڤەرە لە رابردووەوە تاکوو ئێستا رەشماڵ یان دەوار بووە کە هەر خۆشیان سازیان کردوە.

لە ناوچە گەرمێنەکان‌دا کە بە ئاسانی دەستیان بە قامیش رادەگا، کۆچەرەکان لەو ئامرازە بۆ پاراستنی رەشماڵو ئاژەڵەکانیان کەڵک وەردەگرنو هەڵبەتە لەم ساڵانەی دواییدا لە تۆڕی فلزیش بۆ ئەو مەبەستە کەڵکیان وەرگرتووە.

## هەڵبەست

ئەم بەشە لە زێدی کوردان لەم چەند دەیەی دوایی‌دا، لە ژێر کارتێکەری کوردە فەیلی‌یەکانی باشووری کوردستانو هەروەها کاناڵە کوردی‌یەکانو کرانەوەی ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەکان، لە بواری شێعرو هەڵبەستەوە غافڵ نەبوونو کەم تا زۆر لە هەموو جێ‌یەکی ئەو دەڤەرە لە هەوڵی ئەوەدابوون کە شێعرو ئەدەبیاتی ئەو ناوچەیە پڕبارو دەوڵەمەند بکەن، هەر ئێستا دەیان هەڵبەستوانو ئەدیب لە خودی ئیلامو شارەکانی دەوروبەری‌دا بە هۆنینەوەی شێعری کوردی‌یەوە سەرقاڵنو سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە شاعێرانی ئەو دەڤەرە تەنیا بۆ سەرگەرمی شێعر ناهۆننەوە، بەڵکوو هەوڵێکی جیددی لە ئارادایە کە شێعری کوردی ئیلامی لەباری دارشتو ناوەرۆکەوە لە رەوتە شێعری‌و ئەدەبی‌یەکانی دەوروبەرو تەنانەت جیهان کەمی نەهێنێ. بەکورتی شێعری شاعیرانی ئیلامی هەم لە باری چەندایەتی‌و هەم لە باری چۆنایەتی‌یەوە لەسەرێیە و ئەوان هەوڵ دەدەن کە گۆڕانکاری لە فۆڕمو ناوەڕۆکی‌دا بکەنو رەوتەکانی مودێرنو پۆست مودێرنیشی تێکەڵکێش بکەن.

## ئەدەبی زارەکی

لەم بەشە لە نیشتمان هەروەک چۆن لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان بەیتو حەیرانو لاوکو سەماو هەڵپەڕکێو زۆر ئەدەبیاتی سەرزارەکی دیکە باوە، لە ئەدەبی سەزارەکی‌و بۆنە و رێورەسمەکانی خەڵکی ئەم دەڤەرەش‌دا، زۆر ئاوازو مەراسمی وەک چەمەر، مەسلەت، هۆرەو موورو لاولاوەو زۆر گۆرانی خۆشو دڵنشین و هەڵپەڕکێی جوانو دلگر باوە.

ئاوازی چەمەر: چەمەر بە مانای چاو لە رێ بوونو چەمینەوە بەهۆی غەمو پەژارەوەیە کە لە سەردەمانی زووەوە تاکوو ئێستا بە کەمێک گۆڕانکاری‌یەوە لە پارێزگای ئیلامو هەندێک لە پارێزگاکانی دراوسێیی وەک لۆڕستانو کرماشان، لە رێورەسمی پرسە و تازیەباری‌دا بەڕێوەدەچێ. پرسەو شینگێڕی وەک توخمێک لە کولتووری خەڵکی ئیلام کە رەگو ریشەکەی لە مێژووی ئەم بەشە لە نیشتمان دایە، بە هۆی ئەوەی کە ئەوپەڕی خەمو پەژارەی میراتگران دەخاتەڕوو، هاتۆتە ناو قەڵەمڕەوی نفرەو کینایەی خەڵکی ئەو دەڤەرەشەوە.

ئەو شێعرو هەڵبەستانەی کە لەو بۆنانەدا دەهۆنرێنەوە، هەمیشە شێعری حەماسینو لە وەسفی کۆچکردوو و ئازایەتی‌و جوامێری ئەودا هەڵدەبەسترێن.

یەکێکی‌تر لەو ئاوازانەی کە دەڤەری ئیلام‌دا باوەو هێشتا هەر زیندووەو هۆگرو گوێگرێکی زۆری هەیە، هۆرەیە؛ هۆرە لە کۆنترینو باستانی‌ترین ئاوازە کوردی‌یەکانە کە پێڕەوی لە ریتمی ئازاد دەکاو بە سۆزێکی دەروونی‌یەوە لە قوڕگی هۆرەچڕەوە دێتەدەرێ. دەکرێ ئاخێزگەی ئەم ئاوازە باستانی‌یە لە بیرو بڕوای ئایینی بەر لە ئیسلام‌دا ببینینەوە. هۆرەچڕ شێعرو ئەدەبیاتێکی زۆری لە زەین دایە و لە کاتی هۆرە وتنەوەدا یەک بەدوای یەک دەیان هۆنێتەوە. هەندێ لە مقامەکانی هۆرە بریتین لە سارۆخانی، دوودەنگی، خانە میری، قەتار، سوارانە، هەی لاوە، پاوەمووری، هیجرانی و ... .

ئاوازی موور یەکێکی دیکە لەو ئاوازە دەگمەنانەیە کە هێشتا لە هەندێ ناوچەی ئیلام‌دا باوە، ئەم ئاوازەش ئاوازێکی خەمناکە کە لە لایەن ژنانەوە لە رێورەسمی ماتەمو پەژارەدا دەهۆنرێتەوە.

لاوەلاوە یان لایەلایەش جۆرە هەڵبەستێکە کە زیاتر لە لایەن دایکانەوە بۆ مناڵەکانیان دەهۆنرێتەوەو هێشتا لەو دەڤەرەدا زۆر باوە.

# ڤۆڵفگانگ بۆرشێت

ئا: نێعمەت مەلا

ڤۆڵفگانگ بۆرشێت لە ساڵی ١٩٢١ لە شاری هامبۆرگ کە یەکێک لە شارە گەورەکانی ئاڵمانە لەدایک بووە. باوکی مامۆستاو دایکیشی یەکێک لە چیرۆک نووسەکانی ئاڵمانی بووە. لە ساڵی ١٩٣٦ یەکەم شێعرەکانی خۆی نووسیوەو شێعرەکانی لە بڵاوکراوەیەکی هامبۆرگ بە ناوی «هانتس سایگێر» چاپو بڵاو بۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٩ دەورانی دواناوەندی تەواو کردو هەر بەدەم خوێندنەوە لە لای یەکێک لە دەرهێنەرە بەناوبانگەکان خەریکی کاری ئەکتەریش بووە.

لە ساڵی ١٩٤١دا وەک ئەکتەرێک لە شانۆی دەوڵەتی «لوتە بۆرگ» لە نیزیک هامبۆرگ دەستی بە کاری خۆی کردوە. هەروەک بۆخۆشی دەڵێ: ئەو سەردەمە باشترین دەوران لە ژیانیدا بووە، کەچی لەو ساڵەدا وەک سەرباز بۆ بەرەی سەربازی ڕەوانە دەکرێ، لەوێڕا بۆرشێت دەکەوێتە گێژاوی ژیانو تووشی نەهامەتیو کێشەگەلێکی زۆر دەبێتەوە کە زیاتر هانی دەدات بۆ نووسینی شێعرو چیرۆک.

لە ساڵی ١٩٤٢ و ١٩٤٣ دوای دەورەیەکی سەرەتایی فێرکردن لەگەڵ یەکەیەکی سەربازی تانک بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بەڕێ دەکرێ.

لە کاتی سەربازیدا بریندار دەبێو لەگەڵ ئەوەشدا کە تووشی نەخۆشی دیفتری دەبێ، بە تاوانی ئەوەی کە بۆخۆی، خۆی نەخۆش خستووە، دەخرێتە بەندیخانە. دوایی دیسان چەند جارێک بە تاوانی قسەی هەڵەقومەڵەق دەخرێتەوە بەندیخانەوە.

دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە دیسانو ئەوجار بە تاوانی ئەوەی قوماری بە «یوزف گوبلێز» موشاوێری هیتلێر کردوە دیسان ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێ.

لە ساڵی ١٩٤٤ دیسان بە تاوانی قسەو ڕەخنەگرتن لە قاڵبی شۆخیدا ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێو سزای ٩ مانگ زیندانی بەسەردا دەسەپێ. بەڵام دوای تێپەڕ کردنی ماوەیەکی کورتو بەهۆی ئەوەی ئاڵمان لە شەڕدا دەبێو ئەو یاسایەی لە دەوڵەتدا تەسویب دەبێ، لە بەندیخانە ئازاد دەبێو لەگەڵ یەکەیەکی سەربازی ڕەوانەی بەرەی ڕۆژئاوای ئاڵمان دەکرێ.

دوای ئەوە ماوەیەک لە بەرەی شەڕی ئاڵماندا دەبێ، فەڕانسەویەکان هێرش دەکەنە سەر ئەو بەرەو ئاڵمانیش لەو بەرەیەدا تێک دەشکێو زۆربەی سەربازەکان بەدیل دەگیرێن کە یەکێک لەو بەدیل گیراوانە بۆرشێتی تازە لاوەو ڕەوانەی بەندیخانەکانی فەڕانسە دەکرێ.

لە ساڵی ١٩٤٥ لە بەندیخانەی فەڕانسە رادەکا و دوای ئەوەی بە سەختی تووشی نەخۆشی دەبێ خۆی دەگەیەنێتەوە هامبۆرگو لەوێ دەبێتە یاریدەدەری دەرهێنەرێکی شانۆی دەوڵەتیو خەریکی کاری شانۆگەری دەبێتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٦ دوای چاپو بڵاوکردنەوەی چەند کتێبو کۆمەڵێک شێعرو چیرۆکی کورت بە ناوی «گوڵی پەپوولە پاییزە« وەک نووسەرو شاعێر ناوی دەکەوێتە سەر زمانان.

ئەو نووسەرە لاوە لە ساڵی ١٩٤٧ دوای ئەوەی تەنیا ٢٦ ساڵی تەمەن بوو، بەهۆی ئەو نەخۆشییەی لە کاتی سەربازی تووشی ببوو، لە شاری بازێل گیانی لە دەستداو ماڵاوایی لە ژیان کرد.

لە بەرهەمەکانی بۆرشێتی لاو و کۆچ کردوو دەتوانین ئاماژە بەوانە بکەین:

شانۆنامە "دەرەوە، لەبەر دەرگا"، خەمی عیسا " کە پێک هاتووە لە ١٧ کورتە چیرۆکو یەک شانۆنامە، هەروەها کتێبێک کە لە ١٤ چیرۆکیتر پێک هاتووە کە دەتوانین بۆ نموونە بەرزترینی ئەو چیرۆکانە لە "لەو سێ شەممەیەدا و تەنیا یەک وەڵام" بۆ نموونە بێنینەوەو لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک شێعری لە دووتوێی کتێبێک بە ناوی "گوڵی پەپوولە پاییزە"دا چاپو بڵاو کراوەتەوە. هەروەها بۆرشێتی لاو لە ساڵی ١٩٤٦دا لە توێی کتێبێکی تردا بە نێوی " فانووس، شەو و ئەستێرەکان" ناو بێنین.

چیرۆکەکانی بۆرشێت ئیلهامێک لەو دەورانە وەردەگرێ کە لە بەرەکانی شەڕی ئاڵماندا وەک سەربازی ئەو وڵاتە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیلهامی لەو کات وەرگرتووە، لە کاتی خوێندنەوەیان هیچ هەست بەوە ناکرێ کە باسی خۆیو بیرەوەریەکانی خۆی بێ.

# تۆڵەی چاو پێکەوتن



ئەی گیانەکەم!
بڵێ پۆلیسەکان بنوون
زیندان بنوێ
بڕدەنگی گشت بەند و
قاوشەکان بگرێ..
دەلاقەی ژوورەکە داناخەم
چاوەڕوانم...
بەڵێنت پێ داوم شەوێ؛
بفڕێیتە ناو خەونەکانم
کاتێ هاتی، دەخیلت بم!
کەس نەت بینێ!
چونکە پۆلیس بە تاوانی
نافەرمانی،
تۆڵەی چاوپێکەوتنی تۆم
لێ دەستێنێ...!!

جەلال مەلەکشا

# پەیام و ڕاگەیەندراوەکان

## ڕۆژی پێنج شەممە ٢٣ی سەرماوەز ڕۆژی ماتەمینی گشتی لە کوردستان




گەلی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

نوێنەرانی پاڕلمانو کەسایەتیو چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی!

مامۆستایان، خوێندکارانو قوتابیانی خۆشەویست!

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ دەربڕینی هاودەردیو هاوخەمی خۆی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەتی بنەماڵەی بریندارانو قوربانیانی کارەسات، ڕوودانی ئەم خەسارە مرۆییە مەزنە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی لایەنە پێوەندیدارەکانو بە تایبەت وەزارەتی پەروەردەو کۆمەڵێک دامو دەزگای حکوومیترە، ئەوەش درێژەی ئەو سیاسەتەیە کە چەندین ساڵە ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران بە دژی گەلی کورد پێڕەوی دەکەنو کوردستانیان جگە لە پاکتاوکردنی فەرهەنگیو قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی زکماکی لە زۆر لایەنی ئابووریو خزمەتگوزاریشەوە هەمیشە لە دواوەی ناوچەکانیتری ئێران هێشتۆتەوەو ڕۆژانە شایەتی دەیانو سەدان ڕووداو تراژیدیای لەم جۆرەین کە بە دژی نەتەوەکەمان بەڕێوە دەچنو هێشتا زامەکانی کوژرانی کۆڵبەرانو ئەشکەنجەی بەندکراوانی سیاسیو مەدەنیو دەنگی هاواری سەدان لاوی بێکارو گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکانو بێپێنووسیو بێقەڵەمی دەیان قوتابیو خوێندکار کە وازیان لە خوێندن هێناوە، ساڕێژ نەبوون کە بەداخەوە ٣٧ پەپوولەی بێنازی وڵاتەکەمان لە تاریکە ژووریو ساردوسڕی قوتابخانەدا سووتان.

بە داخو پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی سەرماوەزی ٢٧١٢ی کوردی(١٣٩١) بەهۆی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەکەی شارۆچکەی شیناوێ سەربە شاری پیرانشار کە بووە هۆی سووتانو برینداربوونی ٣٧ قوتابیو کۆچی دوو دانە لەو ئازیزانە.



# پەیامی «فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران» و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بە بۆنەی مەحکووم کردنی تیرۆرو لە سێدارەدانی چالاکوانانی کورد

بەڕێزان، ئامادەبووانی کەمپەینی گشتی!
کۆرو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان!
خەڵکی بەشەڕەفی کوردستان!

بەشداربوونتان لەم کۆڕە گشتییەدا نیشانەی بەئەمەگیو غەم خۆریتانە بەرامبەر بە چارەنووسی مافی مرۆڤی کوردستانو هەست کردنتانە بە ئازارو مەینەتی توێژێکی نێو کۆمەڵگاکەمان واتە ڕۆڵە فیداکارو خۆڕاگرەکانی نێو گرتووخانەکانی ڕێژیمی دژی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆیە بە پێویست دەزانین هەر لێرەوە سەری کڕنۆش دادەنوێنین لە بەرامبەر ئیرادەی پۆڵاینی ئەو تێکۆشەرانەی لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافی سیاسیو مەدەنیو هەروەها ئامانجی نیشتمانیو نەتەوەییدا تووشی سیاچاڵەکانو تیرۆر بونەتەوە لەلایەن ڕێژیمی دژی گەلیو دیکتاتۆڕەکانو لەم ڕێبازەدا گیانیان بەخت کردوە، ژیانیان لێ ئەستێندراوە، بەڵام ئامادەنەبوون پشت لە بیروباوەڕی سیاسیو ئامانجە ئینسانییەکانی خۆیان بکەنو تەسلیمی ئیرادەی چەواشەکاران بن.

بەڕێزان: هەروەک ئاگاردارن ڕێژیمی پەتو سێدارەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵات، بەگرتنو زینداندانو حوکمی ئێعدامی چالاکوانانی سیاسیو مەدەنی رۆڵەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان کردە هەوێنی سیاسەتە چەوتو چەپەڵەکانی خۆیان بە مەبەستی پاکتاوکردنی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیو رزگاریو دیمۆکڕاسی، بەوئامانجە کە بتوانن درێژە بە بەقاو مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیان بدەنو گەنجانو لاوانی ئەم نیشتمانو نەتەوەیە بکەنە قوربانی سەقامگیری حکوومەتە سێدارەکەی خۆیان. هەر ئەم ڕێژیمە لە سەرەتای هاتنەسەرکاریان بە ئێعدام کردنی پەنجاونۆ لاوی نیشتمانپەروەری مەهابادی تەنیا بە تاوانی کورد بوونو تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافی رەوای گەلەکەیان، بڕیاری سێدارەیان لە لایەن حکوومەتی بە ناو کۆماری ئیسلامی بۆ بڕایەوەو ئێعدام کران. لە قۆناغێکیتردا پڕۆسەی ئێعدام دەستی پێکرد کە بە کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسیی لە مێژوودا ناوی دەرکردوەو مێژوو شاهیدی بۆ ئەم کارەساتە دژی ئینسانییە دەدا کە بەداخەوە هەزاران کەسی تێکۆشەرو کۆڵنەدەرو خۆڕاگر فیدای سیاسەتە چەوتو چەپەڵەکانی کۆماری دیکتاتۆڕی سێدارەی ئێران بوونەوە.

بەڕێزان: لە قۆناغی ئێستاداو لەهەمبەر بارودۆخێکی وەهادا کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران بە سەپاندنی حوکمی ئێعدام بۆ دوو لاوی تێکۆشەری گەلەکەمان واتە زانیارو لوقمان مورادی بە تۆمەتی بەرەنگاری دژی ئاسایشی نیشتمانیو نەتەوەیی، بە تۆمەتی موحاربەو "مفسد فیالارض"، و بە تۆمەتی تیرۆریزم حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاندوونو هەردەم ئەگەری بەڕێوەچوونی ئەو حوکمە هەیە، بۆیە داوا لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان



دەکەین بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ ئەرکی ئینسانیو نیشتمانی نەتەوەیی خۆیان بۆ پشتگیری لە زانیارولوقمان مورادی دەربڕنو پێش بە رەوتی چوونە پێشی ئێعدامی رۆڵەکانی گەلی کورد بگرن.

ئامادەبووانی هێژا: هەروەک هەمووومان دەزانین سێ کچە خەبات کارو تێکۆشەری نیشتمان پارێزمان بە ناوەکانی "ساکینا جانسێز، فیدان دۆغانو لەیلا سۆلەمەز" لە وڵاتی فەرەنسا و لە شاری پاریس بەدەستی نادیاری بکوژانی وڵاتو گەلمان بەداخەوە لە شەوی ٢٠١٣/١/١٠ تیرۆر کرانو چوونە ناو کاروانی شەهیدانمانەوە. بۆیە ئێمە بە ناوی خەڵکی کوردستانو رۆژهەڵاتی کوردستانو رێکخراوەکانی سەربە رۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر بە توندیو جیددیی ئەم پرۆسەی تیرۆرو ئێعدامی رۆڵەکانی گەلەکەمان ریسواو مەحکووم دەکەینو بە شەرمەزاری دەزانینو بەهاودەنگی هەموو بەشدارانی ئەم کەمپەینە داوا لە دەوڵەتی فەرەنسا دەکەین کە بکوژانی ئەو سێ خوشکە تێکۆشەرە بدۆزنەوەو بە سزای شیاوی خۆیان بگەیەنن.

بژی ئازادی، بژی کورد، بژی کوردستان

رێکەوتی:
٢٠١٣/١/١٣ی زایینی

# راگەیەندراوی فیدڕاسیونی رێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران

**بە بۆنەی ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەی گوندی شێناوێ سەربە پیرانشارو سووتانو برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان.**

لە کەس شاراوە نییە کە داموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەموو کات لە راپەڕاندنی کارو ئەرکەکانیاندا کەمتەرخەمنو نوێنەرایەتی روانگەی تێکەل بە هەڵاواردنی کاربەدەستانی رێژیم بە نیسبەت کوردستانەوە دەکەنو تەنیا بۆ تۆقاندنو داپڵۆسینو گرتنو بێدەنگ کردنو سازکردنی زیندانی زەبەلاحو توندو تۆڵ، کارەکانیان باش رادەپەڕێنن.

رووداوی ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەی منداڵانی گوندی شێناوێی پیرانشاریش بێگومان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە ٣٤ ساڵە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت تەندروستیو داهاتوو و پەروەردەو مافەکانی منداڵی کوردەوە دەیکەن کە مێژووەکەی بۆ هەمووان ئاشنایەو تەنیا بەشێکە لەو هەڵاواردنە سیستماتیکەی کە لە هەموو بوارەکانداو لە هەموو قۆناغەکانی تەمەندا بە نیسبەت تاکی کوردو سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە دەکرێ.

ئێمە وەک فیدڕاسیۆنی رێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران ئەم سیاسەتە دژی گەلییەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە توندی مەحکووم دەکەینو بە پاڵپشتی کۆمەڵگای مەدەنیو هەموو ویژدانە وشیارەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەوڵەکانمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی لە رێگای هاوکاریو هاوخەمیو گواستنەوەی میدیاییو تاد...، لانی کەم بتوانین ببین بە دەنگی هاواری ئەوان لە رێکخراوە مرۆییو نێودەوڵەتیەکاندا.

فیدڕاسیۆنی رێکخراوەکانی
لاوانی کوردستانی ئێران
٢٠١٢/١٢/٦

# وەڵامێک بۆ هەڕەشەنامەی باڵی سەربازی پەژاک

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستە یەک لە دوای یەکەکانو نامەسئولانەی بەرپرسانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستانو ڕاگەیاندنو باڵی چەکداری حیزبی ناوبراو بەرامبەر بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە پێویستی دەزانێ کە بە ڕوونی هەڵوێستی فەرمی خۆی بەڕای گشتی ڕابگەیەنێ:

١: لە ئاست گرژیو کێشەی نێوان حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو پژاک، یەکیەتی لاوان خوازیاری کرانەوەی دەرگای دیالۆگە لە نێوان هەر دوو لایەنو کۆ تا یی هێنا ن بەو شەڕە میدیاییە کە تەنیا دوژمنانی کورد قازانجی تێدا دەبینن‌و خۆتێوەردانی باڵی چەکداری هەرکام لەو لایەنە لەو گرژیە بە کردەوەیەکی دژە ئەخلاقیو قیزەوەن دادەنێ.

٢: یەکیەتی لاوان کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پێشمەرگەی کوردستانن، مەزنخوازییو ئاژاوەگێڕیو هەڕەشەی هیچ هێزو لایەنێک دژ بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو چالاکانی سەربەخۆو مەدەنی قەبووڵ ناکاو لە ئەگەری هەر چەشنە کردارێکی نابەرپرسانە، خۆی بە پارێزەری کەرامەتی حیزبی دیمۆکراتو هەر تاکێکی سەربەخۆو مەدەنی دەزانێو لە ئاست تیرۆری کەسایەتیو سڕینەوەی فیزیکی هیچ تاکێک لە کۆمەڵگای کوردستان بە بیانووی بیرکردنەوەی جیاوازەوە بێدەنگو بێوەڵام نامێنێ.

لە کۆتاییدا دووپاتی دەکەینەوە کە ویستو ئاواتی ڕێکخراوەکەمان تەنیاو تەنیا یەکڕیزیو یەکگرتوویی ڕۆڵەکانی کوردو باوەڕمەندیی هەموو لایەنەکان بە پلۆرالیزمو پرەنسیپەکانی ڕەخنە گرتنەو هیوادارین بەرژەوەندی نەتەوەیی لەو قۆناغە هەستیارەدا ببێتە بنچینەی چالاکی هەموو لایەنەکان لە ئاستی گوتارو پراکتیکدا.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٨ی سەرماوەزی ١٣٩١ی هەتاوی

٨ی دێسامبری ٢٠١٢ی زایینی

## بابەت: پیرۆزبایی

## بەڕێز یەکێتی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان!

بە بۆنەی ٦٠مین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەتان، لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی گەرمی خۆمانتان پێشکەش دەکەین، هەر بەم بۆنەیەشەوە سەرکەوتنو بەرەوپێشچوون لە ئەرکەکانتان بە ئاواتدەخوازین.

بەڕێزان!

یەکێتی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک دوو ڕێکخراوی دێرینی کۆمەڵگای مەدەنی کورد لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژوویەکی درەوشاوە لە هاوخەباتو گەشەی ڕووحی نەتەوایەتییان تۆمار کردوە، هیوادارین ئەم ڕێبازو ئەزموونە پڕ لە شانازییە تا گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتیو سینفییەکانی توێژی لاوان لەو دوو بەشی کوردستان هەروا درێژەی هەبێ.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان

١ی ڕەشەمەی ٢٧١٢ی کوردی

١٩ی فێوریەی ٢٠١٣ی زایینی

# بەیانیەی ١٤ ڕێکخراوی مەدەنی کوردستان لە

## پێوەندی لەگەڵ بڕیاری جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی دوو هاوڵاتی کورد، زانیارو لوقمان مورادی

خەڵکی تێکوشەری کوردستان!

لاوان، خوێندکاران، ژنان، مامۆستایان‌و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

هەروەک ئاگادارن جارێکی دیکە ڕێژیمی توتالیتێری ئیسلامی ئێران بڕیاری جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی دوو ڕۆڵەی کورد بە ناوەکانی زانیارو لوقمان مورادی داوە. دوو لاوی کورد کە وەکوو هەموو لاوانی دیکەی گەلانی ئازادیخوازی جیهان داوای مافی ئازادی‌و مافی چارەی خۆنووسینیان کردووەو لە لایەن دەسەڵاتی سەرکوتکەرو پاوانخوازی ناوەندگەرای ئێرانەوە حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپاوەو ئێستاش دەیان هەوێ ئەم بڕیارە کە لەگەڵ هەموو بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ‌و جاڕنامە جیهانیەکانی سەردەمەوە ناتەبایە، جێبەجێ بکەن.

ئێمە وەکوو ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان وێڕای ئیدانەکردنی ئەم بڕیارە داوا لە هەموو ڕێکخراوە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکانی کوردستان‌و جیهان دەکەین کە هەموو وزەو توانای خۆیان لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمە دژە مرۆڤانەدا بخەنە گەڕو نەهێڵن بۆ جارێکی دیکە گەنجان‌و لاوانمان ببن بە قوربانی سیاسەتە پاوانخوازەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی. لەوەها بارودۆخێکی هەستیاردا داوا لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کوردانی نیشتەجێی تاران‌و کەرەج دەکەین کە بۆ بەرگری لە بەڕێوەچوونی ئەم حوکمە هەموو وزەو توانای خۆیان بە پێک هێنانی کۆڕو کۆمەڵی جیاواز لە بەر ئۆرگان‌و ناوەندە ئەمنییەتی‌یەکانی پێوەندیدار بە تایبەت زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج کە شوێنی بەڕێوەچوون‌و جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی ئەو دوو چالاکە سیاسی‌یەیە، کۆببنەوەو ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن. بە تایبەت داوا لە سەرجەم ئەندامانی خۆمان لە نێوخۆی کوردستان‌و بەتایبەت خوێندکارانی زانکوکانی تاران‌و کەرەج دەکەین بە ئەو ئەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە بەهەر شێوەیەکی لواو کە بۆیان جێبەجێ دەکرێ، پێش لە بە بەڕێوەچوونی ئەم حوکمە بگرن‌و جارێکی دیکە وەکوو ساڵانی پێشوو چۆن هەوڵەکانتان لەپێناو بەرگری کردن لە کاک حەبیب لەتیفی بە ئەنجام گەیاندو ئاکامی باشیشی لێکەوتەوەو بووە جێگای شانازی‌و سەربەرزی نەتەوەکەمان، جارێکی دیکە ئەم ئەزموونە مرۆڤ دوستانەیە دووپات بکەنەوە.

نا بۆ ئێعدام! نا بۆ سێدارە!

بژی کورد! بژی ئازادی!

١:-یەکیەتیی خوێندکارانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

٢:-کۆمەڵەی خوێندەوارانی ڕۆژهەڵات

٣:-ڕێکخراوی خوێندکارانی پێشڕەوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٤:-یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد

٥:-کومیتەی خوێندکاری یەکیەتیی دێمۆکڕاتیکی کوردستان

٦: کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات

٧:-یەکیەتی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

٨:-ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو

٩:-یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٠: یەکیەتی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان

١١: کومیتەی ژنانی یەکیەتیی دێمۆکڕاتی کوردستان

١٢: یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

١٣:-کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات

١٤:-ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد

بەفرانباری ١٣٩١ی‌هەتاوی




# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی شەوی یەڵدا

## ٨٢هەمین ساڵیادی لەدایک بوونی دوکتور عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو

خەڵکی وڵاتپارێزی کوردستان!

لاوانی خۆڕاگر!

مێژووی کورد وەک مێژووی زۆربەی نەتەوەکانی‌تر پڕە لە سەروەری‌و کەسایەتی مەزن کە بوونە هێماو هەوێنی ئیلهام بەخشی ژیان بۆ نەسڵەکانی داهاتوو کە قاسملووی مامۆستا و ڕێبەری شەهید هەڵگری هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە.

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شەوی یەڵدا، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٠٩ی‌هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ی‌زایینی لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن ملکو دەست ڕۆیشتوودا لەدایک بوو. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی، لە ورمێ‌و دواتر لە تاران تەواو کرد. تێکۆشانی سیاسی ساڵی ١٣٢٤ بە دامەزراندنی لقی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕات یەکەم ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان، لە شاری ورمێ دەست پێ کرد، کە لەو سەردەمەدا کۆماری کوردستان گەورەترین‌و کاریگەرترین وەرچەرخانی مێژووی ناسیۆنالیسمی کورد لە لوتکەی گەشەکردن‌دا بوو.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ درێژەپێدانی خوێندن چوو بۆ فەڕەنسا، هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەڕەنسا بوو، بە هاوکاری چەند خوێندکاری دیکەی کوردی ڕۆژهەڵات‌و بەشەکانی دیکەی کوردستان، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان لە ئورووپا دامەزراند. ساڵی ١٣٣٢ دوای کودیتا دژی موسەدیق گەڕایەوە کوردستان‌و بە شێوەی نهێنی خەریکی ڕێکخستنی تەشکیلاتی حیزب بوو و بەرپرسایەتی ڕۆژنامەی

کوردستانی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٣٤١ لە زانکۆی پڕاگ، دوکتورای زانستی ئابووری وەرگرت‌و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لە زانکۆی پڕاگ دەرسی ئابووریی سەرمایەداری‌و ئابووریی سۆسیالیستی گوتەوە. د. قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەڕانسە، ئینگلیزی، چیکی‌و ڕووسی بە باشی دەزانی‌و بە زۆر زمانی دیکەش وەک ئەڵمانی‌و زمانەکانی‌تر تا رادیەک ئاشنا بوو.

د. قاسملوو رۆژی ١٣ی‌ژوئیەی ١٩٨٩(٢٢ی‌پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨) لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتی‌خوازانەی پرسی کورد لە ئێران لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، لەسەر مێزی وتووێژ بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا.

بەڕێزان!

دکتۆر قاسملوو لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی گەورەدا یەکێک لەو ڕێبەرە دەگمەنانە بووە کە لێوەشاوانە دوو چەمکی ڕووناکبیری‌و شۆڕشگێری ئاوێتەی یەکتر کردوەو رۆشنگەری‌و پراکتیکی هاوتەریب لە گەڵ یەکتر بە گرینگ وەسف کردوە، لە بەخشینی شوناسی ئازادی‌خوازانە بە خەبات زانیوە. ڕێبەری مەزن، دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو ئەگەرچی لە دەلاقەی باوەرمەندی بە ئەندیشەی مارکسیستی‌یەوە لە هەوڵی وەدی هاتنی ئارمانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام هاوکات قەت لە چوارچێوەی رەهەندی سیاسەتیش‌دا سەرەڕای پێویستی لە بەرچاو گرتنی روانگەیەکی پراگماتیستانە بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان، بەردەوام لەسەر پابەندبوون بە پرەنسیپە شۆڕشگێری‌یەکان پێداگر بووەو رێزگرتن لە بەها مرۆیی‌یەکانی بە تایبەتمەندی سەرەکی‌و رەمزی

“




“

مرۆڤێکی ئیدۆلۆگو هزرێکی داخراو و کلێشەیی خۆی دەرنەخست‌و جیا لەوە بەردەوام تێ‌دەکۆشا کە شۆڕشی کوردستان‌و حیزبی دێمۆکراتیش لەو چەشنە قەفەسە فکریی‌و تێۆریکی‌یانە رزگار بکا.

ئێمە وەک نەوەکانی ئەمڕۆ ئەرکێکی مرۆیی‌و نەتەوەیی گەورەمان لەسەر شانە کە دەبێ شێلگیرانە شانیان وەبەر بدەین‌و بەجێ‌یان بگەیەنین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان. قاسملوو بوون ئەو شانازی‌یەیە کە هەموو کەس دەتوانێ لە کەسایەتی خۆی‌دا دروستی بکا.

پیرۆز بێ شەوی یەڵدا ٨٢مین ساڵیادی لەدایک بوونی ئەستێرەی گەشی ئاسمانی مرۆڤایەتی‌و کوردایەتی بەرزو بەڕێز بێ ڕێبازی پڕ لە سەروەری ڕێبەری گەورەمان دکتۆر عبدولرحمانی قاسملوو.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی

رۆژهەڵاتی کوردستان

٣٠ی سەرماوەزی ٢٧١٢ی‌کوردی

٢٠ی دێسامبەری ٢٠١٢ی‌زایینی




## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان

کۆمەڵانی ئازادیخوازو
نیشتمانپەروەری کوردستان!
لاوانی تێکۆشەرو وڵاتپارێز!

٦٧ ساڵ پێش ئێستا، ئیرادەی نەتەوەییو خولیای کپکراوی ڕەسەنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوینو دێرینترین نەتەوەی نیشتەجێی ئەو جوغرافیایە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی مۆدێرنو دیموکراتیک واتە کۆماری کوردستان خۆی دەرخست. کۆمارێک کە هەم هەڵگری شوناسی مەدەنی بوو و هەمیش بە موبیلیزەکردنی توانای مرۆییو هزریی هاووڵاتیانی نموونەیەکی بێهاوتای لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ چارەسەری پرسی نەتەوە ژێردەستەکان هێنا ئاراوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مۆدێلی کۆماری کوردستان بە گونجاوترین ڕێگای چارەسەری کێشەی کورد لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی دەزانێ.

هەر ئێستاکەش ئەگەرچی بەهۆی دەسەڵاتی دوگمو کۆنەپەرەستانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەرفەتی تاقیکردنەوەو بەڕێوەبردنی ئەم مۆدێلە لە ئارادا نییە، بەڵام بە خۆشییەوە ڕەوتی ڕووداوەکان لە پارچەکانیتری کوردستان، مژدەی وەدیهاتنی مۆدێلی کۆماری کوردستان لە باشوورو باکوورو ڕۆژئاوامان پێدەبەخشێ. ئاکامی کێشەو ناکۆکییەکانی هەولێرو بەغداو تەریک کەوتنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری سیاسییەکانی بەغدا لە ئاست سیاسەتی جیهانیو بلۆکبەندی ناوچەیی، نیشانەی سەرکەوتنی گوتاری سەردەمیانەی سیاسییەکانی هەولێرو نزیک بوونەوە لە ئاواتی لەمێژینەی کوردو دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لەو بەشە لە کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکە.

لە باکووری کوردستان پرۆسەی وتوویژو ئاشتەوایی لە نێوان ڕێبەرانی شۆڕشی کورد لەو بەشە لە کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا دیسان وەگەڕ کەوتۆتەوەو سەرەڕای لەمپەرو ئاستەنگەکانو تەنانەت تیرۆری شۆڕشگێرانی کوردو بەردەوامی شەڕو پێکدادانەی چەکدارییەکان، هیوای گەیشتن بە خاڵی چارەسەری لە نێوان دیاربەکرو ئانکارا پتر لەهەر کاتێک بەدی دەکرێ.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کورد بە خۆشییەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاگری شەڕی تایفیو خوێناوی خۆی بە دوور ڕاگرتووەو بەڕێوەبەرییەکی خۆجێیی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هاتۆتە ئاراوەو هەوڵەکان بۆ یەکگرتوویی زیاتر لە نێوان لایەنە سیاسییەکان درێژەی هەیە و دەسکەوتەکانی کورد لەو بەشە لە کوردستان گەیشتوتە ئاستێک کە دەسەڵاتی داهاتوو لە دیمەشق ناتوانێ بە ئاسانی قامیشلوو لە پەراوێز بخات.

بەڕێزان!

یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە یەکێک لە بەنرخترین دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانە، خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە شانبەشانی ڕێبوارانی ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، ٦٧ ساڵە بێپسانەوە هەوڵو تێکۆشانی خۆی پێش خستووەو تا گەیشتن بە ڕۆژێک کە سەرلەنوێ کۆماری ئازادو دیموکراتیکو مەدەنی کوردستان دابمەزرێنێ، لە تێکۆشان سڵ ناکاتەوە.

بەرزو پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان!

بەرو بەردەوام بێ خەباتی لاوانی خۆڕاگری کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزرێنەرانی کۆمار!

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٢ی کوردی

# بێدەنگی بەرامبەر بە چارەنووسی زانیارو لوقمان مورادی تاوانە!



خەڵکی ماف‌خوراوی
کوردستان!
لاوانی خۆڕاگرو وڵاتپارێز!
پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە
کوردستان، ئێرانو جیهان!

بەداخەوە ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوایین کردەوەی دژە کوردانەی، بڕیای ئێعدامی دوو لاوی نیشتیمانپەرەوەرو بێتاوانی بە ناوەکانی ''زانیار مورادی'' و''لوقمان مورادی'' خستۆتە دەستووری کاری خۆیو بە پێی زانیاری‌یەکان لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەگەری ئێعدامی ئەو دوو لاوە بێتاوانە لە گۆڕێ دایە.

بێدەنگیو بێهەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ئەگەری جێبەجێ کردنی وەها حوکمێکی دژە مرۆییو دژەکوردانە، تەنیا و تەنیا ڕێژیمی دژەگەلی کۆماری ئیسلامی هان دەدا کە بێڕەحمانە کایە بە چارەنووسی ڕۆڵەکانی کورد لە ئێستاو داهاتوودا بکا. با بە یەک دەنگو یەکگرتووانە دژی وەها حوکمێک ناڕەزایەتی دەربڕینو چیتر لاوەکانی کورد لە گرتووخانە تاریکەکانی کۆماری ئیسلامی بە تەنیا نەهێڵینەوە.

ژیاننامە: لوقمانو زانیار مورادی، دوو گەنجی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خەڵکی شاری مەریوانن کە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست و بە تۆمەتی کوشتنی کوڕی پێشنوێژی هەینی شاری مەریوان، لە زستانی ١٣٨٩ی هەتاوی‌دا، سزای سێدارەیان بەسەردا سەپاوەو ساڵێک دواتر حوکمەکە لە لایەن دیوانی باڵای دادی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە وەک خۆی تەئید کرایەوەو بەم شێوە هیچ ئاستەنگێکی یاسایی لەبەردەم جێبەجێ کردنی حوکمەکە لە گۆڕێدا نییە.

ئەو دوو گیراوە بە پێداگری‌یەوە خۆیان بە بێتاوان دەزانن‌و هاوینی ئەمساڵ هاوکات لەگەڵ دەستپێکی سێهەمین ساڵی گیرانیان، لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا داوایان لە ئیمام جومعەی مەریوان کردبوو کە "ورەی هەبێو ڕاستگۆیانە شایەتی لەسەر بێتاوان بوونیان بداتو ڕێگە بۆ هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامو ئازادیان خۆش بکات".

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٧ی بەفرانباری ٢٧١٢ی کوردی
٦ی ژانویەی ٢٠١٣ی زایینی

# پەیامی

# یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان

## بە بۆنەی ٢٤ی رەشەمە

## ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕاتی کوردستان

بەڕێز یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕاتی کوردستان

بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی رێکخراوەکەتان لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین‌و هیوادارین وەکوو دێرین‌ترین رێکخراوی مەدەنی تایبەت بە توێژی ژن لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانتان هەردەم سەرکەوتووانە هەنگاو بهاوێژن. یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕاتی کوردستان لەو سۆنگەیەوە کە بە یەکێک لە بەرهەمە بەنرخەکانی سەردەمی کۆماری دیمۆکڕاتیکی کوردستان ئەژمار دەکرێ‌و لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک تێچوو و گیان‌فیدایی پێشکەش بە نەتەوە بندەستەکەی‌و نیشتمانە داگیرکراوەکەی کردوە لە دلو هزری ژنانی کوردستان خاوەن پێگەیەکی بەرفراوانەو هیوادارین بە خەبات‌و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ئێوەی بەڕێز ئامانجەکانی رێکخراوەکەتان کە خۆی لە یەکسانی ژن‌و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیان‌دا دەبینێتەوە، وەدی بێن.

کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی
یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی
رۆژهەڵاتی کوردستان
٢٤ی رەشەمەی ٢٧١٢ی
کوردی

# کۆبوونەوەی فەرمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٦ی رەشەممەی ١٣٩١ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان ئێران بە سەرۆکایەتی بەڕێز فواد خاکی‌بەیگی سکرتێری گشتی‌و هاوڕێیەتی بەڕێزان جەلال رەوانگەرد، سۆران باریکە، زەینی کوردستانی ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی‌و بەڕێز رەحیم گەرگوولی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بە فەرمی سەردانی بنکەی سەرەکی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانیان کردو لە لایەن هەیئەتێک بە سەرۆکایەتی بەڕێز سامان فەقێ‌نەبی سکرتێری گشتی‌و هاوڕێیەتی بەڕێزان سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێری گشتی‌و سمکۆ عوسمانی، شادی ئەحمەدپوور، حاتەم رەسووڵپوورو مەندانە حەبیبزادە ئەندامانی ئەسڵی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی‌و کاوە خوسرەوپوور، ئازاد محەممەدزادەو سیامەند شیخەپوور ئەندامانی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی‌و بەڕێز مەنسوور سەممار کادری پێوەندی‌یەکانی رێکخراو پێشوازی‌یان لێکرا.

لەو دیدارەدا وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر پەرەپێدانی پێوندی‌یەکانی هەردوو رێکخراو، لەسەر چۆنیەتی هەنگاونانی پراکتیکی بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەو چالاکی هاوبەش بە تایبەت لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان باس‌و گفتوگۆ هاتە ئاراوەو هەیئەتێکی هاوبەش بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەبەستانە دیاری کران.

هەر لە درێژەی ئەو دیدارەدا لەسەر هەندێک مژار وەک هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران لە جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی‌و هەروەها چۆنیەتی‌و میکانیزم‌و دەوری هەر دوو رێکخراو لە کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوارپارچەی کوردستان کە بڕیارە ئەم ماوەیە بەڕێوە بچێ، بیروبۆچوونیان ئاڵوگۆڕ کرد.

شایانی باسە ئەم دیدارە پاش ٢ کاتژمێر لە فەزایەکی دۆستانە و هاوڕێیانەدا کۆتایی پێهات.



# سەردانی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارای کورد لە سکرتاریەتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستان

رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١ی رەشەمەی ٢٧١٢ کوردی( ١٨ی فێوریەی ٢٠١٣ی‌زانییی) هەیئەتێکی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد پێکهاتوو لە: سۆهراب رەحمەتی جێگری سکرتێرو هانا ناسری ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری‌و هەروەها هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتوو لە: ئازاد محەممەدزادەو کاوە خەسرەوپوور ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری، بە مەبەستی پیرۆزبایی (٦٠)مینساڵیادی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستان سەردانی سکرتاریەتی ئەو رێکخراوەیان لە شاری هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان کردو لە لایەن بەڕێز ئومێد خۆشناو سکرتێرو بەشێک لە ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەری ئەو رێکخراوە پێشوازی‌یان لێ‌کرا.

سەرەتا لایەن هەیئەتی خانەخوێوە بەخێرهاتنی هەر دوو هەیئەتی میوان کراو پاشان هەم یەکیەتی لاوان‌و خوێندکاران وێڕای دەربڕینی پیرۆبایی‌یەکی گەرم بەم بۆنەیەوە، هیوای بەردەوامی، بەرەوپێش‌چوون‌و سەرکەوتنی زیاتریان بە مەبەستی گەیشتن بە خواستە نەتەوەیی‌و سینفی‌یەکانی لاوان‌و خوێندکاران لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان خواست. لە بەشێکی‌تری ئەم دانیشتنەدا هەر سێ هەئیەت پێداگریان کردەوە لەسەر بەردەوامی پێوەندی‌و دانیشتنەکان‌و هاوکاری‌و هاوفکری زیاتر لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە پێناو خزمەت بەم دوو توێژەو هەروەها گرینگی پێدان‌و کردنەوەی دەلاقەیەکی هاوبەش لە لایەنەکانی میدیاو راگەیاندن، پەروەردەو پێ‌گەیاندنی کادری شارەزاو لێهاتوو لەم بوارانەدا. جێگەی ئاماژەیە کە بەشێکی‌تری ئەم دانیشتنە تایبەت بوو بە بارودۆخ‌و پرسە پێوەندی‌دارەکانی لاوان‌و خوێندکاران لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و، هەر بەم هۆیەشەوە هەر سێ هەیئەت وێڕای زووم کردنە سەر ئەو بابەتە، کە هێشتا رۆژهەڵاتی کوردستان هەر بە قۆناغی شۆڕشی رزگاری خوازی‌دا تێ‌دەپەڕێ‌و پرسی نەتەوەیی لە رۆژهەڵات گرنگترین بابەت لای ئەم دوو توێژەی کۆمەڵگا دێتە ئەژمارو لەم سۆنگەیەوە تەرکیز خستنی زیاتر لەسەر بەڕێوەبردنی سیمینارو پلانی درێژخایەن لە هەمبەر ئەم مەسەلەیە وەکوو ئەرکێکی جێی بایەخ لە قۆناغی ئیستادا پێداگری لەسەر بکرێ‌و هەنگاونانی لاوان‌و خوێندکارانی هەر چوار پارچەی کوردستانی لە پێناو لێک نزیک بوونەوەی زیاتر بە ئەرکێکی نەتەوەیی‌و یەکیەتیی نێو ماڵی گەورەی کورد وەسف کرا.

دواتر هەردوو هەیئەتی خوێندکاران‌و لاوان وێڕای پیرۆزبایی ٦٠مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستان، لەسەر یەکیەتی‌و هاوکاری کردنی توێژی لاوان‌و خوێندکارانی کورد وەک داینەمۆی کومەڵگای کوردی جەخت کرایەوەو هەردوو هەیئەت هیوایان خواست کە رێکخراوە مەدەنی‌یەکانی کوردستان بە گشتی‌و باشووری کوردستان بە تایبەتی، لە ئاستێکی بەربەرین‌و بەرفراوان‌دا چالاکی هاوبەش ئەنجام بدەن‌و پێوەندی‌و نزیکی‌یەکی بەهێز لە نێوان توێژی لاو و خوێندکاردا دروست بکەن.

ئەوەی کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری دیمۆکڕاتیکی کوردستان‌و یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٣وە تا ئەمڕۆ وەک دوو رێکخراوی دێرینی کۆمەڵگای مەدەنی کورد لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان دێنە ئەژمار کە مێژوویەکی درەوشاوە لە هاوخەبات‌و گەشەی رووحی نەتەوایەتی‌یان تۆمار کردوە کە ئەم خەباتی ئەم دوو ریکخراوەیە تا ئەمڕۆش لە پێناو رێبازو ئەزموونە پڕ لە شانازی‌یەکانی کورد بەردەوامی هەیە و هەر دوو لایەن تێ‌دەکۆشن کە تا گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتی‌و سینفی‌یەکانی توێژی لاوان لەو دوو بەشی کوردستان درێژەی بە چالاکی‌و بەردەوامی تێکۆشانیان بدەن.

# بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی کۆمیتەی ترۆندهایمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕویژ



کۆمیتەی ترۆندهایمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە ژێر دروشمی "بەرەو یەکبوون" بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠ ئەندامو هەروەها ئەندامانی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەلات لە وڵاتی نۆرویژ چوارەمین کۆنفرانسی خۆی لەو هەرێمە گرێدا.

کۆنفرانس بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیبو چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانو وەرگرتنی دەنگ بۆ مەشروعییەتی کۆنفرانسەکە دەستی بە کارەکانی کردو پاشان لە لایەن بەڕێز کامیل ئوستادئەحمەدی کادری دێرینی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو برای ئەندامی شەهیدی یەکیەتیی لاوان ئەبووبەکر ئوستادئەحمەدی بە وتەیەک دەستپێکی کارەکانی کۆنفرانس ڕاگەیەندرا.

سەرەتا ڕاپۆرتی کاریی کومیتەی لاوانی ترۆندهایم لە لایان بەڕێزان کاک هەژار خوڕڕەمگاهیو کاک رامین شێنانی ئەندامانی بەڕێوەبەری کومیتەی لاوانی ترۆندهایمەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کراو ڕاپۆرتی ئامادەکراو لە لایەن ئەندامانەوە خرایە بەر باسو هەڵسەنگاندن، جێی ئاماژەیە کە لەو ڕاپۆرتەدا شێوازی هاوئاهەنگی زیاتر لە نێوان کۆمیتەی ترۆندهایم لە وڵاتی نۆرویژو کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە کوردستان پێداگری لەسەر کرایەوەو چۆنێتی چالاککردنی هەرچی زیاتری یەکیەتیی لاوان لە هەرێمی تۆرێندهایم خرایە بەر باسو گفتگۆ.

ئەو جار دەرگای ڕەخنە بەرەڕووی ئەندامانی کۆنفرانسەوە کرایەوەو بەشداران وێڕای ڕێزگرتن لە کارو تێکۆشانی ئەو کۆمیتەیە، سەرجەم خاڵە لاوازەو بەهێزەکانی کاری ئەم کۆمیتەیەیان دەست نیشان کردو هاورابوون لەسەر ئەوە کە کارو تێکۆشانی ئەم کۆمیتەیە لە ئاستی پێویستدا نەبووەو لە زۆر بواردا کەمتەرخەمی پێوە دیار بووەو پێویستە کە لە پوتانسیلی ئەندامان لە بواری فکریو پراکتیکی بە شێوەیەکی شیاو کەڵک وەربگیرێ.

بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنفرانس، وەرگرتنی پێشنیارو ڕاوبۆچوونی ئەندامان بوو سەبارەت بە ڕێکارو چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی کاری ڕێکخراوەییو هەنگاونان بۆ داهاتوو. دواتر بەڕێزان کاک هەژار خوڕڕەمگاهیو کاک رامین شێنانی وەڵامی سەرجەم ڕەخنەکانیان دایەوەو روون کردنەوەی پێویستی‌یان پێشکەش بە بەشدارانی کۆنفرانس کرد.

دواین بەشی کاری کۆنفرانس، هەڵبژاردنی ستافێکی نوێی بەڕێوەبەری بوو کە لە کەشو هەوایەکی ئازادو دیمۆکراتیکدا، ستافێکی نوێ هەڵبژێردراو دوای هەڵبژاردن، ستافی نوێی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەی خۆی گرێداو و بەرپرس، جێگرو بەرپرسی بەشەکانی دەست نیشان کرد، کە بریتی بوون لە:

سۆران شێرزاد: بەرپرسی گشتیو بەرپرسی بەشی ئامووزشی کۆمیتە

پێشەنگ خنووری: جێگری بەرپرسی گشتی

هۆزان ئاگووشی: بەشی ڕاگەیاندن

سروە مەعرووفی: بەشی ماڵی

ئاسۆ گولابی: بەشی پێوەندی‌یەکان

سەیوان ئیزەدی: بەشی تەشکیلات

محەمەد زێوەیی: هاوکاری بەشی ئامووزش

شایانی باسە ئەم کۆنفرانسە لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠/١/٢٠١٣ کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی دەستی بەکارەکانی کردو بەڕێزان: کاک شۆڕش ئوستادی، سالار عەبدی‌پوورو خوشکە پرشنگ خنووری وەکوو ئەندامانی بەڕیوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان لە وڵاتی نۆرویژ لەو کۆنفرانسەدا بەشداریان کرد، کۆنفرانس لە کاتژمێر ٩ی شەو کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.





## کۆبوونەوەی بەڕێز خالید عەزیزی لەگەڵ لاوانو خوێندکاراندا

ڕۆژی هەینی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانو لایەنگرانی هەر دوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەڕێوەبرد. لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز عەزیزی وێڕای ئاماژە بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، تەئکیدی لەسەر گرینگی ئەرکی لاوانو خوێندکاران بۆ مامەڵە کردنی پێشهاتەکان کردو لە درێژەی وتەکانیدا لەسەر پێویستی گەشەی هزری نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ناساندنو ئاگادار کردنەوەی خەڵکی پارچەکانیتری کوردستان لە مەینەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەختی کردەوە. هەروەها ناوبرا لەسەر گرینگی دەوری ڕاگەیاندنو میدیا بۆ مۆبیلیزەکردنی پوتانسیلی لاوانو خوێندکارانی کورد لە نێوخۆی وڵات لە دەوری یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران پێداگری کردو لە درێژەی وتەکانیدا جەختی لەسەر هاوکاریو هاوئاهەنگی زیاتر لە نێوان حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو ئەو دوو ڕێکخراوەیەدا کرد.

شایانی باسە دوا بە دوای وتەکانی بەڕێز عەزیزی، کۆبوونەوەکە بە ئاڵوگۆڕی بیروڕاو پێشنیارو ڕەخنەی بەشداران کۆتایی پێهات.

## سەردانی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ سکرتاریای یەکیەتی لاوان

بەیانی ڕۆژی سێشەممە ١١ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە بەڕێزان کاک مستەفا مەولوودیو کاک عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو بەڕێز نەسرین حەداد بەرپرسی بونیادی پشتیوانی لە ڕیکخراوە دیمۆکراتیکەکان، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەڕێز سامان فەقێنەبی سکرتێری یەکیەتی لاوانو سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێرو بەشێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری گشتیو جێگری بەڕێوەبەری گشتیو کادری لاوان لە بنکەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوە.

جێگای ئاماژەیە کە لەم سەردانەی ڕۆژی سێشەممە، وێڕای پیرۆزبایی دەفتەری سیاسی لە ئەندامانی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی هاتنە سەر کاریانو کارو چالاکییەکانی دوای کۆنگرەی شەشی یەکیەتی لاوان بە باسێکی گەرم لەسەر داهاتووی لاوانو هەروەها بە دووبارە کردنەوەی بەڵێنی هاوکاری نێوان یەکیەتی لاوانو حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، بەو هیوایەی کە ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان بتوانێ لە داهاتوودا لە خزمەت بە لاوان تەنەخی نەکاو لە دوایین ساتەکانی کۆبوونەوەکەدا بە شرۆڤەیەکی زۆر لەسەر وەزعی لاوانو هەروها حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە نێوان ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە دوای دوو کاتژمێر کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# سێهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕویژ، بەڕێوەچوو



بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ژمارە ٣ و کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی ژمارە ١١ی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٠-٢-٢٠١٣ی زایینی کۆنفرانسی ژمارە ٣ و کۆبوونەوەی ساڵانەی ژمارە ١١ی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕویژ، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوانو بە بەشداری نوێنەری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتەو نوێنەرایەتی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمەڵەی کولتووری کوردی لە ڕۆمەریکە، نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئورووپاو نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو.

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ بەڕێز کاک سالار عەبدیپوور بەڕێوەبەری کۆنفرانس بەخێرهاتنی بەشداربووانی کۆنفرانسی کرد. دواتر بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیبو یەک خولەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان، کۆنفرانسی سێهەم دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. پاشان بەڕێز سەیران مەعرووفی، بەرپرسی پێشووی یەکیەتی لاوان لە وڵاتی نۆرویژ، بەخێرهاتنی هەموو بەشداربووانی کردو سوپاسی ئامادەبوونی میوانانو نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوەکانی کرد. بەڕێز سەیران مەعرووفی پەیامی یەکیەتی لاوانی لە وڵاتی نۆڕویژ بۆ بەشداربووان خوێندەوەو بە ڕەسمی کۆنفرانسەکەی کردەوە. خاتوو سەیران وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیو ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکە، ئاماژەی بە ئەرکی لاوان لە بواری نەتەوایەتیداو ڕۆڵی لاوان لە خەباتی مەدەنیو جێگە و پێگەیان لە شۆڕشەکانی کورددا کردو بە گشتی باسی لەسەر ڕاپەڕینەکانی بەشێک لە وڵاتانی ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردو ڕۆڵی لاوانی لەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەدا بەرزو گرنگ نرخاند.

دوابەدوای پەیامی یەکیەتی لاوان لە وڵاتی نۆڕویژ، پەیامی دەستەی بەڕێوەبەری گشتی دەرەوەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن بەڕێز کاک یاسین حاجیزادەوە پێشکەش کرا. بەڕێز حوسەین حاجی ئەحمەدی پەیامی کومیتەی نۆڕویژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی خوێندەوەو پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕویژ لە لایەن بەڕێز مەحبووبە ڕەحیمییەوە پێشکەش کرا. بە دوای ئەودا بەڕێز تاهیر ئیسماعیلپوور پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەش کرد.

پەیامی کۆمەڵەی کولتووری کوردی لە ڕۆمەریکە لە لایەن بەڕێز ئەبووبەکر قەدیکورد پێشکەش کرا، کە بەڕێزیان لە پەیامەکەیدا بە تیشک خستنەسەر ئەرکی لاوان



بۆ پاراستنی فەرهەنگو زمانی کوردیو پەرەپێدان بە کولتووری نەتەوەکەمانو لە بیر نەکردنی بە ئەرکێکی نیشتمانی زانیو ڕۆڵی لاوان و یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە وڵاتی نۆڕویژ لەو بوارەدا بەرز نرخاند.

پاشان کاک ئۆمید محەمەدزادە پەیامی لاوان لە باشووری نۆڕوێژی خوێندەوە. جێی ئاماژە پێکردنە کە کومیتەی پێشووی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کورستان لە نۆڕوێژ سوپاسنامەی پێشکەش بەو مامۆستایانە کرد کە خۆبەخشانە وانەی کوردی بە ئەندامانی یەکیەتی لاوان دەڵێنەوە کە بریتی بوون لە: بەڕێزان هاشمی ڕۆستەمی، ڕامان مەعرووفی، محەممەد ئەحمەدی، بێری محەممەدپوورو تاهیر بەهرامیوەند. سمایل زارعیو بەڕێز کاک حسەین حاجی ئەحمەدی. پاشان سوپاسنامە پێشکەش بە شۆڕش ئوستادی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتی لاوان لە وڵاتی نۆڕویژ کرا.

دوای ١٠ خولەک پشوو بۆ ڕەوایی کۆنفرانس دەنگی زۆرینەی ئەندامان وەرگیراو و پاشان سێ ئەندام هەڵبژێردران کە پڕۆتۆکۆڵی کۆتایی کۆنفڕانسی ٣ بنووسنو ئیمزای بکەن. هەروەها کۆمەڵێک پێشنیار بۆ ناوی کۆنفڕانسی ٣ وەرگیران، کە ناوی "بەرەو هاودەنگی" بە زۆرینەی دەنگ وەک ناوی کۆنفرانس پەسند کرا.

دواتر بەڕێز سەیران مەعرووفی، بەرپرسی پێشووی یەکیەتی لاوان لە نۆڕویژو هێژا ڕۆستەمی، ڕاپۆرتی کارو چالاکی دەستەی بەڕێوەبەری لە ماوەی نێوان کۆنفرانسی ٢ تا ٣یان پێشکەش بە بەشداربووان کردو پڕۆژەو پلانی پێشنیار کراو بۆ ساڵی ٢٠١٣ هەر لە لایەن ئەو بەڕێزانەوە پێشکەش کرا. پاشان بەڕێز مامۆستا محەممەد ئەحمەدی ژمێریاری یەکیەتی لاوان لە نۆڕویژ بە هاوکاری کاک شۆڕش ئوستادی ڕاپۆرتی ماڵی ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٢ی بۆ بەشداربووان خوێندەوەو بە وردی داهاتو دەرکەوتی بەشی ماڵی بۆ بەشداربووان شی کردەوە. بودجەی پێشنیار کراو بۆ ٢٠١٣ لە لایەن بەڕێزان کاک شۆڕش ئوستادیو پڕشەنگ خونوری پێشکەش کرا. بەشێکیتری کاری کۆنفڕانسی ٣ تەرخان کرابوو بۆ وەرگرتنی ڕەخنە لەسەر کاروباری دەستەی بەڕێوەبەری پێشوو و ڕاپۆرتی کاروچالاکیو ڕاپۆرتی بەشی ماڵی، کە تیایدا ئەندامانی بەشداری کۆنفڕانس بە شێوەیەکی چالاکانە ڕەخنەکانیان ئاراستەی دەستەی

بەڕێوەبەری پێشووی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕوێژ کردو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری پێشووی یەکیەتی لاوان لە نۆڕوێژ بەوپەڕی دڵ فرەوانیەوە ڕەخنەکانیان وەرگرتو بە وردی وەڵامی هەموو گلەییو گازندەکانیان دایەوە. ڕاپۆرتی کاروچالاکیو بەشی ماڵی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕوێژ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنفرانس پەسند کرا.

بەڕێز شۆڕش ئوستادی باسێکی لەسەر پێڕەو پرۆگرامی تایبەت بە یەکیەتی لاوان لە نۆڕوێژ پێشکەش کردو پێشنیاری گۆڕانی ناوی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێڕەو و پرۆگرامدا خستە بەر دەنگی ئەندامانی کۆنفرانس کە بە زۆرینەی دەنگ ناوی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی نۆرێژی بە وردە گۆرانکاریەکەوە پەسند کرا.

بەشی کۆتایی کاری ڕەسمی کۆنفرانسی ٣ی گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕوێژ تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردن، کە هەڵبژاردنەکە لە کەشو هەوایەکی تەواو دیمۆکراتیکو ئازاددا بەڕێوەچووو ئەو بەڕێزانە وەک ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردران:

١: هێژا ڕۆستەمی
٢: شوانە مستەفایی
٣: ئارێز محەممەدپوور
٤. پەریسا خونوری
٥. نیاز هەمزەزادە

ئەم بەڕێزانەش وەک جێگری دەستەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵبژێردران:

١. بەهمەن ئەحمەدپوور
٢. پڕشەنگ خونوری

لە کۆبوونەوەیەکی کورتی دەستەی بەڕێوەبەری تازەدا هێژا ڕۆستەمی وەک بەرپرسی گشتی یەکیەتی لاوان لە وڵاتی نۆڕوێژ هەڵبژێردرا.

پاش چەندین کاتژمێر کاری بەردەوام، سەرەئەنجام کۆنفرانسی سێهەمی گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕوێژ بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هات.

دەستەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان– نۆڕوێژ

## “ بڕیاری لە سێدارەدانی زانیارو لوقمان مورادی لە سلێمانی پرۆتێستۆ کرا ”

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی هەیئەتێکی پێکهاتوو لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان لە ڕێپێوانی نارەزایەتی لە هەمبەر بڕیاری لە سێدارەدانی زانیارو لوقمانی مورادی لە شاری سلێمانیدا کرد.

شایانی باسە ئەم ڕێپێوانە لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو هەروەها ڕێکخراوەکانی پێوندیدار بە مافی مروڤ لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو و هەیئەتی یەکیەتی لاوان بە سەرپەرشتی بەڕێز سمکۆ عوسمانی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوبەری بەشداریان تێدا کرد.

جێی ئاماژە پێکردنە زانیارو لوقمان مورادی لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە.

# کۆبوونەوەی ئەندامانی یەکیەتی لاوان لە وڵاتی فینلاند

ئێوارەی رۆژی یەکشەممە ٢٥ی نۆڤامبر کۆمیتەی یەکیەتی لاوان لە وڵاتی فینلاند کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی خۆی لە شاری تورکۆ پێک هێنا.

سەرەتا کۆبوونەوەکە لە لایەن هێمن زادئەحمەد کرایەوەو باسی کارەکانی کۆبوونەوەکەی کردو دواتر چیا عەبدوڵلاپوور باسەکانی کۆبوونەوەکەی پێشکەش کرد کە سەرەتا باسی لە رۆژی پێشمەرگە و پێگەی پێشمەرگە لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا کردو هەروەها رۆڵو ئەرکی لاوان لە دەرەوەی وڵاتی هێنایە بەر باسو دواتر بە وردی باسی لە بەرنامەی کارو چالاکیەکانی لاوان بۆ نموونە گرووپی هەڵپەرکێو گرووپی شانۆو گرووپی سرودو ...هتد کردو گرینگی یەک یەکی بەرنامەکانی بۆ بەشداربووان شی کردەوەو داوای لە لاوان کرد کە بەشداری لە بەرنامەو کارو چالاکیەکانی لاواندا بکەنو هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا چەند گرووپی رۆژنامەدیواری دیاری کرا بۆ دەرکردنی رۆژنامە دیواریو دواتر ناوبراو شێوەی نووسینو رێکخستنی رۆژنامە دیواری بۆ بەشداربووان شی کردەوەو گرینگیەکانی کاری رۆژنامەدیواری بۆ بەشداربووان هێنایە بەرباس.

دواتر لاوان بە راو سەرەنجی خۆیان زیاتر کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەند کرد. شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند.

## یەکیەتی لاوان پێشانگایەکی بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز پێک هێنا



ماڵپەڕی لاوان: بەبۆنەی هاتنی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشانگایەکی وێنەی پێک هێنا.

رۆژی یەکشەممە ٢٦ی سەرماوەزی ٢٧١٢ی کوردی بەرامبەر بە ١٦ی دێسامبری ٢٠١٢ی زایینی یەکیەتیی لاوان بە مەبەستی بەرزو پیرۆزراگرتنی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پێشانگایەکی وێنەی بۆ هەر یەک لە بەڕێزان شەفیع محەممەدپوور پێشمەرگەی هونەرمەندو دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو هەروەها ئەنسار سالحی پێشمەرگەی هونەرمەندو ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناو تێیدا کۆمەڵێک وێنەی جوانو تایبەت بە پێشمەرگە، کوردستان، کەسایەتی یەکان، رێبەرانی شەهیدو کۆمەڵێک لە شەهیدانی نەمری گەلەکەمانیان ئامادە کردبوو، نومایش کرانو هاوکات لە گەڵ پێشوازی گەرمو بێ وێنەی کادرو پێشمەرگەکانو ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات بەرەورووبوو و کارجوانیو دەست رەنگینی ئەو هونەرمەندانە بەرز نرخێندرا.






# سیر سیاسی ـ فلسفی کردهای ساکن ایران

ن: آرش لرستانی

قرن بیستو یک هویت کرد را به عنوان یک واحد اجتماعی، متمرکز بر فلسفه سیاسیو سیاست فلسفی خاص تعریف کرده است.

فلسفهو سیاست کرد که، پیدایشو کیفیت آن را تشریح میکند، با توجه به مرزبندیهاو کاربردهای سیاسی جهان امروزو با نظر به این اصل که فلسفه را به سیاستو سیاست را به فلسفه ملزمو وابسته شدهاندو همچنین واقعیت وجودی کرد که هویتش کماکان در بوته تغییرو تحریف است، محققینو روشنفکران کرد را ملزم به آنالیزو واکاوی این دو حوزهو نحوه ارتباط آنها به یکدیگر در جهت تاثیرگذاریو حفظو تقویت هویت کردی مینماید.

از نظرگاه فلسفیو با توجه به نحوه دید خاص تقدم ماده بر حرکتو یا حرکت بر ماده، اندیشه لیبرالیو حتی محافظه کارو... مسائلو راهکارهای گوناگونی مطرح شدهو هنر روشنفکر امروز تعاملو بهرهگیری از فضاهاو امکانات موجود در جهت سود دهیو حفظ اصل بودنو تضمین تداوم وجودی کرد در کردستانو جهان است.

اولین فاکتور مطرح در شناخت کرد، پذیرفتن کرد به عنوان وجودی مستقل با کیفیت خاص خود است که نام کرد را به آن دادهو با توجه به پذیرش این واقعیت باید بصورت خاص، کمیتو کیفیت آن در نظر گرفته شود. اصولا بنا به تاریخ گذشته کردو همزیستی آن با هویتهای غیر کردی که شامل فارس، آذری، ترک، بلوچو عرب است، دائما قدرتهای حاکم با استفاده از ایدئولوژی مطلقگراو تمامیتخواه خود سعی در نفی هر هویتو اتحاد تمام موجودیتها در پرتو حکومت واحد بودهاند، که پس از مشروطه و با توجه به فضای مساعد سیاسی دوره رضا شاه پهلوی اصرار بر تثبیتو برقراری واحد ژئوپولیتیکی کشور ایران با بهرهگیری از فاکتهای ایدهآلیستی فلسفی که ریشه در تفکر ملتهای ساکن داشتهو استفاده از برتری سیاسیــ نظامی، تبلیغو ترویجو نهایتا ایران واحد تثبیت شد. اشاعه ریشه ایرانی بودنو جلوگیری از عدم تفکیک واقعی ساختار جامعه ایرانی مسبب تلاش برای یکدست سازی اجتماعیو فلسفی شده که تنها هدف آن بهرهگیری از تمام ظرفیتهای مادیو معنوی ممکن در جهت تداوم حیات سیاسی نیروی غالب بوده است. سیاست به عنوان اهرم فشارو انکار هویت غیر خود همواره از فلسفه بهره بردهو تا حد امکان سیاست خود را فلسفی کردهو در بیان فلسفه خود شکل سیاسی آن را به عنوان هنجار به نمایش میگذاردو با توجه به فلسفهای که تعریف میکند هر اندیشهو یا حرکت غیر همسو را غیر عاقلانهو مخرب

دانسته‌و با اعلام دفاع از فلسفه سنتی‌و نیمه مدرن خود، راه را بر هر ظرفیت بیگانه می‌بندند. اگر بازه دید را وسیع‌تر کنیم‌و از زاویه گسترده‌تری به همان سوال‌و وضعیت بنگریم، پذیرفتن هویت‌ها با توجه به واقعیت وجودی آنان، تنوع فلسفی‌و اجتماعی را بوجود آورده‌و امکان تمرکز قدرت فلسفی‌و سیاسی را تنها در جهت یک هویت از بین می برد. با توجه به تنوع هویتی جامعه ایرانی، در صورتی که هویت‌های گوناگون فرصت شکوفایی‌و تبلیغ‌و ترویج داشته باشند، تمرکززدایی فلسفی‌و سیاسی ثمره‌ای خواهد بود که همزیستی مسالمت‌آمیز همراه با حفظ ساختار دلخواه هویت‌ها را به همراه داردو مجال تک بعدی شدن از بین میرود. در جامعه‌ای که گوناگونی‌و تکامل فلسفی که در بطن خود اندیشه‌هاو ارزشهای متنوع را می‌پرورانند به دلیل تقابل‌و فعال شدن ایده‌ها، اکثر تضادهای آنتاگونیستی(آشتی ناپذیر) یا به تفاهم‌و محدود شدن تبدیل میشودو یا بر اثر قدرت‌و احاطه اندیشه صحیح‌تر هویت غیر منطقی فرم خود را تغییر داده‌و یا ساختارو اسلوب خود را از دست میدهد. در جامعه تک فلسفی منطق را سیستم سیاسی غالب تعریف میکندو نیروی غالب بر اثر تبلیغ منطق دلخواه سیاسی- فلسفی خود در پرتو قدرت مادی که از جامعه به عاریه گرفته است به هنجار تبدیل شده‌و طبیعتا هر مخالفت‌و یا تضادی به صورت ضد ارزش درآمده‌و جامعه را دچار بحران میکند سپس سیستم سیاسی- فلسفی حاکم در جهت تثبیت وضع موجود با بهره‌گیری از منطق تعریف شده خود سعی در تخریب تفکر جدید کرده‌و زیرساختها و روساختهای فلسفی‌و سیاسی موجود را مجددا بازسازی می‌کندو امکان بروز بحران‌های نظری آتی را از بین می‌برد.

دومین فاکتور مشخصه کرد عدم تفکیک‌و شفافیت هویتی‌و وجودی فلسفی- سیاسی آن است. کرد به علت نداشتن حکومت مستقل‌و یا امکان مشارکت در ارکان سیستم‌های سیاسی حاکم بوسیله نیروهای تلاشگر ملی‌و نبودن فضای مساعد تحقیقات‌و رشد فلسفی هدفدار در جهت شکل‌گیری هویت مدرن کردی، همواره نه تنها با مشکل پردازش، تعریف‌و نهادینه‌سازی فلسفه‌و فرهنگ خود مواجه بوده بلکه دائما می‌بایست در برابر موج تهاجم فلسفی- سیاسی اندیشه تک بعدی غالب که در خلاف جهت‌گیری هویتی‌و کیفی اوست، مقاومت کرده‌و با بسترسازی‌و دفاع از وجودو ارزش خود همزمان در چندین جبهه مبارزه کند. محرومیت‌های اقتصادی، ناامیدی فلسفی- سیاسی که به روزمرگی‌و افسردگی تبدیل میشودو هدفدار کردن مشارکت سیاسی- فلسفی، اساس پیچیدگی‌و پراکندگی در اتحاد فلسفی- سیاسی تمام ملیت‌های ایران شده‌و دائما با توجه به نیازهای سیستم حاکم در جهت نفی تفکیک‌و شفافیت‌و نهایتا حق‌طلبی خود قرار میگیرد.

فضای اطلاعاتی‌و رسانه‌ای در جهان امروز مهمترین ابزار تبلیغ‌و ترویج فلسفه‌و سیاست است که با توجه به قدرت اقتصادی‌و نیروی انسانی متخصص در حوزه‌های مختلف، به برتری سیستم حاکم یاری رسانده‌و با ارزیابی‌و بهره‌برداری از عوامل داخلی‌و خارجی تاثیرگذار بر ثبات دولت - ملت واحد در جهت تداوم ساختاری آن تلاش میکند. تمایل

**“**

**فضای اطلاعاتی‌و رسانه‌ای در جهان امروز مهمترین ابزار تبلیغ‌و ترویج فلسفه‌و سیاست است که با توجه به قدرت اقتصادی‌و نیروی انسانی متخصص در حوزه‌های مختلف، به برتری سیستم حاکم یاری رسانده‌و با ارزیابی‌و بهره‌برداری از عوامل داخلی‌و خارجی تاثیرگذار بر ثبات دولت - ملت واحد در جهت تداوم ساختاری آن تلاش میکند.**

**”**

کرد بر کسب هویت مستقلو تفکیکو شفافیت وجودیو ارزشی خود همواره در عرصه مدرنو موثر اطلاعاتیو رسانه‌ای، تغییر کرده‌و با توجه به میزان برتریو بهره‌برداری جامعه کردیو یا سیستم حاکم، دورنمای تاریخی آن شکل میگیرد. در عرصه فضای اطلاعاتی— رسانه‌ای موجود سرعت ارتباطو گستردگی تبلیغات در درجه اول تاثیرگذاری است. در هزاره سوم قدرتهای حاکم با کسب برتری اطلاعاتیو رسانه ای همواره با بکاربردن دسترسی سریعو آسان کاربران به اطلاعات گسترده فلسفی— سیاسی مطلوب حاکمیت مجال رقابت را برای هویت‌های زیردست تنگ‌تر کرده‌و فاکتورهای روانشناسیو رفتارشناسی علمی، ابزارهای تحقق تمایلات آنهاست.

ابرقدرتهای سیاسی جهانو جامعه جهانی به عنوان عوامل خارج از هویت کردیو سیستم غالب نیز در دنیای مدرن نقش خود را گسترده‌ترو پرثبات‌تر ایفا می کنند. ابرقدرتها با رقابتو ایجادو حفظ فضای مطلوب سیاسیو فلسفی در جهت کسبو تحقق نیازهای خود با پوسته‌ای انعطاف‌پذیر همواره در پی حفظ برتری بوده‌و مهمترین فاکتور دلخواه آنان دستیابی به منافعو منابع مادی است. جامعه جهانی نیز با شیوه خاص خودو معمولا با معرفیو فعالیت نهادهای بین‌المللی دفاع از حقوق بشری، سعی در ایجادو حفظ تعادل میان جامعه بشریو ابرقدرتها می‌کنندو با شعار ارزش‌دهی به حداقل حقوق انسانو حق تعیین سرنوشت او بصورت مستقیمو غیر مستقیم بر انسانهاو ملیت‌های زیردستو قدرتهای حاکم تاثیر میگذارند.

با توجه به تنوعو پیچیدگی عواملو فاکتورهای گفته شده، و با مشاهده تاریخ ملت کرد خصوصا پس از انقلاب مشروطه، نیروهای سیاسیو احزاب کردی با هدف دفاع از موجودیتو تحقق هویت مستقل کردی بوجود آمده‌و در طول بیش از دو سوم قرن تلاشو مبارزه به عنوان آلترناتیو جامعه کردی فعالیت میکنند. تاریخ حیاتو عملکرد احزاب کردی نشانگر حساسیت‌های تاریخیو مشکلاتو مسائل پیش روی آنان استو با توجه به این سیر تکوین میتوان به مراحل مختلف گذار سیاسی— فلسفی کرد پی برد. مهمترین فاکتور برجسته احزاب کرد، همبستگیو حضور مداوم آنها در میان جامعه کردیو عدم انفصال آنهاست، این همبستگی در دوران مدرن با چهره‌هایی چون قاضی محمد، دکتر قاسملوو دکتر شرفکندی، ارتباطو پیوند سیاستو فلسفه مدرن کردی را در برابر تمامیت‌خواهی قدرتهای حاکم بعد از انقلاب مشروطه، بنیادگذاریو نهادینه‌سازی کرده‌اند.

جمهوری کردستان برای اولین بار زمینه‌های شکل‌گیریو فعالیت مدنی را با تاسیس اتحادیه‌های جوانانو زنان به عنوان نیاز فوریو ارزش دمکراتیک در سال ۱۳۲۴ شمسی معرفی کرده‌و به هویت‌خواهی کرد فاکتور مدنیت را افزود. اساتیدی همچون هژارو هیمن به عنوان روشنفکرانو بزرگان ادبیات کرد با ارتباط مستقیمو فعالیت فرهنگی خود به تعمیقو ارتقای فلسفه کرد خدمت کردند.

پیوند فلسفه‌و سیاست کرد در بازه دو سوم قرنی خود، ثمره تلاشها و ثباتی است که هویت خواهیو حق‌طلبی کرد را از سایر ملیتهای ایران پر بارترو برجسته‌تر کرده استو در حکومت دمکراتیکو مردمی آینده ایران، نادیده گرفتن هویتو اصالت کرد به هیچ وجه عملی نخواهد بودو کرد پرچمدار هویت خواهیو حق‌طلبی ملیت‌های ساکن ایران شده است.

# در اثر قیام، اعراب ایران تنها مانده است!

**ن: سیمون تیسدال**

**ترجمه از انگلیسی: فتاح کاویان**

از آنجا که شادی‌و سرور آغازین در تهران در مورد قیامهای اعراب به صورت زنگهای خطری در آمده است، اعصاب دولتمداران کاملا خرد شده است. ایران از سقوط دشمن قدیمی خود، حسنی مبارک در مصر، حسن استقبال نمود. لیکن حالا در اثر قیام مردم علیه دوست مهم ایران که بشار اسد در سوریه و حاکمیت وی در معرض خطر قرار گرفته‌است، کاملا موضع دیگری است. از این بدتر این برداشت‌و برآورد است که احساسات انقلابی در منطقه، ممکن است که شیوه تفکر انقلابیون منطقه‌ی خاورمیانه بر اپوزسیون سبز ایران تاثیر بگذاردو نتیجتا قیام آنها موجب برانگیخته شدن خطری واقعی میگردد.

نظرات مختلف در واشنگتن‌و اورشلیم مبنی بر آنست که تلاش ایران برای ازهم پاشیدن نظام گذشته‌ی اعراب اینک امکانپذیر به نظر نمی‌رسد. اختلاف‌و کشمکش در داخل رژیم باعث می‌شود که کشورهای خارجی در مورد این رژیم چندان خاطر جمع نباشند. به‌این دلیل‌و دلایل دیگر، از جمله تحریم‌های مربوط به مسایل اتمی، ممکن است به خودنمائیهای ایرانیان در زمینه‌ی دفاع بین‌المللی خاتمه دهد.

در میان گردباد عظیم خاورمیانه، رئیس جمهوری، محمود احمدی‌نژادو رهبر عالی مقام، علی خامنه‌یی- دو شخصیت وحشتناک تهران-




ناگهان دچار اختلافات شدید در ضدیت با همدیگر شده‌اند.

خامنه‌یی در ابتدا میکوشد جنبش‌های آزادیخواهانه‌ای اعراب را تحت عنوان یک جنبش غیر لیبرال خداسالاری گول بزندو به گونه‌ای بی‌شرمانه سرکوب وحشیانه‌ی قیام دموکراتیک ایران در سال ۲۰۰۹ را اجرا نمود. نامبرده در ماه مارس پیام خود در مورد سال نو اینگونه ابراز داشت: «آنچه را که اکیدا اعلام می کنم این است که یک جنبش جدید، با حرمت گذاری به خدا، در منطقه اغاز شده است. این بیداری‌و اگاهی گسترده‌ی ملتها، که به سوی اهداف اسلامی پیش می‌رود، یقینا پیروز خواهد شد».

جالب توجه اینکه، خامنه‌یی اسمی از کشور سوریه ابراز نداشت. اما از انجا که آشوب‌و اغتشاش در آن کشورو در نقاط دیگر شدت یافته است‌و نیز به این دلیل که ناآرامی در آنجاو در سایر کشورها شدیدتر شدندو همچنین به این علت که خواستار اصلی این ناآرامیها جنبه سکولارو کلا دنیوی‌و دمکراتیک به خود گرفته‌و این واقعیتی غیر قابل انکار است. خامنه‌یی‌و سایر رهبران ایرانی از این تلاش‌و کوشش دست برداشته‌اند که این بپاخیزی‌ها را به صورت گسترش یافتن انقلاب

خمینی نشان دهند. به جای آن در مورد مداخله‌ی ناتو در کشور لیبی و «طرح» آمریکا و اسرائیل برای سرنگونی اسد اعتراض می‌نمایند.

این موضوع بدون شک مسئله‌ی مهمی است. اهمیت سوریه برای ایرانیان شیعه مذهب به مشابه شاهراه ارتباطی با حزب‌الله و مانند پایگاهی است برای رهبران حماس که غزه را تحت کنترل دارندو همچون یک جبهه‌ی متحد برای رویارویی با اسرائیلو آمریکاو نیز مانند یک گذرگاه سیاسیو اقتصادی به داخل جهان عربها می‌باشدو مشکل بتوان آنرا تصور کرد. لیکن ممکن است تهران خواه ناخواهو صرف نظر از سرنوشت اسد قبول نماید، تعادل سیاسی میان اقلیت شیعه علویو اکثریت سنی، به گونه‌ای غیرقابل برگشت، علیه منافع ایران تغییر کرده است.

جوشو خروش اظهارات اخیر نشانگر نگرانی ایرانیها بود. احمدی‌نژاد که در ترکیه صحبت می‌کرد اظهار داشته و گفت: «برای مداخله خارجی‌ها در سوریه هیچ نیازی وجود ندارد. انگار افرادی در فکر انجام دادن چنین کاری بودند». سخنگوی وزارت خارجه، رامین مهمان‌پرست، نشریات خارجی را متهم نمود که دارند آشوبو بلوا را بسی بزرگ نشان می‌دهندو در یک اعلامیه‌ی رسمی از دولتو اعتراض کنندگان درخواست نمود در راستای ضدیت با صهیونیزم متحد گردند.

مفسر آمریکایی به نام دیوید ایگناتیس، می‌گفت: «اگر اسد باقی بماند، باید از ایران دوری گزیند تا بتواند اعتراض کنندگان سنی مذهب را تسکین دهدو اگر از قدرت برکنار گردد، احتمالا سوریه تحت تسلط رژیم سنی مذهب قرار خواهد گرفت که بسی بیشتر دشمن ایران خواهد بود.

نتایج منفی شورشو اغوای اعرب برای ایران صرفا مربوط به سوریه نمی‌شود. توافق ناگزیرو اجباری میان جناحهای فلیسطینیو رقیب یکدیگر، حماسو فتح بعد از سالها خصومت با یکدیگر، به احساس ناامنی کردن رهبری حماس در پایگاه همیشگی خود که سوریه بوده است موربوط می‌گردد.

لیکن این امر در نتیجه‌ی سماجتو بی‌محابایی مصری‌ها نیز بوده است که به گونه‌ای کورکورانه، حسنی مبارک طرفدار آمریکا را کنار گذاشتندو این کار باعث گردید که قاهره مجددا به عنوان رهبر اعراب قدرت خویش را باز یابدو به صورت حلال واقعی مشکلاتو اختلافات موجود میان اعراب در آید.

مصر که کمتر تحت نفوذ واشنگتن قرار داردو هرچه بیشتر می‌خواهد به دفاع در مقابل اسرائیل آماده شده (مثلا با گشودن مداوم راههای عبور غزه) می‌تواند از نظر تئوری به نفع ایران باشد. لیکن یک مصر دمکراتیک‌تر از نظر سیاسی نیرومندترو مستقل، میتواند یک رقیب نیرومند باشدو به صورت راهبندو مانعی بر سر راه خود خواهی ایران در منطقه گردد. وزیر جدید وزارت خارجه مصر، نبیل العربی، در مصاحبه‌ای با روزنامه‌ی واشنگتن پست، اظهار داشتهو گفت: «قاهره موضع خود را با کلیه کشورهای جهان تغییر داده است». لیکن حاظر نشد بگوید که آیا این مسئله ایران را نیز در بر میگیرد.

شورشو تغیان در بحرینو یمن که عربستان صعودیو سایر کشورهای خلیج را نیز در برگرفتو اختکافات شدیدو دراز مدت آنها با ایران را هم آشکار نمود ــ مثلا احمد شاه ابن عیسی الخلیفه در بحرین به گونه‌ای مستقیمو آشکارا تهران را به ترتیب دادن کودتایی در آن کشور { بحرین} متهم نمودـ .

هیچ یک از این مسائل در واشنگتنو اورشلیم نادیده گرفته نشده‌اند، دو شهری که در آنها سیاستمداران (به استثناء نخست وزیر اسرائیل، بنیامین نتنیاهو) در مورد "تهدیدات" ایران بسی بیشتر از گذشته آسوده خاطر به نظر می‌رسد. آلوف بن در هاآریتز نوشته است: «ایرانیها دچار مشکلاتی شده‌اند. برای اسرائیل بهتر است ساکت بماندو مداخله‌ای نکنندو اجازه دهد جریانات داخلی در تهرانو دمشق کار خودرا انجام دهند».

سربرافراشتن ناگهانی خصوصیت سرکوب شدگان که به تحریک ایران صورت پذیرفته بود، ایرانی که هدف آن ایجاد روابط با جهان عرب بود، برعکس انتظار ایران موجب انزوای آن گردید، بسی خطرناکتر برای خامنه‌یی‌و احمدی‌نژاد آشوبگر این کار ممکن است موجب بیدار شدن اپوزسیون داخلی ایران گردد. زیرا مشکلات اقتصادی مرتبا افزایش می‌یابدو وابستگی مردم به گروههای سیاسی مختلف، پیش از برگزاری انتخابات پارلمان در سال آینده، هر روز بیشترو بیشتر گسترش می‌یابد.

در آخرین تظاهرات خودشان در ماه فوریه، که مانند سایر تظاهرات از هم پاشیده شد. اعتراض کنندگان تهران ناگهان شعاری را سر دادند که دو شخص نامبرده ممکن است عمیقا در فکر آن فرد روند: «چه در قاهره چه در تهران، مرگ بر استکبار».

# پیام تسلیتو همدردی مرکز مطبوعات اتحادیه جوانان دمکرات شرق کوردستان

### به مناسبت فوت یکی از مصدومین حادثه آتش سوزی شیناوه




مرکز مطبوعات اتحادیه جوانان دمکرات شرق کوردستان، وقوع حادثه دردناک آتش سوزی در روستای شیناوه(شین آباد) از توابع شهرستان پیرانشهر، استان ارومیه که منجر به زخمیو مصدوم شدن ۲۹ دانش‌آموزو فوت یکی از هموطنان عزیزمانو بروز خسارات روحی— روانی بسیاری شد، موجب تاسفو تاثر فراوان شد.

مرکز مطبوعات اتحادیه جوانان دمکرات شرق کوردستان به مناسبت خبر ناگوارو ناخوشایند فوت ‹‹سیران یگانه›› یکی از مصدومین حادثه آتش‌سوزی روز چهارشنبه که در روستای شیناوه از توابع شهرستان پیرانشهر روی داد، فوت این دانش‌آموز را به خانوادهو هموطنان گرامی کوردو بخصوص مردم شیناوهو پیرانشهر تسلیت می گوید. ما ضمن ابراز تاسفو همدردیو عرض تسلیت به مردم سرافراز کوردستانو پیرانشهرو بخصوص خانواده‌های رنج دیده قربانیان این حادثه دلخراش با مردم شیناوه(شین‌اباد) و بویژه خانواده ‹‹سیران یگانه››، صبرو شکیبایی را برای آنان آرزومندیمو خود را در غم عزیز از دست رفته شریک میدانیمو همچنین برای سایر مصدومین این حادثه تلخناک آرزوی شفاو بهبودی کامل داریم.

از مسوولانو مقاماتو مردم دلسوز نیز خواستاریم تا هر چه سریعتر به کمک حادثه دیدگان بشتابندو به وظایف انسانیو مسئولیت‌هایی که در این‌باره بر گردن دارند به صورت تمامو کمال عمل نمایندو همه امکانات لازم در این باره را به کار بندند تا شاید رنجهاو آلام مصیبت دیدگان تا حدی کاهش یابند.

مرکز مطبوعات اتحادیه
جوانان دمکرات شرق
کوردستان
۱۹آذر ماه ۱۳۹۱
۹ دسامبر ۲۰۱۲

# اطلاعیه‌ی ١٦ سازمان صنفی‌و مدنی شرق کردستان

## از تبعید خانواده‌ی حسین پناهی‌و اعدام فعالان سیاسی‌و مدنی کرد جلوگیری کنیم!

سازمانهای مدافع حقوق بشر!
توده‌های مبارز کردستان!
مردم نوعدوست ایران!
پارلمان کردستان!
سازمان عفو بین الملل!
سازمان جهانی مبارزه با شکنجه!
کمیسیون حقوق بشر اتحادیه‌ی اروپا!
کمیسیون حقوق بشر سازمان ملل!
احزاب‌و جریانات سیاسی!

در تداوم فشارهای رژیم جمهوری اسلامی به مردم کردستان‌و آزار و اذیت شهروندان کرد، هر روز جوانان کرد به دلایل مختلف‌و واهی بازداشت‌و در بیدادگاههای جمهوری اسلامی با احکام ضد بشری‌و ناعادلانه مواجه میشوند، این‌بار رژیم قصد دارد خانواده‌ی داغدارو میهن پرست حسین پناهی را به شهر همدان تبعید کرده‌و از زادگاه خود دور نماید. این در حالیست که طی ٦ سال گذشته حدود بیش از ٥٠ نفر از اعضای خانواده‌و نزدیکان آنها توسط نیروهای امنیتی بازداشت‌و احکام زندان از چند ماه تا چند سال بر آنها تحمیل شده است. از طرفی دیگر خانواده مذکور تهدید گردیده‌اند که به هیچ وجه حق ندارند با رسانه‌ها در رابطه با وضعیت خود گفتگو یا اطلاع رسانی کنند.

در حالیکه رژیم اسلامی ایران با تحمیل احکام اعدام‌و اعمال فشار بر زندانیان سیاسی کرد تلاش دارد جامعه‌ی ایران‌و بویژه کردستان را به سکوت وادار کند. جامعه‌ی جهانی شاهد افزایش روزافزون شمار اعدام مبارزان‌و فعالان سیاسی‌و مدنی در ایران بوده‌و هم اکنون بیش از ٣٠ جوان کرد از سوی دادگاههای فرمایشی رژیم به اعدام محکوم شده‌اند.

بدین جهت از کلیه‌ی محافل‌و مجامع بین‌المللی مدافع حقوق بشر خواستاریم که به کمک خانواده‌ی حسین پناهی‌و فعالان سیاسی دربند شتافته‌و تلاشهای خود را در این راستا بکار گیرند. همچنین از کلیه‌ی سازمانها و گروهها و آزادیخواهان میخواهیم در این شرایط حساس حمایت خود را از زندانیان سیاسی اعلام داشته و از وقوع تراژدی در کردستان ممانعت بعمل آورند. تبعید خانواده‌ی حسین پناهی، نقض اشکار حقوق اولیه‌ی انسانی است که در منشور جهانی حقوق بشر بدان اشاره شده است، بدین جهت وظیفه‌ی همه‌ی سازمانهای حقوق بشر آنست که از اجرای چنین حکم قرون وسطایی حکام جهل‌و ظلمت جلوگیری کنند.

کمپین دفاع از زندانیان سیاسی‌و مدنی
اتحادیه‌ی ملی دانشجویان کرد
جمعیت دانش آموختگان شرق
کمیته‌ی دانشجویی اتحادیه‌ی دمکرات کردستان
سازمان دانشجویان پیشرو کومله‌ی زحمتکشان کردستان
اتحادیه‌ی دانشجویان دمکرات کردستان ایران
سازمان جوانان پیشرو
جمعیت جوانان شرق
اتحادیه‌ی جوانان دمکرات کردستان ایران
اتحادیه‌ی جوانان دمکرات شرق کردستان
اتحادیه‌ی زنان دمکرات کردستان
کمیته‌ی زنان اتحادیه‌ی دمکرات کردستان
اتحادیه‌ی زنان دمکرات کردستان ایران
سازمان افق زن کرد
جمعیت زنان شرق
کمیته‌ی جوانان اتحادیه‌ی دمکرات کردستان




←

١ . ڕەقەڵە
٢ . پازدە - قین
٣ . سەرزەنشت
۴ . قووچەک
۵ . دان " ی تێکەڵاو

↓

١ . گوڵە مێلاقە بە فارسی
٢ . وەرزێکی ساڵ
٣ . پیتێکی دەنگ دار-گیانی دا
۴ . وێڵ
۵ . چڵ

ئامادە کردن : سمکۆ ئەمین سەردەشتی

**فایلی ژمارەی داهاتوو**

# هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران‌داو دەرەنجامە ئەرێنیو نەرێنی‌یەکانی؟



# نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشیو بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکوو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەوپیری مەرگەوە

ئەوا ڕۆژ هەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەنو گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

**پیرەمێرد**

LAWAN
The Organ of Democratic Youth
Union of Eastern Kurdistan
No: 48 - 49 March 2013



دژکردەوە
بە بەژنی بەرزی تابلۆیەك
ڕەنگی هەرە ڕەشیان بڕی
بێ سێ و دوو شەوی نەخشاند
ڕەنگی سووریان لەسەر پژان
سوور یادێ بوو لە شەهیدان

ڕەنگی سووریان لە سەرۆ کرد
سەرهەڵدان بوو و بووژانەوە
رقیان هەستا و چوون بۆ سپی
وتی حاشا..............شەڕ و ئاشتی
چارە ملی...................... ئاگریان دا
بەرز و پیرۆز........................تابلۆیەتر بوو بە نەورۆز
(حەسەن ئەمینی)